
# ووڵاتی بەرد

ڕۆمان

نوسینی: لوقمانی حاجی کەریم



ناوی کتێب: وولاتی بەرد

نوسینی: لوقمانی حاجی کەریم

ناونیشان: سلێمانی/کوردستان

بابەت: ڕۆمان

چاپ : یەکەم

ساڵی چاپ و ژمارەی سپاردن: ١٦٨٥ ی ٢٠١٤

چاپخانەی: کارۆ

دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان

بابەتەکانی تری نوسەر:

١- ووشەکانی ناو چاڵ/ڕۆمان/ساڵی ٢٠١٠

**٢- لەسەردەمی سەرۆکایەتیمدا/ڕۆمان/ساڵی ٢٠١٣**

**ئەم ڕۆمانە، پێشکەشە بە**

١- ئەوانەی پێیان وایە لەچاوی عەقڵەوە ڕوانین، دوواهەڵبژاردەیانە
٢- هاوسەرەکەم و هەرسێ جگەرگۆشەکەم
٣- خوێنەران
٤- ڕەوانی پاکی هۆخشتەر( کەیخەسرەو) شاهەنشای وولاتی کوردان.
٥- بەگیانبازەکانی ئەو نەتەوەیەی هەزاران ساڵە، بەرگری دەکات و تاکو ئێستا، بستێك خاکی هیچ نەتەوەیەکی تری داگیر نەکردووە.
٦- بەهەموو ئەوانەی خزمەتیان بەئەدەب و وێژە و مێژووی کورد کردووە و دەیکەن.

# وولاتی بەرد

... هارپاگۆس، پشتی دابووە بەر تاوێرێکی گەورە و هەردوو قاچی لە گابەردێك گیرکردبوو و بەهەموو هێزی خۆی، پاڵی بەتاوێرەکەوە دەنا. خیرەسی تەمەن هەژدە ساڵیش، لەلێواری تەلانەکەوە تەماشای خوارێی خەرەندەکەی دەکرد. تاوێر جولاو لەخەرەندەوە کەوتە خوارێ. ناڵەیەکی لەناو دۆڵە قوڵەکەدا درووست کرد، دەتگوت ناڵە و چەخماخەی هەورە و لە با تورە بووە. لەگەڵ خۆشیدا، ئەوەی هاتە پێشدەمی، ڕایماڵی و خلۆری کردەوە. تاگەیشتە خوارێ، ببوونە سەدان پارچەی جۆربەجۆر. لەخۆڕاش نەبوو کە سوپاکەی مەدیوسی سیسیانی، پێیان وابوو ئەوە هێرشی وورچەکانی مادە و ڕەنگە سەدان کەس بن. بۆیە، لەدۆڵەکەدا، بەسەرسوڕمانەوە دەیانڕوانییە تاوێرە خلۆربووەکان و زۆرێکیان تەنها چاوەڕوانی مەرگی خۆیان دەکرد.

لەگەڵ گەیشتنی بەردەکان بۆ خوارێ و تێکەڵ بوونی دەنگ و ناڵەی بەرکەوتوواندا، هارپاگۆس، کەوانە دووسەرە شاهانەییەکەی دەرهێنا و لەسەر پشت و ڕووە و خەرەندەکە، لەسەر زەویە بەردینەکە ڕاکشاو بەهەردوو قاچی کەوانەکەی گرت و دەستی بە پەتەکەوە گرت و تاکو لەهێزیدا بوو ڕایکێشا. خیرەس، بەپەلە، دوو تیری درێژی نوك مسی تیژی لەداری گوێز دروستکراو هێناو بنە دووفاقەکەی کردە ناو پەتەکەوە و دوو هەنگاو چووە دوواوە.

هارپاگۆس، دەستەکانی بەردا و تیرەکان، وەك تەوژمی با دەرچوون. تۆزێك بۆ سەرەوە و پاشان، بەرەو ناودۆڵی خەرەندەکە کشان. پێش گەیشتنی تیرەکان بە خوارێ، هارپاگ، ئامادەبۆوە و دووتیری تریان هاویشت و هەردووك دەستیان کردەوە بە خلۆرکردنەوەی بەردی خڕ و زەلامی تر.

لەخوارێڕا، مەدیوس، هاواری لێ بەرزبۆوە و ووتی" ئەوە مەتینیەکان میدین. هێرشی وورچە و تۆزێکی تر پڵنگەکان دەگەنە ئێرە. بەپەلە بکشێنەوە".

جەنگاوەرەکان، زۆرێکیان پێکرابوون و هەندێکیان هەرلەوێدا مردن. تیرەکان، دوو دوو دادەبارین و بەردەکانیش، بەلێشاو دەهاتنە خوارێ. سوپاکە، ژمارەیان، نزیکەی دووسەد کەسێك دەبوون. هەندێك بەسوواری ئەسپ و هەندێکیش پیادە. لەناو دۆڵەکەدا گیریان خواردبوو و نەیاندەزانی چی بکەن. پاش دەستووردانەکەی مەدیوس، ئەوەی توانیی فریای خۆی بکەوێت، پاشەکشەی کرد و بەرەو دەشتاییەکەی ئەودیو خەرەندەکە، بۆی دەرچوون.

هەر کە سوپا تێکشکاوەکە، گەیشتنە دەشتاییەکە، مەدیوس، ووتی" زیانمان چەندە؟".

سەرلەشکرێکی ڕیش هۆنراوەی تێکسمڕاو، بەگیانی خوێناویەوە، کەبەردێك بەر سەر و پارچەیەکیش بەر دەستی کەوتبوو، ووتی" شاهەنشا پایەدار بێت. یەك لەسەر سێی سوپاکەمان تێدا چووە".

مەدیوس، سەرێکی بادا و دەستووری دا" ئاراستەکەمان، لە سیلەی کێلەشینەوە بەرەو زاوی چەمێ دەگۆڕین و لەوێوە بەبناری شارەزووردا بۆ هەگباتان".

سەرلەشکر، کەلە مەدیوسی دەڕوانی ووتی" سەروەرمان، ئەی کوژراو و بریندار و سەربازە بەجێماوەکانی ناو خەرەندەکە چییان بەسەر دێت؟".

مەدیوس، ناوچەوانی خۆی گرژ کرد و چاوێکی تورەیی تێبڕی و ووتی " تۆ تەنها فەرمانەکانم جێبەجێ بکە". پاشان خەمساردانە ووتی " لەبیریان کە".

خیرەس و هارپاگۆس، بەسوپا تێکشکاوە ترساو و هەڵاتووەکەیان هەڵدەڕوانی. پاش دڵنیا بوونەوەیان لە ڕۆیشتنیان، بەپەلە، بەبان گابەرد و لاتەنیشتی تەلانەکەدا چوونە خوارێ. هەرکەگەیشتن، شمشێرەکانیان لەکێلانەکان دەرهێنا و بە ووریاییەوە وورد وورد لە سەربازە کوژراو و بریندار و ئەسپ و هێستر و بارە بەجێماوەکانیان دەڕوانی. لەبن تەلانەکەدا و لەنێوان دوو تاشەبەردی لافاوهاوردەدا، دوو سەرباز دەرپەڕین. دیار بوو، هەر کە بەردەکان هاتبوونە خوارێ، خواوڕاستان، ئەو بن گابەردەیان کردبووە پاسارێك بۆ خۆتێدا شاردنەوە و پارێزگاری لەمانەوەی خۆیان.

سەربازەکان، شمشێرەکانیان دەرهێنا و بەرەوڕووی خیرەس و هارپاگۆس، نەعرەتەی جەنگیان کێشا. خیرەس، دەستی لە هارپاگۆس بەرزکردەوە و پێی ڕاگەیاند" بۆمنیان دانێ".

خیرەس، شمشێرەکەی بەهەردوو دەستی توند گرت و بەرامبەریان، وەستا. قاچی چەپی نەختێك بۆ پێشەوە لەزەوییەکە گیر کرد و تۆزێك نوشتانیەوە. قاچەکەی تریشی نەختێك بۆ لەدوواوە لاونیو دانا و بەرەو سەربازی یەکەم، کەهەڵمەتی هێنابووە سەری، بازێکی توندی دا و پڵنگ ئاسا، هەڵقونیەوە و چی هێز لەجەستەیدابوو، خستییە سەر پانتایی چەقی قورسایی شمشێرەکەی و شمشێرێکی بۆ تەپڵی سەری داوەشاندەوە. سەربازەکە، بۆ ڕاگرتنی شمشێری بەرامبەر، شمشێرەکەی خۆی دایە بەری. بەڵام، شمشێرەکەی لەدەست پەڕی و بێ ئەوەی ئاگای لێبێت، خیرەس، بەلەقەیەك، کەلەسەر سینگیدا، خستی بەزەویدا و نوکی شمشێری تیژی پۆڵاینی خستە سەر گەردنی.

سەربازەکەی تر، بۆ ڕاگرتنی کوشتنی هاوڕێکەی، کەئەو دەم نزیك ببۆوە، شمشێرێکی ڕاوەشاند. بەڵام، هەر ئەوەندەی زانی، خیرەس، قەڵەمبازێکی داو تا گوڕی تێدابوو خۆی بەرز کردەوە و پێلەقەیەکی لەتەپڵی سەریدا. بەهۆیەوە، تەرازووی خۆی لەدەست داو و کەوتە سەرزەوی.

خیرەس، شمشێرەکەی توند بەهەردوو دەستی گرتبوو و پاشەو پاش، چووار هەنگاو لێیان دوورکەوتەوە تا ئامادەباشی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تر. بەڵام، هارپاگۆس، هاواری لەسەربازە بەزیوەکان کرد کە هێشتا لەسەر زەویەکە هەڵنەستابوونەوە" هەستن و لەبەردەم کەیخەسرەوی شاهەنشای مەزندا، چۆك دابدەن و داوای لێخۆشبوون بکەن".

جەنگاوەرەکان، وەك ئەوەی لەجێگایەکی بەرزەوە کەوتبنە خوارێ، تاسان. ئەبلەق بوون و بەبێدەنگی لەسەر زەوییەکە بەقەدوباڵای ئەو پاڵەوانەدا هەڵیان دەڕوانی کەبەدەستی بەزیبوون و دەریش کەوت کەیخەسرەوە. پاش دەمێك ڕامان، هەستانەوە سەرچۆك و کڕنۆشیان برد.

کەیخەسرە و باڵایەکی بەرز و پرچێکی زەردی ئاڵتونی و ڕیشێکی پڕ و سمێڵێکی تەنکی هەبوو. دووپێ، لەباڵای مرۆڤەکانی تر کەڵەگەت تر و دەست و بازوویەکی پتەو و ئێسکی کەمێك پان بوو. خێراو گورجوگۆڵ بوو. جوتێك چاوی کاڵ و دووبرژانگی درێژ و دووبرۆی کەوانیی پڕ و تێکەڵ بەیەکبووی هەبوو. ڕەنگی زەردباوی، ڕەسانەیەتی مادی دەردەخست. لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا بوو کە

فرەڤەرتیشی شاهەنشای باوکی، لەجەنگی دژ بە ئاشوریەکاندا بەدیل گیرا و پاشان بەفێڵێك لەشام، بەئەنقەست کوژرا.

هارپاگۆس، سەرلەشکری سوپای ماد بوو. تاکە کەس بوو لەجەنگەکە ڕزگاری ببوو. دەیگێڕایەوە و دەیگوت، کاتێك، سوپای ئاشووریەکان، بە بیست و پێنج هەزار سەربازەوە، لەنزیکی قەڵای ئەربائیلۆ، بەرەنگاریان بوونەوە، شاهەنشا فرەڤەرتیش ووتی، " نەگەرێن بۆ من! من کوردم، ئەوانەی ناترسن لە مردن و خۆبەخت کردن لە پێناوی سەربەرزی نەتەوەکەیان، کورد کەسێکە درۆ ناکات، ئازا و سەربەرزە و گیانی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی ژیانێکی سەرفراز و ئاسودە بۆ نەتەوەکەی لە سەر ئەم وولاتی بەردەی ماد کەنیشتمانی باوک و باپیرانییەتی".

دەیگوت" لەجەنگەکەدا، ئێمە، تەنها شەش هەزار کەس بووین. بەرگەی دوومانگ جەنگی بەردەوامامان گرت و زۆرێکمان لەسوپاکەی ئاشوور کوشت. بەڵام، داخەکەم شاهەنشا، بەتیرێك پێکرا و لەسەر ئەسپەکەی لەکاتی غارا، کەوتەخوارەوە و دەستگیر کرا. ئەمەش، وورەی جەنگاوەرەکانی ڕوخان و ناچار بوون خۆیان بدەن بەدەستەوە. من، زۆرم هاوارکرد کە خۆیان نەدەن بەدەستەوە. بەڵام، کێ بەکێ بوو! کەس گوێی لەمن نەگرت و ئەوە بوو هەموویان بەدیلی کوشت. من خۆم نەدا بەدەستەوە و هەڵاتم. شاهەنشاش، پاش چاکبوونەوەی، لەزینداندا، بۆ شام دوورخرایەوە و بەفێڵێك کە گوایە چەتە هاتوونەتە ڕێگایان، ڕەوانی پاکیان لەجەستەی دەرهانی".

دەیگوت" شاهەنشا، لەسەرەتای جەنگەکەدا، لەپێدەشتی نزیك قەڵای ئەربائیلۆ، هەموو سەرکردەکانی کۆکردەوە و پێی گوتین: ئێمە، مەزدا پەرستین. مەزداییەکان ئەوکەسانەن کەبەردەوام ژیان و بیرکردنەوەیان نوێ دەبێتەوە. ڕاستی لەبیر و هۆشیاندا، گومانیان پێ لەنهێنیەکانی دەوروبەر زیاد دەکات. بۆیە دەکرێت ئێمە لەو کەسانە بین کە بەشێکین لەئاهورا. ئەم جەنگەش، ململانێیە لەنێوان ئاهورا و ئەشتاری ئاشووردا، لەنێوان ئاشووری زۆردار و مادی ستەم لێکراودا. لەنێوان چاکەی ئێمە و خراپەی ئەواندا. لەنێوان ئێمەی خاوەن خاك و ئاشووری داگیرکەردا. ئەگەر نەشی بەینەوە، ڕووبەڕووبوونەوەمان، بەشێکە لەبردنەوەمان".

دەیگێڕایەوە و دەیگوت" شاهەنشا، ڕووی کردە سەرکردەکان و گوتی: شمشێر، وەك تاکە هێزی ئەم سەردەمە و بۆ هەزاران ساڵ، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و بەیەکەوە ژیان. ئێمە، خاوەنی ئەندێشەی هەزارساڵەین. ئەگەر هێزمان نەبێت، ئەوا ناتوانین دید و تێڕوانینەکانمان بۆ ژیان، لەسەر ئەم خاکە و لەناو کۆی مرۆڤگەلی جیهاندا بەرجەستە بکەین. بۆیە، بجەنگن تاکو ئاشتی و ئارامی بەدەست دەهێنن. گیرخستنی ئاشتی، بەنەبەردی ئێوەوە بەندە. ڕزگاری، هێشتنەوەی شکۆی دانیشتوانی سەر ئەم خاکەیە. کەشکۆش تێکشکێندرا. ئەوە ئێمەیان لە مرۆڤ بوون داماڵیوە".

ئەو دەمەی شاهەنشا، گوتاری دەدا، تەتەرێك، نامەیەکی بەپەلەی لەلایەن ئاشوورپانیباڵەوە هێنا. نامەکە، تێیدا نوسرابوو: خۆتان بدەن بەدەستەوە و ئێمەش، گیانتان دەپارێزین.

شاهەنشا، بەخلدی، وەڵامەکەی بۆ نوسیەوە و تێیدا هاتبوو" ئێوە، دڕندەکانی سەرزەمینێکی نەناسراون. هاتوونەتە سەرخاکەکەمان و پیستان کردووە. ئێمە، جەنگاوەرە پاڵەوانەکانی ماد، تا مردن دەجەنگین تا دەستان پێ لەکوشتن و کۆیلەکردن و تالانی پێ هەڵدەگرین و بەئێجگاری وەدەرتان دەنێین. ئەگەر لەم جەنگەشدا، هەموو تێداچووین و ئێوە بردتانەوە، ئەوا نەوەکانم، لەپاش خۆم، تۆڵەتان لێ دەکەنەوە".

هارپاگۆس، هەموو ئەوانەی بەووردی بۆ کەی خەسرەو، گێڕابۆوە. دەشیزانی کە دڵسۆزترین کەسە نزیکەکانی باوکی بووە و سوارچاك و پاڵەوانێکی بێوێنەو خزمەتکارێکی مادە. هەر لەبەر ئەمەش بوو، کردبوویەوە بە سەرلەشکر.

کەی خەسرەو، شمشێرەکەی خستەوە ناو کێلانەکەی و ووتی" هەستن".

سەبازەکان هەستان و لەبەرامبەر کەیخەسرەودا وەستان. ئەویش، پێی ووتن" لەکوێ بوون و بۆ کوێ دەچوون؟".

یەکێك لەسەربازەکان، ووتی" من ناوم خۆسارۆسە و ئەویش هۆشاری برامە. لەگەڵ مەدیوسی سکتیی نەتەوەی سیسیانیدا لەئەربائیلۆوە بەرەو هەگبەتان دەگەڕاینەوە".

کەیخەسرەو، بەسەرسوڕمانەوە پرسیی: ئەربائیلۆ! چیتان دەکرد لەوێدەر؟ ئێوە، مادن. بۆچی لەگەڵ مەدیوسی سکتییان؟

خۆسارۆس، ووتی: ئێمە، لەکاتی دەستبەسەراگرتنی قەڵای هەگبەتاندا، بەدیل گیراین و لەبەرامبەر شەڕکردنمان بۆ مەدیوس، ئازاد کراین. ئێستاش، لە ئەربائیلۆ دەگەڕاینەوە. مەدیوس، لەلایەن پانیباڵی پاشای ئاشاوورییەوە بانگهێشت کرابوو بۆ پڕکردنەوەی قەواڵەیەك لەنێوانیاندا و ڕێککەوتنیان مۆر کرد.

کەیخەسرەو ووتی: قەواڵە؟ قەواڵە بۆچی؟ لەسەر چی ڕێککەوتنیان مۆر کردووە؟

خۆسارۆس، کەئەودەم، هێشتا هەناسەی ماندوێتی دەدا و جەستەی شەڵاڵی عارەق بوو. تف لەگەروویدا ووشك ببوو و تینوێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو. بەترسەوە داوای ئاوی کرد. هارپاگۆس، جەوەنەکەی خۆی، کەبە پەتێکی ئاوریشم بەستبووی، لەپشتی کردەوە و دایە دەستی. ئەویش، قومێکی قوڵی لێدا و دایە دەستی هۆشاری برای. ئینجا، دەستی کردەوە بە وەڵامدانەوەی شاهەنشا.

ئێمە، نزیکەی دوو مانگ لەقەڵای ئەربائیلۆ بووین. لەسەر دەستی خوداوەندی ئەشتار و لەناو پەرستگاکەدا، پانیباڵ و مەدیوس، لەقەواڵەیەکدا، ڕێککەوتنیان مۆرکرد. هەڵبەتە ڕێککەوتنەکە، لەسەر ڕادەستکردنەوەی تۆ و سنووری وولاتی ماد، بەفەرمانڕەوایی مەدیوس و سەرانەی ساڵانەی شانشینەکە بوو. پاشان، بەترسەوە ووتی: تکایە مەمانکوژە. ئێمە سوێندت بۆ دەخۆین. تا لەژیاندابین، خزمەت بەتۆ بکەین.

کەیخەسرەو، دەستی کردە سەر دەسکە لەزێڕ دروستکراوەکەی شمشێرەکەی و ووتی: من، ئێوە دەبەخشم. چونکە ئێوە سەرمایەی

ئەم نەتەوەیەن. ئەوەی لەسەرتانە، ڕاستگۆییتانە بۆ من و دڵسۆزیتانە بۆ ماد. ئێستا، کەئێوە هیلاکن و ڕەنگە برینداریکی زۆریش هەبێت کە پێویستییان بە چارەسەر و هاوکارییە. پاش ئەوە، هەڵدەگەڕێینەوە بە زنجیرە چیاکەدا و لەئەشکەوتە نهێنیەکە، هەموویم بۆ باس بکە.

بریندارێك، تاشەبەردێك بەر ڕانی کەوتبوو و گردەبڕ شکاندبووی. هاوار و ناڵەناڵی بوو و داوای یارمەتیی دەکرد. یەکێکی تر، تیرێك لە سکی دابوو و خوێنی لێ دەچۆڕا. یەکێکی تر، کەوتبووە ژێر ئەسپەکەی و لەگیانداندابوو. هەندێك بەهۆی بەردەوە و هەندێك بەهۆی بەرکەوتنی تیرەوە گیانیان دەرچووبوو. کەیخەسرە و هارپاگ و هەردوو جەنگاوەرەکە، دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی بریندارەکان و یارمەتیدانیان.

کەیخەسرەو، هەر لەمنداڵییەوە لەسەر تیرهاویشتن و ئەسپسواری و شمشێربازی ڕاهێنرابوو و وانەی پزیشکیشی لەلای پزیشکی شاهانە فێرببوو. چوو بەلای قاچ شکاوەکەوە و بەخەنجەر دوو داری بۆ چاك کرد و بە پارچەیەك پەڕۆی ئاوریشمیی خۆی، بۆی بەست و پێی گوت" ئەوە قاچم بۆ گرتوویتەتەوە. ووریابە، مەیجوڵێنە. هەرکەسێك لێرەوە هات، بابتبات بۆ جێگایەك و تێیدا پشوو بدە. ماوەی یەك مانگ. مەیجوڵێنە. پاشان وورده وورده دەگیرسێتەوە و چاك دەبێتەوە. بەڵام، بیرت نەجێت! خزمەتی یەکێك مەکە بەجێت بهێڵێت و گرنگیت پێ نەدا".

سەربازەکە، پرسیی: تۆ کێیت ئەوەندە دڵت پڕە لەبەزەیی؟

وەڵامی دایەوە و ووتی" من، کەیخەسرەوی شاهەنشای مادم".

سەربازەکە، هەرچەندە ئازارێکی زۆری هەبوو، بەڵام، لەتاوا دەستیکرد بەگریان و ووتی" هەر کەچاك بوومەوە، دێمەلات و تەواوی ژیانم لەخزمەتکردنی تۆدا بەسەر دەبەم".

هەرچوواریان، کۆمەڵێك ئەسپ و هێستری پڕ لەشتومەك و چەکی هەمەجۆر دووای یەکتری خست و بەتولەڕێیەکی کەمێك عاسێدا، بەکەناری زنجیرە چیاکەدا، بەرەو ئەشکەوتە نهێنییەکە کەوتنە ڕێ.

هەر کەنزیك بوونەوە، کۆمەڵێك، جەنگاوەر، بەرەو پیریان هاتن و ئەسپ و هێسترەکانیان لەدەستیان وەرگرت. پاشان، بەرەو ئەشکەتەکە چوون.

ئەشکەوتەکە، ڕوو بەرەو ڕۆژهەڵات، بەقەد چیاکەوە بوو. دەورووبەری بەجەنگاوەری دەستلەسەرسینگ و چاپوك، دەورەدرابوو. لەسەرەوە بە پەیژەیەکی گوریس، بۆی دەچوویتە خوارەوە. لەخوارێڕا نزیکەی چووارسەد پێ بەرز بوو. دەرگای ئەشکەوتەکە، بەبەردی مەڕ مەڕ، نەخشێندرابوو. لەناوەوە، چەندین ژووری تێدا تاشرابوو. تەختێکی لەبەرد تاشراو، لەژووری یەکەمدابوو، لبادێك لەژێرەوە و لەسەریشەوە بە کەوڵی پڵنگێك داپۆشرابوو. تابلۆیەکی فاراهەر، بەتەختی سەرەوەی ڕووکاری دیوارەکەوە، کێشرابوو. باڵەکانی، پڕاوپڕ بەئەندازەی درێژیی تەختەکە بوو. ژووری یەکەم، دوانزە مەتری چووارگۆشەبوو. لەوێوە دالانێك تاشرابوو. بەم بەر و ئەوبەری دالانەکدا، هەشت ژوور هەبوون و بەپشتتیرێك کۆتاییان پێ دەهات. ژورێکیان تایبەت بوو بەئاو. حەوزێکی تێدابوو. بەدڵۆپەی ئاوی

سەرەوەی پڕ ببوو. ژووری نوستنی پاشا و دیوی کۆبوونەوەی سەرکردەکان و دیوی پەرستگا جودا بوون. بێجگە لەوەی ژووری سەبازە ئێشکگرەکان و میوانی تایبەتیش جووداکرابوونەوە و پشتیرەکەش، دانەوێڵە و خواردنی پاشەکەوتکراوی تێدا هەڵگیرابوو. لەژووری یەکەم، ئاگردانێکی تێداهەڵکەندرابوو. بەناو دیوارەکەدا لولەکێشییان بۆ کردبوو. لولەکە لە گڵی گۆزە دروست کرابوو. لەناوەراستی ژوورەکەشدا، پایەیەکی بەردین هەبوو. چەندین گاتای تێدا هەڵکەندرابوو. هەرکەسێك بچوبایەتە ناو ئەو ئەشکەوتەوە، سەری لەو هەموو بەردتاشییە سوورڕدەما کە هیچ ئەندازیارێك لەوکاتەدا نەیدەتوانی کارێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدات.

پاشا، لەسەر تەختەکە دانیشت و دەستووریدا ئەو پوشە خورمایەی لەهێرشەکەدا وەك یەکێك لەدەستکەوتە نایابەکان بۆیان بەجێ مابوو و ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان، بیهێنن تاکو هەمووان لێی بخۆن. پاشان ووتی: خۆسارۆسم بۆ بانگ بکەن.

خۆسارۆس، بەپەیژە لەگوریس دروستکراوەکەدا لەگەڵ جەنگاوەرێکدا، هاتە خوارێ. چووە بەردەم پاشا و کڕنۆشی برد.

پاشا، ووتی: خۆسارۆس، تۆ ووتت ماوەی شەش مانگ لەئەربائیلۆ بوویت. دیارە ئێستا، شارەزایی باشت لەناو قەڵاکە و دەوروبەری هەیە. دەتوانیت، بەووردی نەخشەی قەڵاکەم بۆ بکێشیت؟

خۆسارۆس، سەری هەڵبڕی و ووتی: بەڵێ پایەدار. بەووردی بەناو قەڵاکەدا گەڕاوم و وەکو لەپی دەستی خۆم شارەزام.

پاشا داوای چەرمێك و سوزنێك و ڕەنگ و چەقۆی هەڵکەنینی کرد و هێنایان.

خۆسارۆس، بەدەم هەڵکەنینی نەخشەی قەڵاکەوە ووتی" قەڵای ئەربائیلۆ، قەڵایەکی زۆر سەختە. تەنها یەك دەرگای چوونەژوورەوەی هەیە ئەویش، لەباشووریدایە. قەڵاکە، وەك لە پەرستگای ئەشتار نوسرابوو و خوێندمەوە، بەدەست دروست کراوە. بە چووار ساڵ دروست کراوە و لەکاتی دروستکردنیدا، ڕۆژانە هەزار کەس کاری تێدا کردووە کە هەموویان دیلی جەنگ بوون و کرابوونە کۆیلە. بەرزیەکەی پەنجا یاردی بازنەییە. تیرەی قەڵاکە یەك هەزار یاردە. چووار شوورەی سەربازیی، لەهەر چووارلاوە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور و لەهەر دە یاردێکدا سەنگەرێکی بەرگریی پتەوی لێیە. تەنها یەك شاڕێگای لێیە بۆ ناوەوە، ئەویش، ڕێگا سەرەکییەکەیەتی و دەرگاکەشی بەداری خورمای ئەستوور و بە هەشت چین دروست کراوە. دەوروبەری قەڵاکە، بەقوڵایی سەد پێ، چاڵێك، بەپانتایی هەشت گالیسکەی تاکی، لەدەرەوەی قەڵاکە هەڵکەندراوە.

بیست و سێ کۆشك و تەلاری لێ دروست کراوە. کۆشکی پاشا، دەکەوێتە قەراخی ڕۆژهەڵاتی سەر بیرێك کەلەناوەڕاستی قەڵاکەدا هەیە. بیرەکە، پەنجا یارد قوڵە و بەپلیکانەیەکی بازنەیی بۆی دەچنە خوارەوە بۆ ئاوهێنان. ئاوەکەی لەکارێزێکەوە، لەژێر زەمینەوە، بەدرێژایی یەك ڕۆژەڕێ، بۆ هاتووە کەبەژێر شاڕێگەکەدا چووەتە ناوەوە.

دوو پەرستگای تێدایە. پەرستگای ئەشتار لە باکوورییەوە و پەرستگای خوداوەندی مانگیش لە ڕۆژهەڵاتەوە. کۆی گشتیی تەواوی سەربازەکان لەو قەڵایەدا نزیکەی یەك هەزار سەربازی هەمیشەیین.

ئەگەر، هەرکەسێك بیەوێت قەڵاکە داگیر بکات، ئەوا تەنها لەشارێگەی سەرەکییەوە دەتوانێت هێرشی بۆ بکات.

بەدەم ئەم قسانەوە، خۆساڕۆس، نەخشەکەی لەسەر پێستە خۆشکراو و ئامادەکراوەکە هەڵکەند و دایە دەستی پاشا.

پاشا، بەووردی لەنەخشەکەی هەڵڕوانی و ووتی: هەموو سەرکردەکان بانگ بکەن.

دووانزە سەرکردە، لەماوەیەکی کەمدا، کۆبوونەوە. پاشا ووتی: پانیبباڵ و مەدیوس، لەقەڵای ئەربائیلۆ، بەیەکەوە ڕێککەوتنیان مۆر کردووە. ئەمە، خۆبەدەستەوەدانێکی تەواو و داگیرکردنێکە بەیاسا دەکرێت. ئەگەر بێت و کۆتایی بەمەدیوس نەهێنین، ئەوا، ماد، کۆتایی پێ دێت. هەربۆ ئەو پرسەش، ئەمشەو، نەخشەی چوونەوەمان بۆ هەگباتان و لەناوبردنی تەواوی سەرکردەکانی سیسیانی دادەڕێژین.

کەیخەسرەو، برژانگە درێژ و پڕەکانی، وەك چیغێك کە چیغچنێکی شارەزا بۆ پەرژینی زستانێکی سەختی نێوان مێگەلێك مەڕی برسی و بەرخەلێکی تازەزاودا، بەتایبەت، چنیبێتی و نێوانیانی بەقەد تاڵەمویەك نەهێشتبێتەوە و لەگەڵیدا، نەرمیەکی بە مێوی پاڵیت پێ بەخشیبێت، لەسەر چاوەکانی دانا و پاش دەمێکی باش لەداخستنیان، هەڵیبرپینەوە. چاوەگەورە کاڵەکانی، تێکەڵ بەتریسکی گڕی ئەو ئاگرە ببوو کەلە ئاگردانەکەوە، بڵێسەی دەدا. پڕ بوون لە ماندوێتیی پیاوێکی بەئارام. پیاوێك، لەنێو تۆپەڵێك ڕووداوی پاشماوەی باپیرانیدا، دەیەوێت سەوڵی سەرووشکانیی بەلەمێکی خەیاڵاوی بگێڕێتەوە ناو دەریایەکی هێمن و بەرەو ئاراستەیەکی ڕوون پاڵی پێوە بنێت. دیوارە تەختەییەکانی بەلەمەکە و تەختەکانی دانیشتنی بکاتەوە بەناسنامەی ناسینەوەی ڕێبوارەکانی ناوی. تاکو لەئایندەدا، هیچ ئاشوورییەك داگیریان نەکات و هیچ سیسیانیەك نەیانکوژێت.

کەیخەسرەو، ڕووی کردە سەرکردەکان و ووتی: ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ڕاستی، ناتوانێت بەوەستاوی، لەبووندا خۆی بەرجەستە بکات. چونکە ئەو، لەناو ململانێی خودنوسینەوەکانی کۆی مرۆڤگەلی ئەم سەرزەمینەدا، بەردەوام دەگۆڕێت. ئێمەش، پێویستە بەپێی سەردەم و کات، جەنگەکەمان درێژە پێ بدەین. چونکە، ئەگەر نەتوانین بەردەوام بین، ئەوا ناتوانین خۆمان بسەلمێنین. ژیان، لەئێستادا بۆ ئێمە بریتییە لەجەنگ. جەنگیش پڕە لەئازارێك کە هاوەڵی مەرگە. ئەگەر نەیچێژین، ئەوا ئەو ئێمە هەڵدەمژێت و وەك خۆشاوی ترێ، دەمانخواتەوە. ئێمە لەبەردەم زاری خواردنەوەیەکی بەهێواشداین کە ملدانمانە بەکۆتایی. ئەگەر باوەش نەکەین بەمەرگدا، ڕزگارمان نابێت.

کەیخەسرەو، لەسەر نیشتمانێکی زەوتکراو و داگیرکراو، چووبووە ناو کۆی ئەندێشەکانی خەڵکەکەیەوە. تەواوی ڕقی لەناو پەنجەکانی

دەستیدا کۆکردبووەوە و بەهەموو هێزی لەناولەپیدا خڕیکردبوونەوە. برۆ تێکەڵەکانی هێند لەیەك نزیك ببوونەوە، دەتگوت هەر لەئەزەلەوە وەك منداڵێکی یەك برۆ لەدایك بووە. جارێکی تر چاوی بڕییەوە ئاگردانەکە و ووتی: من، دەپرسم، ئایا ئازار، چێژە لەململانێ و جەنگ؟ یان، مەرگ، مەودای نێوان خۆشگوزەرانی و نەهامەتییە؟ ئەوان، بەدرێژایی چەندین سەدەیە دەمانکوژن. کەچی هێشتا زەماوەند بۆ بەقوربانیکردنمان دەگێڕن! ئەوان، دەستیان لەهیچ خراپەکارییەك نەپاراستووە و نایپارێزن. ئێستاش، نۆبەی ئێمەیە. پێویستە کۆتایی بەم ڕۆژە ڕەش و لیخنە بهێنین!

پەخشانپا، ژنەسەرکردەی دەستەچەپی کەیخەسرەو، سەرۆکی سوارەکانی تاك مەمك! لەبەرامبەر کەیخەسرەو و لەنێوەندی هەردوانزە سەرکردەکەدا، هەردوو ئەژنۆی چەقاندبووە سەر زەوییە بەردینەکە و هەردوو پاژنەی پێکانی کردبوونە کۆڵەکەی سمتی. دەستی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دانابوو و بەدەستی ڕاستیشی مسکۆ زیوینییەکەی شمشێرەکەی گرتبوو کە لەناو کێلانەکەیدا نوکەکەی بەزەویەکەوە نوساندبوو، ووتی: خۆشەویستی هەمووان! تۆ، فەرمانم پێ بکە تاکو هەرئێستا، خۆم و سێسەد ژنە جەنگاوەرەکەی تاك مەمکان، بچینەوە بۆ هەگباتان و کەللەی سەری مەدیوسی ناپاك و تەواوی سەرکردەکانی سیسیانیت بۆ بهێنمەوە.

پەخشانپا، تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو و سەرۆکی لەشکری وورچە سپییەکان بوو، کەجەنگاوەرانی سوپای ژنانی تاك مەمك بوون. ئەو سوپایە، کە سێسەد کەس بوون، تەواویان ژنی تاك مەمك بوون. هەر لەکاتی لەدایك بوونیاندا، مەمکی ڕاستیان داخ کردبوون تاکو وەك پیاوێك دەستی ڕاستیان، بۆ شمشێر و ڕاکێشانی پەتی کەوان بەکار بهێنن. ئەوان، خێرا و بەهەڵپە و چاوکراوە و زیرەك و ووریا بوون. جێگەی باوەڕی کەیخەسرەو و پارێزەری جێنشینی تەختی پادشایەتی ماد بوون. وێرای ئەمانە، بەشێکی بنچینەیی سوپا نهێنییەکەی کەیخەسرەویان پێك دەهێنا کە دەیانتوانی بەرامبەر یەك هەزار سەربازی ئاشووری بجەنگن. پۆشتە و خاوەن ئەزموونی جەنگ بوون و بەردەوامیش ڕاهێنانی سەختیان ئەنجام دەدا. هەموو، سەرتاپا جلوبەرگی سپییان دەپۆشی و سووارەی سێسەد ئەسپی سپی بوون. هەندێکیان خەڵکی ئەنشانی ئیلام بوون و هەندێکیان ئارەبخایی و هەندێکیان شارەزووری و هەندێکیشیان دەماوەندی و هەندێکیشیان هەگباتانی بوون.

کەیخەسرەو، لەجێگاکەی خۆی، هەستایە سەرپێ و لەزارکی ئەشکەوتەکەوە بەدەرێی ڕا هەڵڕوانی و ووتی: ئێمە، لەسبەینێوە، بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەکۆبوونەوەی بەردەوامدا دەبین. نەخشەی هێرشی هەگباتان و ئارەبخا و ئەربائیلۆ، دادەڕێژین. پێش هەرشتێکیش، بەپەلە، هەواڵدەرەکان بنێرن، تاکو تەواوی دەستە جەنگاوەرە نهێنییەکان، لەلادێ و ئەشکەوت و حەشارگەکاندا خۆیان بپێچنەوە و بەچەك و پێداویستیەکانیانەوە، لەماوەی پێنج ڕۆژدا، بگەنە ئێرە.

سەرکردەکان، سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ کەیخەسرەو دانەواند و چوونە دەرێ. دوو کابانی نازەنینی گەنج، خوانی ئێوارێیان بۆ کەیخەسرەو هێناو لەبەردەمیدا دایان نا. خوانەکە، تێگوشاوی نان و فرۆجاو بوو لەگەڵ گۆزەڵەیەکی پڕ لەئاودا.

شەوداهات و کەیخەسرەو، بەدیار ئاگردانەکەوە، دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە تریسکە ئاگرە سوورەکان. دەنگی شاهۆیەك، تاریکایی چیا و دۆڵەکانی دەوروبەری بڕی و قیژەی گەیشتە لای کەیخەسرەو. ئەویش، بەپەلە چووە دەمی ئەشکەوتەکە و بەتاریکاییەکەیدا هەڵڕوانی و فیتویەکی کرد و قۆڵی ڕاستی، بۆ دەرەوە وەك هەڵخستن، ڕاگرت.

شاهۆیەکی تەمەن چووار ساڵ، لەسەر قۆڵی نیشتەوە و نامەیەك بەلاقی ڕاستیەوە بوو. کەیخەسرەو، نامە بچوکە پێچراوەکەی کردەوە و پارچەیەك گۆشتی مریشکی کوڵاوی لەسەر سینیی خوانەکەی هەڵگرت و بۆ شاهۆکەی ڕاداشت و ووتی" ها بگرە هاوڕێم. سەفەرێکی دووردرێژت بڕیوە. دەزانم ماندوویت. ئەمە بخۆ و بحەسێوە. سبەینێ دەچیتەوە سەفەرێکی تر". پاشان، لەسەر تەختەکەی خۆی بەرهەڵدای کرد.

نامەکە، تەنها هەشت پیتی تێدا بوو. کەهەر یەکە و لەمانادا ڕستەیەکی پێك دەهێنا. کەیخەسرەو لەبیری خۆیدا، مانای ووشەکانی لێکدانەوە و کردنییە ڕستە و ئەمەی لێ پێك هێنا( هەشت هەزار جەنگاوەری ئاشووری، هەندێك سووار و هەندێك پیادە. بڕ چەك و پۆشتە. بەسەرۆکایەتی ئاشوورپانیباڵ، لەنەینەواوە بەرەوئارەبخا دەچن).

کەیخەسرەو، فەروەیەکی سپیی لەچەرمی وورچ لەبەر کرد و بەپەیژە گوریسیەکەدا چووە سەرەوە و بەناو سەربازە ئێشکگرەکاندا، کە لەهەر قوژبنێکدا ئاگرێکیان بەداری بەڕوو کردبۆوە، ڕەت بوو و بەرەو لوتکەی چیاکە ڕۆی.

هەرچەندە هاوین بوو، بەڵام هێشتا لەسەر لوتکە و قەدپاڵە نشێوەکان، بەفری دەیان ساڵی بەسەریەکداکەوتووی بەستووی ڕەنگ چڵکنی بۆری لێ مابوو. لەزۆر جێگادا، فوارەی ئاو دەهاتە دەرێ و لرفە لرفی، دۆڵەکانی پڕ کردبوو. دەنگی زیکزیکە و فیشکە و خشەی ناو پوش و پەڵاشی مار و فڕەی باڵی پەلەوەری لانەلێوونبوو و گیزەی مێشولە و گڤەی شەماڵێکی هێواش، تێکەڵ بە دەنگی پێکانی ئەم دەبوون کەبەناو پاوانی دەستلێنەدراوی پوش و پەڵاشی ئەو دەڤەرەدا ڕەت دەبوو.

گەیشتە ئەو جێگایەی کە بەرزترین لوتکەی کێوەکە بوو. فەروەکەی داکەند و شمشێرکەی لەخۆی کردەوە و لەسەر فەروەکەی دانا. بەرەو ڕۆژهەڵات، ڕووی کردە سپیایی پێش شەبەقی ئاسمان و چاوی بڕییە کۆمەڵە ئەستێرەیەکی تیشك ووردی پڕ و دەستی کرد بەبیرکردنەوە. پاش قەدەرێك لەخامۆشی، گووتی" ئەی خوداوەند! میهرەبانیم پێ ببەخشە. لەنێوان باڵەکانی خۆتدا، کوخێکم دەوێت تابتوانم گەلەکەم لەو کوخەوە سەرۆکایەتی بکەم. یاساکانتم بە گیانی بەخشندەیی خۆتدا بۆ بنێرە. تاکو دەست والابم لە بڵاوکردنەوەی یەکسانیدا. بەبڵێسەی ڕوناکیی خۆت، ڕەوانم پاراوبکە، تاکو بتوانم سپێدەیەکی گەش، بەهاونیشتمانیەکانم ببەخشم. من دەزانم کەتۆ ئێمەت لەخۆت دروست کردووە، بۆیە ئاشتی لەئێمە داوا دەکەیت. تۆش، تۆوی ئازادیم پێ ببەخشە، تاکو لەژێر کەپرەکەیدا سوێندی بەیەکەوەژیانێکی بەرابەر و وەك یەکت بۆ بخۆین".

دەستی ڕاستی بەرەو ئاسمان و ڕووە و ڕۆژهەڵات بەرز کردەوە و ووتی" تۆ ئەی یار و یاوەر و هاودەمم! هاوڕێتیی خۆتم پێ ببەخشە، تاکو هەمیشە لەتەنیشتمدا جەوسانەوە و بەدبەختیەکانی نەتەوەکەم ببینیت. چاوی خۆتم بدەرێ، تاکو برینی قوڵی ناخی ئەو کەسانە ببینیت کە ئێستا بەدەم ئازاری سوکایەتییەوە هەرڕۆژە و چەندین جار، مردنی خۆیان لەلا خۆشترە لەژیانێکی ئاوا توڕەهات. تۆ ئەی تاکە گوێگری من، چێژی خۆتم بدەرێ. تاکو سوێی ئەو ئازارانە بچێژیت کەهەژاران و نەدارانی ئەم زێدە، بەدەست برسێتی و قات و قرییەوە دەیچێژن. ئەی شاژنی ڕوناکی، وەرە دەستی خۆتم بدەرێ. تاکو لەڕێگایەوە بتوانم هەموویان یەك پێبگرم و لەم نەهامەتییەی ژێردەستەیی و بەکۆیلەکردنە ڕزگاریان بکەم".

دەستی ڕاستی خستە سەردڵی خۆی و دەستی چەپیشی خستە سەر دەستی ڕاستی و ووتی" خەڵکەکەم، شارەگی خوێنی ئەم دڵەمن. تۆش ئەگەر ئەم دڵەت بەدەستی خۆت دروست کردووە، ئەوا تینی زیاتری بدەرێ. چونکە هەموو مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینەی مادم تێدا جێگاکردۆتەوە".

شەبەقی داو، کەیخەسرەو، لەسەر لوتکەی هەرەبەرزی ئەو چیایە، ڕوو لە ئاسمان و بەرەو ڕۆژهەڵات، تەواوی ڕازەکانی ناخی خۆی درکاند. پاش تاریك ڕوون، هێشتا هەر شەبەق بوو، وەك ئەوەی لەکارێکی گران بووبێت و پشوویەکی باشی دابێت، لەش سوکانە، شمشێرەکەی بەکەمەرییەوە بەستەوە و فەروە سپییەکەی لەبەر کردو بەرەو ئەشکەوتە نهێنییەکەی، بەنیازی گەڕانەوە، دەستیکرد بە هەنگاو هەڵهێنان. دەنگی زریکەی شاهۆکەی گەیشتێ. هات و لەسەر شانی ڕاستی نیشتەوە.

لەڕێگای گەڕانەوە، شاهۆکە هەڵفڕی و لەبان گابەردێکی زەلام نیشتەوە. وەك ئەوەی پێی بڵێ وەرە ئێرە، قریشکەیەکی کرد.

کەیخەسرەو، بەرەو گابەردەکەچوو. لەژێریدا، پڵنگێکی بینی، دووبەچکەی بچوکی ووردی لەتەنیشتەوە بوو. پڵنگەکە، لەسەر لایەکی، بەبێ جوڵە، کەوتبوو و بەچکەکانیش، کەتازە لەسکی دایکی هاتبوونە دەرێ، بەهێواشی جەستەیان دەجوڵایەوە. بەبینینی دیمەنەکە، هەڵوێستەیەکی کردو پاشان وەستا. دەمێکی کورت تێی هەڵڕوانی و پاشان، بەهێواشی لێی نزیك بۆوە. خڕەبەردێکی هەڵگرت و گرتییە تەنیشتی پڵنگەکە. بەڵام، پڵنگەکە هیچ نەجوڵایەوە. ئەمجار، هاوارێکی لێکرد. بەڵام هەر نەجوڵایەوە.

کەیخەسرەوە، شمشێرەکەی لەکێلانەکەی دەرهێنا و بەهەردوو دەستی، بۆ هێرشی لەناکاوی پڵنگەکە، توند گرتی و بەبێ چرپە و هەنگاوی بچوك، لێی نزیك بۆوە. بەڵام پڵنگەکە هەر نەجوڵایەوە. کەزۆر نزیك بۆوە، هەستی کرد پڵنگەکە، بەزەحمەت هەناسە دەدات و وەك مردبێت وابوو. بەنوکی شمشێرەکەی پشتی جوڵاند. هیچ کاردانەوەیەك نەبوو. پاش ئەوە، چووەسەری و بینی، پڵنگەکە لەگیانەدەرچووندایە.

هیچ هۆکارێکی بۆ مردنی پڵنگەکە نەدۆزییەوە. نەبریندار بوو و نە جێگای پێوەدانی مار یان هەرشتێکی دیکەی پێوە دیار نەبوو. پڵنگەکە، بەچاوە زەردە پشیلەییەکانی، سەیرێکی کەیخەسرەوی کرد

و بەتەواوی و بۆ دوواجار دایخستن. دووا چاوتێبڕینی پڵنگەکە، ئەوەی نیشان دەدا کەبە کەیخەسرەوی دەگوت" ئاگات لەمنداڵەکانم بێت. ئەوانەم بۆ تۆ بەدیاری بەجێهێشت".

کەیخەسرەو، هەردوو بەچکە پڵنگەکەی خستە ناو فەروەکەیەوە و شاهۆکەش، لەسەر گابەرەکەوە نەختێك بەئاسماندا فڕی و تەواوی ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ئەشکەوت و سەربازگە نهێنییەکە بەووردی چاودێری کردو لەدڵنیابوونی لەنەبوونی هیچ بەربەستێکی خراپ، گەڕایەوە و هاتەوە لەسەر شانی نیشتەوە. کەیخەسرەو، وەك دایکێکی میهرەبان، بەچکە پڵنگەکانی لەباوەش گرت و بەرەو سەربازگە نهێنییەکە گەڕایەوە.

کەیخەسرەو، هەردوو بەچکە پڵنگەکەی لەسەر تەختەکەی خۆی دانا و داوای شیری گەرمی بزنی، لەو خزمەتکارەکرد کە لەسینییەکی مسدا، قاوەڵتی بەیانی بۆ هێنابوو.

خزمەتکارەکە،قاوەڵتیەکەی لەبەردەمدا دانا و بەپەلە، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکەی پاشا، بەپەیژە گوریسەکەدا سەرکەوتە سەرەوە.

قاوەڵتییەکە، بریتی بوو لەدەفرێك هەنگوینی زەرد و کەرەی مانگا و ماستی مەڕ و دۆشاوی ترێ و چەند هەنجیرێکی ووشك و دووگەزۆی تازە و چووارنانی هەورامی و گۆزەیەك ئاو.

خزمەتکارەکە، پاش قەدەرێك، بە قابلەمەیەك شیری بزنەوە گەڕایەوە و شیرەکەی لەبەردەمیدا دانا. ئەویش، خێرا، هەردوو بەچکە پڵنگە ساواکەی هێنا و دەستیکرد بەشیرپێدانیان. هەرکە تێری کردن، خستنیە باوەشییەوە و لەسەر تەختەکەی خۆی، نوست.

کێشتەنگاوێکی درەنگ، کەیخەسرەو، لەخەوهەستا و ناردی بەدووی پەخشانپا و هارپاگۆسدا. هەر کەهاتن و چاویان بە هەردوو بەچکە پڵنگەکە کەوت، ڕاستەوخۆ، ستایشی پاشایان کرد و پیرۆزبایی ئەو دوو کۆرپەلەیان لێکرد. کاتێك کەیخەسرەو بەسەرهاتەکەی بۆگێڕانەوە، واقیان وڕما. هەردوك لەو بڕوایەدا بوون کە خوداوەند ئەو دوو پڵنگەی بۆ پارێزگاریلێکردن بۆ ناردووە.

کەیخەسرەو، لەگەڵ دەستهێنانی بەپشتی هەردوو بەچکە پڵنگەکەدا، ووتی" سەرلەشکر، هارپاگۆس! فەرماندەی دەستەچەپ، پەخشانپا! ئێوەم بۆ جێبەجێکردنی پلانی هێرشێکی لەناکاو بۆ سەر قەڵای نزیك گۆلی ورمێ، بانگهێشت کردووە. نەخشەکەیم داناوە و خۆم، دووجار چوومەتە نزیکی و تەواوی زانیاریەکانم لەبەردەستدان. پێویستە، دووسبەی، هێرش بکەینە سەرقەڵاکە و بیگرین".

هەردوو سەرکردەکە، بەتامەزرۆوە گوێیان بۆ باسکردنی نەخشەی هێرشەکە ڕادێرابوو. کەیخەسرەو ووتی" هەر لەئێستاوە تاکو سبەینێ، یەك هەزار سەرباز، ئامادەکەن و دەکەوینە ڕێ. پێشوەخت، سوپای سێسەد کەسیی تاك مەمکەکان، بەنهێنی، بەئەسپەکانیان پێشدەکەون و ڕێگاکان تاکو نزیك گۆلەکە، دەخەنە ژێر چاودێریی ووردی خۆیانەوە و لەهەر ماوەیەکی گونجاوی فراواندا، بەکۆترە نامەبەرەکان، زانیاریەکانمان پێ بگەیەنن.

کاتێکیش پاشماوەی سوپاکە گەیشتنە نزیکی ئەوێ، لەناو شیو و تەلانەکاندا، خۆتان مەڵاس بدەن. بەشیوەیەك هیچ کەسێك لەقەڵاکەوە، هەستمان پێ نەکەن".

کەیخەسرەو، چاوی بڕییە تریسکەی ئاگری ئاگردانەکە و ووتی" یەکەم جار، بەسەرۆکایەتی پەخشانپا، سوارەی تاکمەمکان، لەڕیزی وورچدا، پێنج جار لەسەر یەك، هێرشی تیرباران، بکەنە سەر قەڵاکە. پاشان بەبێ گوێدانە بەرگری یان هێرشی پێچەوانە، بابگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. دووای ئەوان، ڕیزبەندی پڵنگ، بەسەرۆکایەتی هارپاگۆس، دەست پێدەکات و لەهەرچووار لاوە، دەست بکەن بەسەرکەوتن بۆ قەڵاکە، بۆ پشتیوانیکردنییان، سووارەی وورچەکان، جارێکی تر نزیك ببنەوە و تیرباران دەست پێ بکەن. بەشێوەیەك، نەهێڵن، کەس توانای سەردەرهێنانی هەبێت و بەرگری لە چوونەناوەوەی قەڵاکە بکەن. ڕیزبەندی سووارەش، خۆم سەرۆکایەتییان دەکەم و هەردوولا، سوپاکە قاژ بکەن و جێگای ڕۆیشتنمان بۆ دەروازە بۆ بکەنەوە. بەو شێوەیەش، بەئاسانی دەتوانین، دەروازەکە بشکێنین، بەبێ ئەوەی بپەرژێنە سەرمان. کاتێکیش کە چووینە ژوورەوە، هەموو، داوایان لێبکەن کەخۆیان بدەن بەدەستەوە. هەرکەسێك خۆی بەدەستەوە دا، مەیکوژن و گیانی بپارێزن. چونکە، لەدووابییدا، دەبێتە بەشێك لەخۆمان".

پاش باسوخواسەکانی ئەو پەلامارە، هەردوو سەرکردەکە، کەیخەسرەویان بەجێهێشت و چوون بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکەن. کەیخەسرەویش، بەچکە پڵنگەکانی کردە باوەش و شیری دیکەی پێدان.

سبەینێ، لەگەڵ گزنگی خۆرا، کەیخەسرەو سەرکەوتە سەرەوەی ئەشکەوتەکە. سوپای وورچی سپی، بە ئەسپەکانیانەوە دەمێك بوو ڕۆیشتبوون و کۆترێکی نامەبەریشیان هەڵدابوو. لەشکری پڵنگەکان، لەئامادەباشیدا بوون. سووارەی تیژڕەوی تایبەتیش، چاوەڕوانی پاشایان دەکرد. خزمەتکارێك، ئەسپە سوورە تایبەتەکەی کەیخەسرەوی هێنا و ڕەشمەکەی دایە دەستی. ئەسپەکە ناوی دڵدڵ بوو. خێرا و چاپوك بوو. لەکاتی جەنگدا، وەك سەربازێك بەدەست و بەلەقە دەجەنگا. تا ئەوەدەمە، هیچ ئەسێك، نەیدەتوانی بەخێراییەکەی ڕا بگات. کەیخەسرەو، سوواری پشتی دڵدڵ بوو و بەدەستی ڕاستی فەرمانی بەسوپاکرد، بجوڵێن.

سوپا جوڵا و بەشێوەیەکی هەندەسی، یەك لەدووای یەك، دەستیان بەڕۆیشتن کرد. چیاکانیان بڕی و کەوتنە پێدەشت. ئەودەم، کەتازە وەرزی دروێنە کۆتایی پێ هاتبوو، وەرزێر و جوتیارەکان، بەخۆیان و هێستر و گوێدرێژ و گاکانیانەوە، خەریکی گێرە و شەنکردنی خەرمانی دانەوێڵەکانیان بوون. هەرکە سوپاکەیان دەدی، دەهاتن و دەیانپرسی" ئێوە کێن و چ کارەن؟". هەر کە وەڵامیان وەردەگرت و تێدەگەیشتن کە ئەمە سوپای کەیخەسرەوە، شاگەشگە دەبوون و ستایشیان لێ دەکردن. مەشکەی دۆ و کوندەی ئاویان بۆ دەهێنان. ئەوان، کەلەژێر زۆریی باج و دەستی هەژاریدا دەیاننالان، بەهەڵهاتنی خۆری کەیخەسرە و شادمان بوون.

تەواوی ڕێگاکان، بەسووارەی وورچی سپی، بەووردی چاودێری دەکرا. کۆترە نامەبەرەکان بەردەوام دەهاتن و هەواڵی ڕێگاوبان و

قەڵاکەیان بەنامەیەکی بچوك و لەچەند پیتێکدا بۆ کەیخەسرەو دەهێنا.

بەبێ ئەوەی سەربازەکانی قەڵا و پیاوەکانی مەدیوسی سیسیانی پێبزانن، لەکاتی خۆرئاوابووندا، لەشکرەکە گەیشتە نزیکی قەڵا و باریان خست. ئەوشەوە، بەبێ ئەوەی ئاگر بکەنەوە، پشوویان داو لەگەڵ دەرکەوتنی خۆریشدا، بەرەو قەڵاکە، لەشکری وورچە سپیەکان، یەکەم هێرشیان دەستپێکرد.

سەربازەکانی قەڵا، بەپەلە دەرگای قەڵایان داخست و خۆیان بۆ بەرگریکردن سازدا. هێرشی سێسەد سووارەی سپی، بەتیروکەوانەکانیانەوە، بوواری بۆ بەرگریکردن نەهێشتەوە. لەهەرچووارلاوە، بەیەك جار، سێسەد تیر، دەهاوێژرانە ناو قەڵاوە. پاش هاویشتنی هەریەکە و دەتیر، گەڕانەوە و نەختێك دوورکەوتنەوە و پاشان هێرشیان کردەوە. پێنج جار، ئەم هێرشانە بەردەوام بوون. تا لەجاری شەشەمدا، پڵنگەکان، بەناویاندا بەپیادە، بەرەو قەڵا چوون و دەستیان کرد، بەهاویشتنی گوریسی حەوزدار. گوریسەحەوزدارەکان، ئاسنێکی چەماوەیان لێ بەسترابوو، کە لەکاتی هەڵداندا، دەچوونە ئەودیو قەڵاکەوە و پاشان سەربازەکان رایان دەکێشا و لەبەرد و دیواری ناوەوەی قەڵاکەیان گیر دەکرد و پاشان پێیدا سەردەکەوتن. وورچە سپیەکانیش، لەپەستە، تیریان دەهاویشت و بوواری بەرگریکردنیان نەهێشتبووەوە. بەجۆرێك، هیچ سەربازێك نەیدەتوانی سەردەربهێنێت.

کەیخەسرەو، سووارەکانی دڵی پاشای تاوداو خۆی لەپێشیانەوە بەرەو دەرگای قەڵا ڕۆیشت و هاواریکرد" دەرگای قەڵاکە بکەنەوە و خۆتان بدەن بەدەستەوە. من، کەیخەسرەوم. شاهەنشای ووڵاتی ماد. ئێوە، هاونیشتمانیانی مادن. دڵنیابن گیانتان پارێزراو دەبێت. ئەگەر خۆشتان نەدەن بەدەستەوە، ئەوا مردن چاوەڕێتان دەکات".

سەربازەکانی قەڵا، هەرکەگوێیان لەم قسانەی کەیخەسرەوبوو، خێرا، هاواری خۆبەدەستەوانیان کرد و پاش وەستانی جەنگەکە، دەرگای قەڵایان کردەوە و خۆیان بەدەستەوەدا. کەیخەسرەویش، هەروەك بەڵێنی پێدابوون. گیانی هەموویانی پاراست. قەڵاکە و ناوچەی گۆلی ورمێ، بەفەرمی، کەوتە ژێر دەسەڵاتی کەیخەسرەوە و بڕیاریدا، بنکە و بارەگا سەربازیەکانی، بۆ ئەم قەڵایە و ناوچەکانی ورمێ بگوێزێتەوە.

ئەم جەنگە، یەکەم هێرشی سەرکەوتووانەی کەسیخەسرەوبوو. کەدڵی سەرکردەکانی سیسیانی داچڵەکاند. ئەوان هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون کەیخەسرەو مابێت. کەچی وا ئێستا، بەسوپایەکی بەتواناوە گەڕاوەتەوە.

ئەوان، لەترسی گەیشتنی کەیخەسرەو بە هەگباتان، سوپایەکی بیست هەزارکەسییان ئامادەکرد تاکو بتوانێت بەرگری لەشارەکە و قەڵاکە بکات. چونکە، دەیانزانی، مادام کەیخەسرەو توانیی بەو ئاسانییە قەڵای ورمێ بگرێت، ئەوا بایی ئەوەندەشی لەتوانادایە کە هێرش بکاتە سەر ئەگباتان.

کەیخەسرەو، لەپاش ئەم سەرکەوتنە بێوێنەیەی ناوچەی گۆلی ورمێ، دەیویست پێگەی هێزەکانی جێگیر بکات. هەربۆیە، لەپاش یەك ڕۆژ پشوو، سەرکردەکانی سوپاکەی بانگ کرد و پرسی" دەستە و کۆمەڵە جەنگاوەرە نهێنییەکانی دیکە گەیشتوون یان نا؟".

هارپاگۆس، وەڵامی دایەوە و وتی" بەڵێ سەروەرمان. هەموویان گەیشتوون و ژمارەیان نزیکەی دووهەزار کەسە".

کەیخەسرەو، وتی" هارپاگۆس! دووهەزار جەنگاوەر، بەهاوەڵێتی پەخشانپای سەرکردەی ورچە سپییەکان، بڕۆن و هێرش بەرنە سەر قەڵای مهاباد و قەڵای ئەشکەوتی سەهۆڵان. خۆشم، بەهێزێکی یەك هەزار کەسەوە هەڵ دەکوتمە سەر ساین قەڵا".

مەیتەری ئەسپەکەی کەیخەسرەو، کەئەودەم سەرقاڵی شتنی ئەسپەکە بوو، بەدەنگێکی زوڵاڵ و ناسك، گۆرانیی بۆ ئەسپەکە دەگوت" دڵدڵ، وەك ڕەشەبا، پاڵەوانەکەت هەڵگرە.... سنگی با ببڕە و بەمسمەکانت زەوی ببڕە. خۆزگەم بەخۆت کەدەتوانی، کوڕی خواوەندی ئەم نیشتمانە تا دەمری لەکۆڵ بکەی.... تۆ کەهێندە نزیکی لێی، بەئەسپایی پێی بڵێ، نەکەی بڕۆی ئەم دیارەمان چۆڵ بکەی.... توخوا دڵدڵ،نەکەی ئەم ڕازەم، ئەم مرازەم، ئەم هیوایەم، ژێرخۆڵ بکەی".

مەیتەرەکە، پەردەی ئاوریشمێکی سووری چنراوی لەسەر زینە دەسك ئاڵتونیەکەی دڵدڵ دانا و ڕەشمەی ئەسپەکەی لەخانەکەوە بەرەو دەرێ ڕاکێشا و بردی بۆ لەوەڕگایەکی پڕ هەرێزی سەوزی بەراوی هاوینە. یەکێك لەخزمەتکارەکانیش، پاش تێرشیرکردنیان، هەردوو بەچکەپڵنگەکەی برد بۆکەیخەسرەو و ئەویش، بێ سێودوو لێکردن، لێی وەرگرت و خستنییە باوەشی خۆیەوە.

کەیخەسرەو، لەکەناری گوێئاوی گۆلەکەدا، لەگەڵ هەر دوانزە سەرکردەکەیدا، بەدەم ڕۆیشتنی هێواشەوە، هێرشەکانی ئایندە و نەخشەڕێگای ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان تاوتوێ دەکرد. شاهۆکەی، بەسەریاندا و لەدووری سەدان پێ و بەئاسماندا دەفڕی و جارجارە قیژەیەکی دەکرد.

بەچکە پڵنگەکان، لەئامێزی کەیخەسرەودا، بەچنگە ووردیلەکانیان پەلاماری یەکتریيان دەدا و جار جارەش، دەمیان لەدەمی کەیخەسرەو نزیك دەکردەوە و زمانی خۆیان تێهەڵدەسوو. ئەوە، ئەو ماچە خوداییانەبوون کە ناخی پاشایان دەهەژاند و هێندەی دیکە، سۆزی لەئاستیاندا زیادی دەکرد. کەیخەسرەو ڕاوەستا و هەردوکیانی دانا و دەستیکرد بەیاریکردن بۆیان. زیاتر لە چەندین کاتژمێر گوزەشت و لەیارکردنەکانی خۆیان نەکەوتن. تاوایلێهات، بەچکە پڵنگەکان، شەکەت بوون و وەستان. کەیخەسرەویش، لەسەرزەوییەکە ڕاکشا و ئەوانیش، خێرا خۆیان فڕێدایە بان سکی و لەسەری نوستن. شاهۆی دەم بەبۆڵەش، لەئاسمانێڕا بەخێرایی هات و لەتەنیشتی نیشتەوە و لەپەنای سەریدا، هەڵتروشکا.

سەرکردەکان، بەچاوی پڕ لەخۆشییەوە دەیانڕووانییە ئەو پاشایەی، ئێستا نەك هەر باوکی هەموویانە، بەڵکو، دایکی پڵنگە هەتیوکەوتووەکانیشە. سەرچاوەی نەبەردیەکانی ئەم نەتەوەیەیە و پشت و پەنا و هێزی قارەمانەکانی ئەم نیشتمانەیە. دڵنیابوون

لەوەی، ئەم باوکە، زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان، لەخۆیان خوڵقاندویانەوە و بەدیاری ناردویانە بەۆسەر ئەم زەوییە پڕ لەکێشەیە. دەیانزانی، ئەم باوکە، پارێزگارییان لێ دەکات و هۆکاری مانەوە و ژیانی هەموویانە. تەنانەت، پەخشانپا، خۆی پێنەگیراو ووتی" ئەمە کوڕی خواوەندەکانە".

سبەینێ، لەگەڵ گزنگدا، دەنگی دەف و دەهۆڵ و زوڕنای جەنگ، لێیدا. جەنگاوەرەکان، لەتەختایی بەردەم قەڵادا و لەبەردەم کەیخەسرەودا، سەما و هەڵپەڕکێی هێرش و جەنگیان سازدا. گۆرانی بێژەکان، هۆرە و نەعرەتەی هەڵمەتکردنیان دەگوتەوە. سەدان کەس لەدانیشتووانی ناوچەکە، بەهێستری بارکراوی هۆڕی پڕ لەگەنم و بەرچنە ترێ و هەنجیر و هیزەی پڕ لەڕۆن و دۆشاو و هەنگوین و دەیان مەشکەی دۆ و کوندەی پڕ لەئاو و قوڵینگەی پڕ لەنانەوە، لەنزیك سوپاکە وەستابوون و چاوەڕوان بوون بەخشیشەکەیان لێ وەربگیرێت. سەدانی تر، بەخۆیان و ئەسپەزینکراوەکانیان و شمشێر و ڕم و قەڵغانەکانیانەوە، چاوەڕوان بوون، بخرێنە ڕیزی خۆبەختکارانەوە. دەیان ژن، پەتۆی ڕستراوی دەستی خۆیان و لبادی نەرمی لەخورییان بۆ پێشکەشکردن بەسوپا هێنابوو.

کەیخەسرەو، لەبەردەم سوپاکەیدا، هاواریکرد و ووتی" قارەمانەکانی ئەم ووڵاتە! پاڵەوانەکانی ماد! ئێمە، جەنگی مان و نەمان دەکەین. بەڕمەکانتان، سنگی دوشمنان کون بکەن و بەتیرەکانتان کەللەی سەریان دیواودەر بکەن. بەشمشێرەکانیان، دڵیان لەجەستەیاندا ببڕن و خوێنیان بوەستێنن. ئەوانەی خۆیان دەدەن بەدەستەوە، بەبێ مەرج، بیانخەنە ڕیزەکانی خۆتانەوە. ئەوانەشی وازیان لەبێمێشکی نەهێنا، سێ جار، بەوێژەبەنرخەکانتان، بانگیان لێبکەن کە ملکەچ بن. سێ جاریش، بەڕەوشتی بەرزی خۆتان، لێیان خۆش بن. سێجاریش، بەدیدوتێڕوانین و بیری خۆتان، چاکەیان لەگەڵ بکەن و ڕێگایان پێ نیشان بدەن. ئەگەر هەر نەیانکرد، لەکۆتاییدا پێیان بڵێن، خۆتان لەو خوێنە بەرپرسن، کە موڵکی دێوێکی شەڕەنگێزە و دەبێت، دەرچێت".

کەیخەسرەو، لەتێرۆکەیەکی بچوکدا، هەردوو بەچکە پڵنگەکەی، لەپاشکۆی خۆیدا سووارکردبوو. شاهۆکەش، لەسەرشانی نیشتبۆوە و بەسوپاکەیدا هەڵیدەڕوانی.

سوپا، هەر لەگەڵ جوڵانیدا، بوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیان، لەپێشەوە، لەگەڵ کەیخەسرەودا و بەشەکەی تریش، کەزۆرینەی سوپای پێك دەهێنا، لەگەڵ هارپاگۆس و پەخشانپادا، هەریەکەو بەڕێچکەیەکدا، بەلێدانی دەهۆڵ و زوڕنای جەنگەوە، کەوتنە ڕێ.

هەردوو سوپا، بەناودۆڵ و قەراخ چەم و دەشتاییی و بەسەر گردۆڵکەکاندا، لەجێگا دەستنیشانکراوەکان، نزیك بوونەوە. هارپاگۆس و پەخشانپا، دووڕۆژ پێش سوپاکەی کەیخەسرەو گەیشتن و لەنزیك قەڵای ئەشکەوتی سەهۆڵان، بارگەیان خست. بەتەتەرێکدا، نامەیەکیان، ئاراستەی سەرۆك و بەرپرسەباڵاکانی قەڵا کرد و داوایانلێکرد، بەبێ جەنگ، خۆیان بدەن بەدەستەوە. بەڵام، ئەوان، بەمە ڕازی نەبوون و خۆیان ئامادەی بەرگریکردن کرد. هارپاگۆس، فەرمانیکرد، جارێکی تر پێیان بڵێنەوە. جارێکی تر، نامەبەرەکە

چوو و هەمان وەڵامی هێنایەوە. سەرلەنوێ هارپاگۆس، بەنامەبەرێکدا، بۆ جاری سێیەم، داوای خۆبەدەستەوەدانەکەی ئاراستە کردنەوە. بەڵام، ئەم جارەیان، جیاواز لەجارەکانی دیکە، سەری نامەبەرەکەیان بەشمشێر پەڕاند و بەسووارێکدا بۆیان ناردنەوە.

هارپاگۆس، کاتێك، کەسەری بێجەستەی نامەبەرەکەی بینی، تەواو دەهری بوو. فەرمانیکرد" هەرئێستا، پڵنگە سپییەکان، بەتیروکەوان، هێرش بەرن و دەستەی پڵنگەکانیش لەگەڵیاندا بەپیادە، بەناوکەون و سووارەکانیش، بەرەو دەروازەی قەڵا، هێرش بەرن.

دەهۆڵی جەنگ، دەستی بەلێدان کرد و وورچەسپیەکان، بەسەرۆکایەتیی پەخشانپا، بەتیروکەوانەکانیان، قەڵایان تیرباران کرد. لەچاوتروکانێکدا، پڵنگەکان، بەخۆیان و شمشێرەکانیانەوە، دەستیانکرد بەهەڵدانی گوریسە قولاپیەکان. هەرلەوکاتەدا، هارپاگۆس، وەك شێرێکی تورە، بەخۆی و سەدان سووارەوە، هەڵیکوتایە سەر دەروازەکە و تێکی شکاند. لەکاتی چوونە ژوورەوەی قەڵاکەدا، تیرێك، پێکای و لەئەسپەکە، کەوتە خوارەوە.

هێرش، بەبێ گوێدانە پێکانی سەرکردەکەی، بەردەوام بوو. لەکۆتاییدا قەڵاکە گیرا و بەپەلە کۆتری نامەبەریان بۆ لای کەیخەسرەو هەڵفڕاند.

هارپاکۆس، جەستەی خەڵتانی خوێن بوو. تیرێك، بەر سکی کەوتبوو و لەجێگایەکی شیبووەوەی زێکەیەوە چووبووە ژوورێ و لەپشتییەوە دیوەودەر ببوو. پەخشانپا، سەری خستبوە سەرڕانی خۆی و بەفرمێسکەکانی، ڕیشە پڕ و لولەکەی هارپاگۆسی تەواو تەڕ کردبوو.

هارپاکۆس، کەبەتەواوی خەریك بوو هەناسەی لێدەبڕا. تەنها ئەوەندەی ووت" جڵەوی سوپا بگرەدەست و سەروەرییەکە تۆمار بکە". و ڕەوانی پاکی بەئاسمان سپارد.

دەستەیەك، بەدەهۆڵ و زاڕناوە، تەرمی هارپاگۆسیان، بەجل و بەرگی سەرازییەوە، هەڵگرت و بردیانە دەرەوەی قەڵا. لەتەنیشت و لای ڕاستی قەڵادا، چەندین بارەداری بەڕوویان هەڵچنی و هارپاگۆسیان لەسەردانا و ئاگریان تێبەردا و مەراسیمێکی سەربازیی شایستەیان بۆ سوتاندنی تەرمەکە ڕێك خست و پاشان، خۆڵەمێشەکەیان خستە ناو گۆزەیەکەوە و لەسەر بەرزاییەکی نزیك لەقەڵاکە ناشتیان.

بۆ سبەینێ، پەخشانپا، فەرمانی بەسوپاکە کرد، بەرەو قەڵای مهاباد، بجولێن.

کەیخەسرەو، لەپێش سوپاکەیەوە، دەڕۆی. بەقەراغ گەنمێکی نەدوراوەدا، دەیپڕووانی و بیری لەهۆکاری نەدروینەوەی دەکردەوە. لەسوچێکی گەنمەکەدا، پیاوێکی بەرچاو کەوت، بەدیار ژنێکی نەخۆشەوە، هەڵتروشکاوە. کەلێی نزیکبوونەوە، پرسیاری لێکرد" ها لالۆ! چی ئەکەیت لێرەدا؟ ئەم ژنە چیتە و چییەتی؟".

کابرا، ووتی" ئەوە هاوژینمە و نەخۆشە. ویستم دروێنەی گەنمەکەم بکەم. بەڵام نەمتوانی و ئەوە، ماوەی دوانزە ڕۆژە بەدیار ئەمەوە

دانیشتووم و بێچارە کەوتووم. نەدەستم دەچێتە دروێنەکەم و نەڕێگایەکیش شك دەبەم بۆ ڕزگارکردنی هاوژینەکەم".

کەیخەسرەو، فەرمانی بەسوپاکەی کرد. تێکڕا، بەخەنجەرەکانتان، دەست بکەن بەدروێنەی گەنمەکە و بیکەن بەشارا و دکتۆری تایبەتیی خۆیشی بانگهێشت کرد بۆ چارەسەرکردنی ژنەکە.

لەماوەی کاتژمێرێکدا، سوپاکە، گەنمەکەیان دروێنە کرد و پزیشکەکەش، بەدەرمانی گیایی، چارەسەری تەواوی دایە ژنەکە.

پیاوەکە، تا ئەودەم، لەم کارەی ئەم سوپا نەناسراوە سەری سوڕمابوو و نەشیوێرابوو هیچ بڵێت. کەیخەسرەو کەزانیی کابرا، ئەبڵەق بووە لەم کارە، ووتی" ئەوە ئێمە، دروێنەکەمان بۆ کردیت و هاوژینەکەشت، چارەسەری تەواوی وەرگرت. بەهیوام دڵخۆش بیت".

کابرا ووتی" ئێوە کێن؟".

کەیخەسرەو ووتی" من، کەیخەسرەوم. پاشای ئەم وولاتەم".

کابرا، لەخۆشییان نەیدەزانی چی بڵێت و چی بکات. تەنها ئەوەندەی ووت" تکا دەکەم نیەوەی داهاتی ئەم گەنمە بۆ سوپاکەت، پێشکەش دەکەم و لێم وەرگرە".

کەیخەسرەو ووتی" من، هاتووم سامانەکەتان بپارێزم. هاتووم، خۆشیتان بۆ بگێڕمەوە. نهاتووم تالانتان بکەم. من پاشام. ئەرکی پاشاش ئەوەیە کە بینیت".

کابرا. دەستی کرد بەپاڕانەوە و ووتی" ئاهورا مەزدا، باڵەکانی خۆتی بدەرێ، تاکو بۆ هەمیشە بەسەرماندا بەفڕینێکی جاویدانی بێت و بچێت و بمانبینێت".

کەیخەسرەو، فەرمانی کەوتنەڕێی بەرەو قەڵای ساین، بەسوپاکەی کرد و ڕۆیشتن. پاش ماوەیەك لەڕۆیشتن، لەقەڵا نزیك بوونەوە و بارگەیان خست و مۆڵگەیان دا.

شاهۆ، لەسەر باڵی کەیخەسرەو هەڵفڕی و بەئاسمانی قەڵای سایندا سوڕایەوە و گەڕایەوە بۆ سەر سوپا مۆڵدراوەکە و قیژەیەکی درێژی کرد. پاشان و بەرەو خۆرهەڵات چوو و لەچاو وون بوو. زۆری نەبرد، بەکۆترێکەوە، کەبەقاچەکانی گرتبووی، گەڕایەوە و لەسەر شانی کەیخەسرەو نیشتەوە و ئەویش کۆترەکەی لێ وەرگرت.

کۆترەکە، یەکێك بوو لەنامەبەرەکان و نامەیەکی بچوکی چەند پیتیی بچوك، بەقاچێکیەوە بوو. کەیخەسرەو نامەکەی لێکردەوە و پێکەنینێکی کرد و بەسوپاکەی ڕاگەیاند" پاڵەوانەکان، قەڵای ئەشکەوتی سەهۆڵانیان گرتووە".

سوپا، بەبیستنی ئەم هەواڵە خۆشە، لەدەهۆڵ و زوڕنایاندا و سەربازەکان، دەستیانکرد بە سەما و هەڵپەڕکێی سەرکەوتن. شیرینی، بەخشرایەوە و هەموو، پیرۆزباییان لەیەکتری کرد. ئەو شەوە، تا نیوەشەو، هەموو سەرقاڵی سەمابوون و ئێشکگرەکانیش، بەووردی چاودێریی دۆخەکەیان دەکرد. تا، کەیخەسرەو، دەستەیەکی ڕاسپارد کە بچن و لەقەڵاکە نزیك ببنەوە و تەواوی دەنگوباسەکانی بۆ بهێنن. تیمێکی تریشی نارد، لەپاش ئەوان،

بیکەنە هەرای هێرشکردن و بەدەهۆڵ لێدان، نەهێڵن، سەربازانی ناو قەڵاکە خەویان لێبکەوێت و جار جارەش، تیربارانیان بکەن. بەمەش، ماندوو و شەکەتی کردن.

سبەینێ، لەگەڵ شەبەقدا، سوپا، بەرەو قەڵا، بەدەهۆڵ و زوڕنای جەنگەوە، چوون. هەروەك نەخشەی جەنگەکانی تر، کردنی بەسێ بەشەوە: وورچی هێرشبەر و پڵنگی گوریسی قولاپ بەدەست و سووارەی دەروازە.

سەربازانی ناو قەڵا، لەکاتێکدا، ئەو شەوە، نەنوستبوون و چاوەڕوانی هێرشیان دەکرد، ماندوو و شەکەت و هیلاك بوون. لەبەرامبەردا، سوپاکەی کەیخەسرەو، ساز و ئامادە و تێرخەو و پۆشتە بوون.

کەیخەسرەو، بەتەتەرێکدا، نامەیەکی بۆ ناردن و تێیدا هاتبوو: لەژێر باڵەکانی ئاهورادا، جێگەی خۆتان بکەنەوە و وەرنە ژێر سێبەری کەپرەکەی. لەبەرامبەردا، ژیانتان پارێزراوە و مافی ئەوەتان هەیە، ببنە بەشێك لەئێمە. ئەگەر جەنگ و ڕوبەڕو بوونەوە هەڵبژێرن، ئەوا چارەنوستان، لەگەڵ دێوەشەڕەنگێزەکاندا دەبێتە یەك و دۆزەخی مەرگ، چاوەڕێتان دەکات". لەخوواری نامەکەشەوە، بەخەتی سووری شاهەنشاییی، نوسیی: کەیخەسرەو... شاهەنشای وولاتی ماد.

فەرماندەی قەڵا، بەبینی ناوەکە، حەپەسا. لەتەتەرەکەی پرسی: بەڕاست، ئەوە کەیخەسرەوە؟

تەتەرەکە، وەڵامی دایەوە و ووتی: بەڵێ. ئەوە خۆیەتی.

هەربەپەلە، فەرماندەکە، سەربازەکانی قەڵای کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن. شمشێر و ڕمەکانتان، ڕووەو خوارەوە بەدەستانەوە بگرن و ئامادەبن بۆ ئەوەی بەرەو شاهەنشا، کەیخەسرەوی کوڕی خواوەند، بڕۆین و سڵاوی خۆمانی پێشکەش بکەین.

دەروازەی قەڵا کرایەوە و فەرماندەکە، بەسوواری ئەسپێك، پێش سەربازەکان کەوت و چوونە بەردەم کەیخەسرەو و سەریان بۆ دانەواند و سڵاوی پاشایەتییان ئاراستە کرد. پاش ئەوەی کەیخەسرەو، هەموویانی بەخشی و هەرلەوێدا، کردنی بەبەشێك لەسوپاکەی خۆی، چووە ناو قەڵاکەوە.

هەردوو بەچکە پڵنگەکە، لەسەر دیواری قەڵاکەوە، یەکیان لەلای چەپ و ئەویتریش لەلای دەستەڕاستی کەیخەسرەو چووبوونە سەر چنگ و کەیخەسرەویش، بەدەشت و باخ و باخات و گرد و کێو و ڕوباری سایندا دەیڕوانی. سووارێك، لەدوورەوە کە ئاڵای سووری نامەی بەپەلەی بەپشتییەوە هەڵواسی بوو، ڕووی کردە قەڵاکە.

سەرابازەکان، کۆمەڵ کۆمەڵ، لەناو قەڵا و دەرەوەیدا، هەندێك سەرقاڵی ڕاهێنان و هەندێك، خواردن ئامادەکردن و هەندێکی تر گاڵتەوگەپ بوون. سووارەکە، گەیشتە قەڵا و بەپەلە هێنایانە لای کەیخەسرەو. نامەیەکی لولکراوی تەنکی لەپێستی کەروێشکی لەباخەڵ دەرهێنا و دایە دەستی.

کەیخەسرەو، نامەکەی کردەوە و دەستەکانی کەوتە لەرزین و بەحەپەساوی لەنامەکەی هەڵدەڕوانی، قوڵپی گریان و بارانی فرمێسك، لەچاوەکانیەوە هەڵوەرین و ڕووی کردە ئاسمان و ووتی" ئەی خوداوەندی میهرەبان! من کەزادەی ناو نەهامەتیەکانی ئەم کۆمەڵگایەم، بۆچی دەتەوێت ئازار ببێتە بەشم! بۆچی دەبێت بەلێسەندنەوەی خۆشەویستەکانم، جەرگ و دڵم هێندەی تر پڕبکرێت لەقین؟ ڕەوانی هارپاگۆسم پێ ببەخشە، تاکو بتوانم هاودەمی بم". ئیتر، کە سوپا، بەیەکجار هەموو هەواڵی کوشتنەکەی هارپاگۆسیان زانی. بەیەکجار لەشین و شەپۆڕیاندا. کەیخەسرەویش، فەرمانی کرد، ئەسپەکەی بۆ ئامادە بکەن. تەنها، خۆی و هەردوو پڵنگەکەی و شاهۆکە، لەگەڵ نامەبەرەکەدا، بەپەلە، بەرەو قەڵای ئەشکەوتی سەهۆڵان، کەوتنە ڕێ.

پەخشانپا، لەپاش گیان لەدەست دانی هارپاگۆس، ببووە فەرماندەی سوپاکە و بەبێ جەنگ، دەستی بەسەر قەڵای مهاباد دا گرتبوو و نامەخەماویەکەی بۆ کەیخەسرەو نوسیبوو و بە نامەبەرێکدا، ناردبووی. هەربۆیە، دەیزانی کەیخەسرەو، بەپەلە دەگەڕێتەوە و ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر گڵکۆی هارپاگۆس. بۆیە، ئەویش، قەڵاکەی بە سەرکردەیەکی تر سپارد و بەتەنها، هاتەوە بۆ قەڵای ئەشکەوتی سەهۆڵان.

لەگەیشتنیاندا، نامەبەرەکە، گڵکۆکەی نیشانی پاشا داو ئەویش بەرەو لای ڕۆیشت. لەو کاتەدا، پەخشانپا، بەپیریەوە هات و بەگریان، خۆشهاتنی لێکرد. کەیخەسرەو، چووە سەرگلکۆکە و باوەشی پێداکرد و لەشریخەی هاوار و ناڵە و گریانی داو تا بەتەواوەتی ماندوو نەبوو، نەوەستا.

لەپاش ئەوەی شەوێکی تەواو، لەسەر گلکۆکە مایەوە و تاکو سبەینێ و دەرچوونی گزنگی خۆر، ئاگری کردەوە، پەخشانپای وەکو یەکەم سەرلەشکری ژن، بۆ تەواوی سوپاکەی دیاری کرد و بەرەو گۆلی ورمێ، بەتەنها کەوتەڕێ.

لەڕێگا، گەیشتە کۆمەڵێك خانەوادە، کەبەیەکەوە، لەگەڵەهەرەوەزێکدا، کۆڵیان دەکێشاو خەرمانی گەنمیان دروست دەکرد و ئامادەی گێرەیان دەکرد.

کەیخەسرەو، لەئەسپەکەی دابەزی و هەردوو بەچکە پڵنگەکەی لەتێرۆکەکەی پاشکۆی داگرت و ڕەشمەی ئەسپەکەی بە گوریسێکی باریك بەست و مێخنجیرەکەشی لەناو پەرێزە پڕ لەهەرێزەکەدا داکوتا و بەستییەوە.

لەگەڵەهەرەوەزەکە نزیك بۆوە و ماندوونەبوونیی کردن. ئەوانیش، خۆشهاتنیان کرد و لەکونەیەکی پڕ لەئاودا کە ڕەنگەکەی بەهۆی پێستەکەیەوە نەختێك زەرد هەڵگەڕابوو و لەدەفرێکی داردا، ئاویان بۆ هێنا. ئەویش، ئاوەکەی وەرگرت و خواردیەوە و دەستخۆشیی لێ کردن.

تیروکەوانەکەی لەپشتی کردەوە و شمشێرەکەی لەقەدی کردەوە و زێکەی بەری داکەند و لەناو پەرێزەکەدا، داینان و داوای گوریسێکی کرد. گوریسیان بۆهێنا و ئەویش، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ

بکات، گوریسەکەی ڕاخست و دەستیکرد کۆکردنەوەی مەڵۆکان و کۆڵی گەنمی ئامادەکرد و توند بەستی و دای بەکۆڵی خۆیدا، بەرەو خەرمانەکە.

جێخەرمان، پێشتر، ئاوڕشێنی جوان کرابوو و بەباگردێن کوترابووەوە و کۆڵە گەنمەکانیان لەسەر دادەنا و ئامادەی کوتانیان دەکرد.

کەیخەسرەو، ئەوڕۆژە تادرەنگانێ و تاکو تەواو بوون لەکۆڵکێشان، کۆڵە گەنمی کێشا. پاشان، بەهەموو، ئامادەی گێرەکردنیان کرد و جەنجەڕێکی دارینیان لەدوو گا بەست و یەکێك لەپیاوەکان، چووە سەر جەنجەڕ و وەحەی لەگاکان کرد.

ژنانی گەلەهەرەوەزەکە، خوانێکیان پڕ لەکولێرە و دۆ و هەنگوین و هەنجیری ووشك و حەڵوای ترێ و گەزۆی شیرین، ئامادەکرد و هەمووان، بەکۆمەڵ دانیشتن و دەستیانکرد بە نانخوارن. لەوکاتەدا، کابرایەکی ڕیشسپی، ڕووی کردە کەیخەسرەو و پرسی" پێت نەگوتم، پاڵەوان، تۆ ناوت چییە و چ کارەیت و بۆ کوێ ئەچوویت؟".

کەیخەسرەو، سەیرێکی کابرای کردو ووتی" من، بەکارێکی گرنگ، دەچوومە قەڵای گۆلی ورمێ. بەڵام، کاتێك کەگەیشتمە ئێرە، ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە هاوکاریتان بکەم و یارمەتیەکتان پێشکەش بکەم. بەڵام، لالۆ، منیش پرسیارێکم هەیە".

کابرا ووتی" فەرموو".

کەیخەسرەو ووتی" ژیان و گوزەرانتان چۆنە؟".

کابرا ووتی" ئێستا، ژیانمان زۆر جیاوازە لەجاران. ساڵی پار، چیمان هەبوو، بەشی باجی پاشای نەکرد. باج و خەراجێکی زۆریان لەسەر دانابووین. هەر لەسەرەتای پایزدا، دانەوێڵەمان نەما. زستان، بەهەزار کولەمەرگی لەمردن ڕزگارمان بوو. بەڵام، ئەمساڵ، لەسایەی کەیخەسرەودا، باج هەڵگیراوە و تیمی ئەستێرەناسانیش، لەقەڵای گۆلی ورمێ، بانگەوازیان کردووە کە ئەمساڵ زستانەکەی سەخت دەبێت و هەروا، خوێندنگەیەکیشیان بۆ فێربوونی پزیشکی کردۆتەوە و گەنجەکان فێری ئەو بووارە دەکەن".

کەیخەسرەو، بزەیەکی هاتێ و سەرێکی لەقاند و هەستا. زێکەی لەبەرکرد و شمشێرەکەی بەستەوە و تیروکەوانەکەی کردەکۆڵ و بەچکە پڵنگەکانی کردەوە تێرۆکەکە و سوواربوو.

هەمووان، کەسەیری پاڵەوانەکەیان دەکرد، کابرای پیر، پرسی" نەمانزانی ناوت چییە و کێیت!".

کەیخەسرەو، کەئەودەم لغاوی ئەسپەکەی بۆجوڵە و ڕۆیشتن شل کردبوو، پاژنەکەیەکی لە بنسکی ئەسپەکەی ڕاکێسا و ووتی" من، کەیخەسرەوم. شاهەنشای ئەم نیشتمان و ووڵاتەم".

هەمووان، واقیان ووڕما. بەسەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتریان دەکرد و تا سووار وون بوو، چاویان لەسەر هەڵ نەبڕی.

کەیخەسرەو، گەیشتە قەڵای گۆلی ورمێ و پاش پشوودان، بەرپرسان و کاربەدەستانی قەڵای کۆکردەوە و لەکەم و کوڕیەکانیانی پرسی و لەدووای ئەوەش، پێی ڕاگەیاندن، کە پێویستە، خوێندنگەیەك

بکەنەوە و خەڵکی ناوچەکەی تێدا فێری خوێندنەوە و نوسین بکەن. هەروا، داوای لێکردن، پیشەوەرانی ناوچەکە کۆبکەنەوە و پرۆژەی ئاودێری و دروستکردنی دەزگای نوێی کشتوکاڵ و بوواری پزیشکی پێش بخەن. بێجگەلەمانەش، ئاسنگەران کۆبکەنەوە و کارگەیەکی چەکسازی، دابمەزرێنن و پەرە بەچەك دروستکردن بدەن. ئەوانیش، سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دانەواند و بەڵێنی هەرچی زووتری خواستەکانی پاشایان دا. پاشان، یەکەبەیەکە، چاوی تێبڕین و ووتی" لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بەشێوەیەکی یەکسان، مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەن. چونکە، هیچ جۆرە زوڵم و زۆر و چەوسانەوەیەك قبوڵ ناکەم. هەرکەسێك، لەفەرمانەکانم دەربچێت و کەسێك لەهاونیشتمانیەکانم ئازار بدات، ئەوا دڵنیابن وەك دێوێکی شەڕانگێز، دەینێرم بۆ دۆزەخ. ئێوە، هەموو دەبێت لەوە دڵنیا بن کە من خەڵکەکەمم لەخۆم خۆشتر دەوێت".

کەیخەسرەو، داوایکرد، پەڕ و ڕەنگ و پێستی خۆشکراوی نامەی بۆ بهێنن. یەکێك لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، بەپەلە هەستا و خێرا، ئەو کەرەستانەی هێنا کە پاشا داوای کردبوو. ئینجا، کەیخەسرەو، نامەیەکی نوسی کەتێیدا هاتبوو" بۆ هەموو قەڵاو بنکە سەربازیەکانی پێدەشت و بناری شارەزوور: من، کەیخەسرەو، شاهەنشای ووڵاتی ماد. کوڕی خواوەندی بەهمەن و تیشکی زێڕینی خۆر. داواتان لێدەکەم، بەبێ جەنگ و کوشتار، بێنە ژێر سێبەر و سایەمەوە". نامەکەی بەمۆری شاهانەی سوور، مۆر کرد و دایەدەست بەرپرسی قەڵا و ووتی" لەزووترین کاتدا، ئەم نامەیە بگەیەنن".

نزیکەی سێ مانگ دەبوو، سوپاکەی کەیخەسرەو بەبێ جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی هیچ بەربەستێك، ناوچەیەکی زۆریان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بەردەوامیش لەفراوان بووندا بوو. لەرۆژئاواوە، زۆرێك لەقەڵاکان، بەبێ هیچ مەرجێك هاتنە ژێر قەڵەمڕەوی کەیخەسرەوەوە. یانزە قەڵا و بنکەی سەربازی، لەپێدەشت و بناری شارەزوور، وەڵامی ئەرێنیان دایەوە بەکەیخەسرەو و تەنانەت، بەسەدان باری خواردن و پێداویستیی جەنگ و ئاڵتوونەوە هاتنە میوانداریی کەیخەسرەو و بەپادشای خۆیان، قبوڵیان کرد. بەمەش، دڵی ئاشوور پانیباڵیان لەرزاند و لەولاشەوە، مەدیوسی سیسیانی، ترسی لێ هەڵنیشتبوو و بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی سوپابوو تاکو بتوانێت، بەرەنگاری کەیخەسرەو ببێتەوە.

کەیخەسرەو، کەبەدرێژایی ئەو ماوەیە، لەقەڵای گۆلی ورمێ، سەرقاڵی نەخشەدانان و پەیوەندیکردن بوو بە قەڵا و بنکە سەربازیەکانی دەوروبەرەوە و پڵنگەکانی بۆ دەیان کاری گرنگ ڕادەهێنا، لەگەڵیدا، مەشقی بەردەوامی بەسوپاکەی دەکرد و پێداویستیەکانی بۆ جم و جۆر دەکردن. بەنامەیەك، پەخشانپای بانگهێشت کرد کە ئەویش، سەرپەرشتی تەواوی لەشکرەکەی دەکرد لەهەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا.

پەخشانپا، لەسەردەمی شاهەنشا فرەڤەرتیشدا، لەدایك ببوو. یەکێك لەوکچانەی لەلایەن دایکیەوە و لەژێر فەرمانی زرێنای پاڵەوان و بیرمەندا، مەمکی ڕاستیان داخ کردبوو. هەر لەمنداڵییەوە لەلایەن باوکییەوە، کەیەکێك بوو لەجەنگاوەرە ئازا و چاونەترس و شمشێربازە بەناوبانگەکانی پاشا، ڕاهێنانی پێ کرابوو. ئەو، وەك زرێنا دەجوڵایەوە و وەك ئەویش دەدووا و وەك باوکی جەنگی دەکرد.

زرێنا، کچی پیرشالیاری زەردەشتی، یەکێك لەپاڵەوانەکانی سوپای دیاکۆی مەزن بوو... لەبەردەم ئەنجومەنی زەردەشتیاندا، داوایکرد، کچان، لەوکاتەدا کەلەدایك دەبن، مەمکی ڕاستیان داخ بکرێت. بەمەش کاتێك گەورەدەبن، دەتوانن بەمەمکی چەپیان منداڵ بەخێو بکەن و دەستی ڕاستیشیان وەك دەستی پیاوان، خاوەن ماسولکەی بەهێز دەبێت و کەگەورە بوون، دەتوانن ببنە سەرباز. بەڵام، ئەنجومەنی پیرانی زەردەشتی، ڕەتیان کردەوە و بەوە ڕازی نەبوون. ئەو، پاڵەوانێکی خاوەن بیر و هۆشیاری بوو. جەربەزانە، ئازادییەکانی خۆی فەراهەم دەکرد و بەکردەوە توانا لەبن نەهاتووەکانی خۆی دەسەلماند. ئەو، لەبەردەم شاهەنشا دیاکۆدا و لەبەرامبەر پرسیارێکدا کە سوور بوو لەسەر پێکهێنانی سوپایەك لەژنان، ووتی" بەڕێز، شاهەنشا، ئەگەر ڕوناکیەکم لەپشتەوەبێت، دڕ بەتاریکی تەواوی جیهان دەدەم. جا ئەگەر ئەو ڕوناکییە لە مۆمێکی بچوکیشەوە بێت. بۆیە، سوورم لەسەر جێبەجێکردنی هەوڵەکانم کە باوەڕم پێیەتی".

هەرچەندە شاهەنشا، ئامۆژگاریی کردبوو کە خۆی نەخاتە بەردەم هێرشی پیرەکانەوە، کەنەبادا زیانی پێ بگەیەنن، بەڵام ئەو گوتبووی" کاتێك من، زیندوو بم یان مردوو، لەسروشت بم، ئیتر لەچی بترسم؟". ئەم ڕستەیە، ببووە هۆی ئەوەی، دیاکۆ، وەك پاڵەوانێك دەیڕوانییە ئەم ژنە خاوەن بیر و هۆشە و سامانێکی تایبەتی بۆ پرۆژەکەی دیاری کرد و ڕایسپارد" چۆنت پێ باشە و چۆنیش جێبەجێی دەکەیت، ئەنجامی بدە".

دیاکۆ، بەنهێنیی ئەنجومەنی پیرانەوە، گفتی بە زرێنا خاتوون داو پارەی تێچوونەکەشی بۆ خەرج کرد. هەربۆیە، لەلێوار و کەنارەکانی کێوەکانی زاگرۆسدا، بەنهێنی، سەدان منداڵی کچی لەکەسوکاریان کڕیبۆوە و لەقەڵایەکی چەپەك و دوورەدەستدا، سەرگەرمی گەورەکردن و مەشقپێکردنیان بوو.

زرێنا، بە سوپای ژنانی دەگوت" ڕێگا بەقاچەکانتان نەدەن لوتبەرزانە ڕەفتار بکەن، لەکاتێکدا شمشێرەکەتان لەبەرامبەر دوشمناندا ڕاکێشاوە".

زرێنا، وەك پاڵەوانێك، بەشمشێرەکەیەوە دەوەستا و دەیگوت" هەرگیز جەنگ بۆ بەرژەوەندیی خۆتان مەکەن. چونکە، لەخۆرەوە ڕوناکی وەردەگرن. بۆیە، پێویستە، ئەو ڕوناکییە بەیەکسانی بۆخۆتان و بۆ تەواوی خەڵك، بەدەست بهێنن و پارێزگاریی لێ بکەن".

پەخشانپا، هەمیشە، ووتەکانی زرێنای بە سوپای ژنان دەگوتەوە و دەیگوت" ئێمە، بەرهەمی زرێنای پاڵەوانین. ئەو، ژنە هۆشمەند و خاوەن بیر و دیدی یاخیی ژنانی ئەم کۆمەڵگایەبوو. ئێمەش، پێویستە بۆ هەمیشە یاخی بین. قارەمانانە، وەك مرۆڤێك، بەڕوناکیی شمشێرەکانمان، دڕ بەتاریکیی زوڵم و زۆر بدەین و تیشکەکانی خۆر، کەئازادی و دادپەروەرییە، بۆ هاونیشتمانیەکانمان فەراهەم بکەین".

پەخشانپا، کەتازە گەیشتبووە قەڵاکە، کڵاوە جەنگییەکەی سەری لێکردەوە و پرچی ڕەشی دڕێژی هۆنراوەی بەسەر زێ سپییەکەدا

هاتبوونە خوارێ. برژانگە درێژ و ڕەشەکانی، کەبەکل ڕێژابوونی، چاوەزەردەکانی شاردبوونەوە. باڵایەکی بەرزی ڕێکی هەبوو. بازووی ڕاستی، سێ هێندەی بازووی چەپی دەبوو. زێکەی بەری، لەسەر تاکە مەمکەکەی بەرز دەچۆوە. دەسك و کێلانی شمشێرەکەی بەزەنگیانەی سپی چنرابوون. جلەکانی سەراپا سپی و ئەسپێکی سپیشی هەبوو. کەوانەکەی شانی، بەموورووی سپی ڕازێنرابۆوە. هەر دەتگوت، پەریەکی سپیی ئاسمانەوە، خودا، بۆ جەنگی سەرزەوی و پشتیوانی و سەرکەوتنی کەیخەسرەوی ناردووە. جل و بەرگی ئاوریشمیی سپی و ملپێچێکی پڵنگی سپی و فەروەیەکی وورچی سپیی لەبەردابوو. هەرکەسێك بیبینیایە، بەئاهورا سوێندی دەخوارد، کچی خوداوەندی میهرە و جووانیی بوکی ئاسمانی پێبەخشراوە.

کەیخەسرەو، هەرکە لە هاتنی پەخشانپا ئاگادار کرایەوە، لەژوورەکەی هەستا و چوو بەپرییەوە. بەگەیشتنی، ئامێزی لێداو توند نوساندی بەخۆیەوە. ئەوە، یەکەم جار نەبوو کە ئەو هەموو سۆز و خۆشەویستییەی بۆ دەربڕێت، بەڵکو هەمیشە، باوەشی پێدا دەکرد و پێی دەگوت" پاڵەوانی خوداوەند! ئەم نیشتمانە، ئەم خەڵکە بەدبەختە، چاوەڕوانی بڵێسەی ئاگری ڕقەکانی تۆیە تاکو بەر بە تاریکیی ستەم بگریت. تۆ، تاکە هیوای منیت کە بتوانیت خەونەکانم بهێنیتە دی. ئاگاداری تەندروستیت بە".

هەردوکیان، بەلێوی پڕ لەخەندە و خۆشی و شادییەوە چوونە ژوورێ. پاش پشوودان و نانخواردن، کەیخەسرەو ووتی" پەخشانپا، ئێستا، وەرزی پایزە و لەبەردەم زستانێکی سەختداین. پێش ئەوەی زستان دەست پێبکات، سوپایەکی هەشت هەزار کەسی لەگەڵ خۆت بەرەو بچۆ بۆ شارەزوور. لەوێ سوپاکەت زیاد بکە و بیکە بە دوو ئەوەندە. پاشان، بەرەو قەڵای چەرموو بڕۆ و بیگرە. لەپاش ئەویش، بچۆ بۆ ئارەبخا و تا نەیگریت، مەگەڕێرەوە و خۆشم سوپایەکی تر دەنێرم بۆ ئەنزان".

پەخشانپا، سەری ڕێز و نەوازشی دانەواند و ووتی" سوێند بە تروسکەی ئاگری پیرۆز و ڕوناکیی خۆر. تەواوی هێز و تاقەت و توانای خۆم دەخەمە گەڕ، بۆ لەناوبردنی سوپای ئاشوور و تەواویان کۆتایی پێ دەهێنم. تا ئارەبخا، نەخەمە ژێر دەستی خۆمەوە، ناگەڕێمەوە".

جەنگ، لەلای پەخشانپا، مایەپوچی بوو. چونکە، پێی وابوو، شمشێری دەسەڵاتداران و پادشایان، لەناو کێلانەکانیاندا، ژەنگیان هەڵهێناوە. ئەوانەی پارێزگاری لەم خاوەن شمشێرە ژەنگهەڵهاتووە دەکەن، سەربازەکانن. ئەوان، سوتەمەنیی جەنگەکەن. ئەوانەشی بەشمشێرەکەی خۆی سەریان دەپەڕێنێت، تەنها پارێزگاریکارانن و خودی دەسەڵاتداران و پادشاکان نین. بۆیە، جەنگ، بەلایەوە مایەی کوشتنی خود بوو. چونکە، سەربازەکان بەشێك بوون لەیەکتری و بەهەموویان کۆمەڵگەیان پێك دەهێنا و زۆرینە بوون. لەبەرامبەردا، پاشاکان و دەسەڵاتدارەکان، لەپەنجەی دەست تێ نەدەپەڕین. لەم نێوەندەی خودکوشتنەدا، تاس دەیبردەوە و سەری لەقوربانی بۆدانەکە دەر نەدەچوو. تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەیگوت" دەسەڵاتداران، بەسەر پەیژەی جەستەی سەربازانی گەمژەدا دەچنە سەرێ. کەواتە، لێرەوە سەربازەکان، گەمژەترین توێژی کۆمەڵگان، کە دەبنە قوربانی بۆ خۆشی و شادیەکانی ئەوان!".

ئەو، دەیگوت" کۆمەڵگا، بەگشتی پڕە لەگەمژە. تێکڕا، بەرگری لە بوونی دەسەڵاتێك بەسەر خۆیانەوە دەکەن. تەنانەت، لەکاتی هەستان و شۆڕشدا، ئەوە لادەبەن و سەرلەنوێ دەسەڵاتێکی تر دەهێنن. وەك ئەوەی دەسەڵات بەسەریانەوە بۆشایی خۆی هەبێت. ئەگەر ئەو بۆشاییە پڕ نەکرێتەوە، ئەوا، ژیان دەوەستێت و کار ناکات".

ئەو، دەیگوت" هەرچەندە دەزانم کە ئەمە یاسا دەستکردەکانی مرۆڤە بۆ ژیان. بەڵام، بۆچی بوونی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی تەوەزەل، لەسەرووی مەینەتیەکانی ئێمەوە، پێویستیەکانی ژیانن؟ تاچەندێکی دیکە، ئەم بیردۆزە وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟ ئەمە، گەمژەیی مرۆڤەکان نییە لەدید و تێڕوانینیاندا کەدەبێت دەسەڵات، وەك پێویستییەکی هەمیشەیی بەسەر ئێمەوە هەبن؟ ئەدی ئازادی خەڵك، لەچووارچێوەی دەستووری بەڕێوەبردندا، سنووردار نابێت؟".

پەخشانپا، بەرەو دەڤەری شارەزوور، پێش سوپایەکی هەشت هەزار کەسی کەوتبوو. وورچە سپیەکان، بەخۆیان و زرێ سپییەکانیانەوە و بەسوواریی ئەسپەکانیان، لەپاشییەوە دەرۆیشتن. زستان، نزیك دەبووەوە. هەوای سارد و ووشکی چیا، جلوبەرگەکانیانی دەسمی و تەرزەی لەناو هەناویاندا خڕ دەکرد. زەنگلۆی بەگوڵەنگ دەوورەدراوی سەر سم و ملی ئەسپەکان، دەنگێکی ناوازەی پڕ لەمۆسیقای جەنگی لەگەڵ گڤەی بای ووشکی پایزدا، لەدۆڵە پڕ لەپوشە ڕزیو و بۆرەکاندا، دروست دەکرد، کەدەتگوت، چاوەڕوانی خوێنن و لەپاش کەمێکی تر، لەسەر تەلانەکانەوە، کەفچووڕینی خوێن، لەجیاتیی پەڵەی بارانی ئەم پایزە، کانیاوەکان سوور دەکەن و کەللەی سەری سەربازەکان، لەجێگای تاشەبەردی لافاوهێن، بەدەم خلۆربوونەوەوە، بۆ سروشتی ئەم پایزە، پێ دەکەنن. سەربازانی سوپا، لەیەکینە و دەستەی جودادا، بەڕیزبەندیی هێرشی ئایندەی دوور، دەجوڵان. هەندێکیان، ڕمەکانیان، بەدەستی راستیانەوە و قەڵغانەکانیان بەدەستی چەپیانەوە، بەپێ، ڕێگاکەیان دەکوتا. هەردەتگوت، لەئامادەباشیدان بۆ بەخشینی جەستەی خۆیان. هەندێکیشیان، دەستیان لەسەر دەسکی شمشێرەکانی قەدیان، دانابوو و بەدۆڵ و دەشت و کێوی سەررێگاکانیان هەڵدەڕوانی. وەك ئەوە وابوون کە ئێشکگری قەلایەکی بێشووران و چاوەڕوانی دەرپەڕینی بەڕووهاتنی دوشمنێك دەکەن.

شەوداهات و تانیوەشەو، سوپا، لەڕۆیشتن نەوەستا. لەبانی زنجیرە چیایەکی پێچاوپێچدا، بەفەرمانی پەخشانپای سەرلەشکر، بارگەیان خست. لەهەرچووارلاوە، دەستکرا بەئاگرکردنەوە. دەواریان هەڵدا و ژووری چەرمینی کاتییان بۆ خۆیان، لەشێوەیەکی بازنەییدا پێك هێنا. ژوورەکەی پەخشانپای سەرلەشکر، لەناوەڕاستی ئۆردووەکەدابوو. دەیان کچی شمشێربەدەست، لەدەوروبەری کوخە چەرمینەکە، نۆبەتییان دەستپێکرد. ئاگرێکی گەورەیان لە بەردەم خۆیاندا کردبۆوە. جارجارە، دوو سەرباز، کوپەڵەی پڕ لەشەرابی ترێی سووریان دەهێنا و فرێکی قوڵیان لێ دەدا و دەستیان دەکرد بەگۆرانی و خوێندنەوەی گاتاکانی ئاڤێستا. چەند کەسێك، فویان بەشمشاڵدا دەکرد و سیاچەمانە و حەیران و لاوکیان دەچڕی. تاسبەینێ، شەبەق، بەنۆبەتی، خەریکی هەرابوون و ئەو بانەیان ئاوەدان و پڕ لەمۆسیقا کردبوو.

لەگەڵ شەبەقداندا، هەمووان، ورگی خۆیان لە قاوەڵتی پڕ کرد و چاوەڕوانی دەستووری سەرلەشکر بوون. زوڕناژەنێك، زوڕنای ئامادەبوونی لێدا و پاش دەمێکی کورت، فووی جوڵەی بەپیرەزوڕنادا کرد و هەمووان، سەرلەنوێ، لەپاش سەرلەشکرە سپی پۆشەکەیانەوە، کەتنەوە ڕێ.

بەتەنیشت گوندێکی ئاوەدانی سەد ماڵەدا، گوزەریان دەکرد. کۆمەڵێك، ژنی تەوراس بەدەست، بەخۆیان و گوریس و چەندین گوێدرێژی بەکورتانەوە، بەتولەڕێیەکدا بەرەو کێوێکی پشتی گوندەکە سەردەکەوتن. ژنەکان، لەژێر کڵاوی بەتاکەی زیو و گوڵەنگی بچوکی ڕازاوەوە، کەهەوریەکی قەبەیان، سێچین، بەسەرەوە پێچابوو. ژێرچەنەی ئاڵتوونی زەردباو، لەژێر گرێی سەرملی دەسماڵەکەیانەوە، لەبەر تیشکی خۆر دەتریسکایەوە. پشتوێنی سێگرێی لەخام، لەکەمەریاندا و لەخوار کەمەربەندێکی زیوینەوە و لەسەر کراسە ئاودامانە ڕەنگاوڕەنگە ئاوریشمییە بەگوڵچنراوەکانیاندا، لەتەنگەی خۆیان، توند جەڕاندبوو. پاوانەی زەنگلۆکەدار، لەقاچەکانیاندا، لەسەرووی دوواستوونی کەوشە پەڕۆی بن چەرمی سپی و سوور و شینی لوت چەماوەیاندا، وێنایەکی ئەفسوناویی دەخستە پێش چاوی ڕێبوارەکان. کەهەر دەتگوت، پەریەکانی ئاهوران و ئەم پایزە، میوانی ناوەختی ئەم دەڤەرە ئاوەدانەن. بۆ هێنانەوەی بارەداری سوتەمەنی شەوە ساردەکانی ژوور و دیوەخانە پڕ لەدانەوێڵەکان، بەکێوەکەدا، بەهەنگاوی کورت و خێرا، هەڵدەشاخان.

سوارێك، بەسەر ئەسپێکەوە، شمشێرێکی سەردەمی دیاکۆی بەقەدەوە بوو. کەوانێکی کردبووە شانی و جبەیەکی پڕ لەتیری بەلاقەدی زینەکەیەوە بەستبوو. کۆڵێکی لەپاشکۆ، بە کەژوویەکی بە بەن ڕێسراو، توند بە بەزینەکەوە گرێ دابوو. بەرەو سوپاهات و هاواری لێکردن" منیش بەرن لەگەڵ خۆتاندا. من، یەکەم سوارچاك و ڕاوکەری بەناوبانگ و شمشێرباز و تیرهەڵدەری دەستڕاستی ئەم گوندەم. دەمەوێت، ئەو ژیانەی ماومە، خزمەتی ئەم خاك و نیشتمانە بکەم".

پەخشانپا، بەیەکێك لەپاسەوانە تایبەتیەکانی خۆی گوت" ئەو سووارە بخەنە ڕیزی پڵنگەکانەوە".

شارەزوور، لەهەرچووار لاوە بە قەڵا دەورەدرابوو. دانیشتووانەکەی سەربەخێڵی لۆلۆیی بوون و هاونیشتمانیانی ڕەسەنی خێڵەکانی زاگرۆس بوون. ژنەکانیان، مشکیی ڕەشی سێچینی گوڵەنگداریان دەبەستەوە و پیاوەکانیشیان، کوڵەباڵی خوریان لەبەردەکرد. سەربازەکانیان، تێکڕا، شمشێربازی جەربەزە و شارەزابوون و نیشانەشکێنی زۆر باش بوون کەلەدووریی زیاتر لە سەد و پەنجا هەنگاوەوە بەتیرەکانیان، بەئاسانی نیشانیان دەپێکا. ئەوان، نوێترین گورزی زنجیری هەشت هەنگاوییان پێ بوو. گورزەکە، دەستکێکی دارینی پتەوی هەبوو کە بەئەڵقەیەکی کانزایی لەمەچەك دەکرا و هەشت هەنگاو زنجیری درێژ و تۆپەڵێك مسی سوورباوی خڕ، وەك گلۆڵەیەك لەچەقۆی نوك تیژ، سەری چەکەکەیانی پێك دەهێنا. چەکبەدەستانی گورز وەشێن، لەهەر یەکێك لەو یانزە قەڵایەدا کە دەورەی شارەزووری پێ تەنرابوو، پێنجسەد کەس دەبوون. بەمەش نزیکەی پێنجهەزار و نیوێك سەربازی گورز وەشێنیان هەبوو کە پێیان دەگوتن پاڵەوانە گورزوەشێنەکانی بەرەی ناوەڕاست. بێجگە لە گورزەکانیان،

شمشێریشیان پێبوو. شمشێرەکانی ئەوان، جودا لەوانەی سوپا تایبەتیەکەی کەیخەسرەو، کەتۆزێك چەماوەی نوك تیژ بوو، شمشێرەکانی ئەوان، چەماوەی دووسەرە بوون.
تیرهەڵدەرەکانی ئەوان، ژمارەیان دووهەزار جەنگاوەر بوون و تەواویان ژن بوون. ژنەکان، دارەوان و بازهەڵدەر و شاخەوان بوون. چوست و چالاك و بزێو بوون. خێرا و بەهەڵمەت و دەستکەرەوەبوون. چاونەترس و قارەمان بوون. توانایەکی سەرنجڕاکێشیان هەبوو. کە ببوونە پشتیوانیی مانەوەی پاشا و دەسەڵاتەکەی لەو دەڤەرەدا.
لەگەڵ گەیشتنی سوپاکەدا، بەسەرۆکایەتی پەخشانپا، دەهۆڵ و زوڕنای شایی و سەما دەستی پێکرد. خەڵك، لەسەر ڕێگاکاندا، بە سەبەتەی گوڵەوە وەستابوون و سوپایان گوڵ باران دەکرد. هەلهەلەیان لێدەدا و درودیان بۆ بەخشندەیی کەیخەسرەو دەنارد. خۆشاوی ترێیان لەگۆزەکانی کۆڵیان دەردەهێنا و بەجامی دارگوێز، دەیاندایە سوپاکە. هەموو، پێدەکەنین و سەمایان دەکرد.
پەخشانپا، لەبەردەم دەروازەی شورای کۆشکێکی گەورەدا، دەستی ڕاستی بۆ سوپاکەی بەرز کردەوە ئەوانیش وەستان. لەئەسپە سپیەکەی دابەزی و مەیتەرێك، ڕەشمەکەی لێگرت.
پاشای شارەزوور، ناوی، شابێلول بوو. لەبەردەم پەخشانپادا، چەمایە و پاشان، کڕنۆشی برد. درودی بۆ کەیخەسرە و نارد و ستایشی ئەم هاتنەی پەخشانپای کرد. بەناوی دانیشتوانی شارەزوورەوە خۆشهاتنی کرد و گۆزەیەك ئاوی لەبەرپێیدا ڕشت، کەنیشانەی بەهرەبەرداری و خۆشخوانی و خۆشژیانی و سەرفرازی بوو. پاشان، فەرمووی لە سەرلەشکر کردو بەیەکەوە، چوونە ناو کۆشکەکەوە.

دیوارەکانی کۆشکەکە، بەفەرش ڕازێنرابوونەوە. فەرشە هەڵواسراوەکان، بەوێنەی خودای مەزدا و پەریەکانی دەوروبەری نەخشێنرابوون. هەندێکیان، تابلۆی فراوەهریان تێدا چنی بوون. هەندێکیشیان، وێنە و نیگاری سەرنجڕاکێشی فەرهەنگی و داستان و چیرۆکە ئەفسانەییەکانیان تێدا نەخشاندبوو. لەچەندین فەرشدا، کەهەردوو لای سەرو خواری بەگوڵەنگ ڕازێنرابوونەوە، وەك ئەوەی بتخەنە ناو جیهانێکی خەیاڵییەوە، ژنان، تێیدا بەخۆیان و چەنگەکانیانەوە، مۆسیقایان بۆ پادشاکان لێدەدا. دەفیان دەژەنی و سەمایان دەکرد. شمشاڵیان لێدەدا و گۆرانیی ئەو سروشتە ڕازاوەیەی شارەزووریان دەگوت. تەنانەت، ئەوەی بەدالانی کۆشکەکەدا بڕۆشتبا، وای هەست دەکرد، چوواردەوری پڕە لە کچە پەرییە سپیکەڵانە دەف لێدەر و چەنگ ژەنەکان.
لەحەوشە پان و بەرینەکەی قەڵاکەدا، گۆلێکی پڕ لەئاوی تێدابوو. جۆراوجۆر ماسیی و سوور و ماسییە پانکە و ماسیی کللك پەڕەکەی لێ بوو. دەوروبەری گۆلەکە، پڕبوو لەگوڵی زستانەی جۆراوجۆر، کەهەردەتگوت، بەدەست نەخشاندووتن. هێند، ڕەنگەکانیان تۆخ بوو، کەبەزەحمەت، لەگەڵ یەکتردا جوودا دەکرانەوە. لەتەنیشتییەوە، گەرماوێکی گەورە هەبوو. لەکانیاوێکی ناو قەڵاکەوە ئاوی بۆ هاتبوو. هۆدەیەکی تایبەتییان بەخۆشتن بۆ دروست کردبوو. ئاگردانێك لەژێر هۆدەکەدا بوو. ئاوەکە، لەناو هۆدەکەدا، بە بۆڕیی تەندووریی گڵین، ڕەت دەبوو و دەچووە چاڵێکی تەندووری ترەوە. لەدیوی دەرەوە و لەئاستی چاڵە تەندوورییەکە، ئاگردانێکی لێبوو و ئاوەکەیان پێ گەرم دەکرد. گۆلێکیش، لەناوەڕاستی گەرماوەکەدا بوو و

ئاوەگەرمەکەی تێ دەڕژا. گۆلەکە، بەهۆی بەرزیی ژوورەکەوە، بەئاسانی دەتوانرا، ئاوەکەی ئاڵ و گۆڕ بکرێت.

دەرگای دیوەخانی پادشا، دەچووەوە سەر داڵانێکی درێژ. لەکۆتایی داڵانەکەدا، چەندین ژووری تر، داڵانێکی درێژتریان پێك دەهێنا، هەموو ئەمانە بەشوورایەك دەورە درابوون. لەدەرەوەی ئەم شوورایەدا، دەیان خانووبەرەی تری لێ بوو. پەرستگایەك، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بوو کە پشتی دابوو بەشوورای دووەمەوە. پاش ئەو شوورایە، بەشێوەیەکی بازنەیی، سەدان ماڵ و خانووی نیشتەجێ و مۆڵگەی سەربازیی و دەیان پەرچەزەویی کشتوکاڵیی دانەوێڵە وتەڕە و سەوزەی لێبوو و چەندین سەرچاوەی ئاو، کەوتبووە ناو قەڵاکەوە. ئەم شوورایە، لەهەموو لایەکەوە، بەقەڵای بچوکتر لەخۆی دەورە درابوو. قەڵاکان، سەدان سەرباز و جەنگاوەری هەمیشەیی ئێشکگری لێ بوو. دوودەرگای سەرەکی، لەڕۆژهەڵات و لەڕۆژئاواوە، تاکە ڕێگای هاتوچۆ بوو. قەڵاکە، هێندە سەخت بوو، کە دەیان هەزار سەرباز، نەیاندەتوانی، دەستی بەسەردا بگرن.

کاتێك کە چوونە دیوەخانی پادشا، شابێلول، فەرمووی پەخشانپای بۆسەر تەختێکی چوارپای ئاڵتوونی کرد. بەڵام، پەخشانپا، لەوێندەر دانەنیشت و ووتی" ئەو تەختە، تایبەتە بەپادشایان و ڕاستە من سەرلەشکرم، بەڵام، هێشتا جەنگاوەرێکم". چاوی گێڕا و پاشان، لەنزیك تەختەکە و لەلای ڕاستی دیوەخانەکەوە، لەسەر فەرشێك، کە سەرینای درێژ و بازنەیی پڕ لەپەڕی مریشکی لێ دانرابوو، دانیشت.

شابێلول، گەلێ لەم کردەوەیەی پەخشانپا سەری سووڕما. هەربۆیە، بەناچاری، لەتەنیشت پەخشانپاوە، خۆیشی لەسەر فەرشێکی چنراوی یەك هەنگاوی دانیشت. پاش دەمەتەقێیەکی زۆر و باسی نەخشەی جەنگەکە و پێداویستییەکانیان، گفتوگۆیان کرد و چوون بۆ جێگاکانی خۆیان و نوستن.

سوپاکە، ماوەی سێ ڕۆژ بوو، پشووی دابوو. شابێلولیش، شەش هەزار کەسی تری ئامادەکردبوو. بەمەش، ژمارەیان گەیشتبووە چواردەهەزار کەس. سوپای ژنەتیرهاوێژەکانیان، لەگەڵ وورچەسپیەکان تێکەڵ کرد و گورزوەشێنەکانی بەرەی ناوەڕاستی شارەزووریان لەگەڵ پڵنگەکاندا کرد بەیەك. هەزار سوارێکیشیان لەگەڵ کۆمەڵی دڵی پادشادا، یەکخست. دووای ئەوەش، بەتەواوی پێداویستییەکانی جەنگەوە، بەرەو قەڵای چەرموو، لەدژی سوپای ئاشوور، بەڕێ کەوتن.

قەڵای چەرموو، سێ ڕۆژی سووارەڕێ، لەشارەزوورەوە دوور بوو. لەسنووری دووەم قەڵای یانزە قەڵای شارەزووردا، ڕووبارێکی لێ بوو. پردێك، بە داری قەبە و خشتی سوور و گابەردی زلزلی تاشراوی ئەندازەیی، دروست کرابوو. ئەمسەروسەری کەنارەکە، بەپانتایی چل و هەشت هەنگاو بەخشتی سوور هەڵچنرابوو و دیوارێکی پتەوی دووسەرە، لەمبەرو لەوبەری ڕووبارەکە دروست کرابوو کەهەڵگری هەردوولێوار و سەرەکانی پردەکەبوون. چوارپایەی بەرامبەر بەیەك و دوو دوو لەئاستی یەکتریدا کە نزیکەی هەشت هەنگاو نێوانیان بوو، وەك کۆڵەکە. پردە بەردینە بە دار داڕێژراوەکەیان ڕاگرتبوو. پایەکان، بەردەکانیان کەنزیکی سێ باوەش و گەورەتریش دەبوون، بەشێوەیەکی بازنەیی تاشرابوون. لەنێوەندی سەرێکی بەردە بازنەییەکاندا، کونێك تاکو نیوەی هاتبوو. لەسەرەکەی تریەوە، نیرگێك، وەك شاخێکی ئەستووری گایەك دەپەڕیبوو.

بەشێوەیەك، کەیەکەمیان دانابوو، دووەم گابەردی تاشراوی بازنەییان وەك نێرومێ تێهەڵچنیبوو. تاکو سەرێ، کۆڵەکەیەکی بەردینی لێ پێك هاتبوو، کە بەردی بنەوەیان لەهەموویان پانتر و گەورەتر و قورستر بوو. تادەهاتیشە سەرەوە، بەردەکان، بچوکتر دەبوونەوە. لەسەرێڕا، لاشانەی تەختی چووارهەنگاویی بەردینیان، بەئەندازەیەکی ڕێکوپێك لەسەر دانابوو کە هەموو لاشانەکانیش، لەگەڵ یەکتریدا و لەبنەوەیان بۆ سەر کۆڵەکە بەردینەکە، نێرومێ بوون و چووبوونە ناو یەکترییەوە. لەسەر لاشانەکانی ئەمبەروبەر، داری گەورەی داتاشراوی تەختی پتەوی سەدساڵ تەمەنیان لەسەر بەبزماری گەورەی کانزایی داکوتابوو و ڕێڕەوی هەشت کەسیی سەرتەختایی پردەکەیان لێ پێك دەهات. چەندین پەیکەری جۆراوجۆریان لەم لاولای پردە بەردینەکە، هەڵکەندبوو. لەسەرێڕا، هونەری دارتاشینی پێوەدیار بوو کە بەرزاییەکەی لەسەر تەختی پشتی پردەکەوە، دووبالاو نیو دەبوو. لێوارەبەرزەکانی لەشێوەی شوورادا دروست کرابوو. هەرکەسێك بەسەریدا بپەڕیایەتەوە، ئەوا دەیزانی کە ئەم هونەرانە، هەموویان تێکەڵ بەیەکتری کراون و ئەوپەڕی شارستانیەتی پێشکەوتووی ئەوێ ڕۆژیان نیشان دەدا. بەشی ئەوبەری ڕۆژئاوای پردەکە، ڕاستەوخۆ بەشێوەی تونێل، بەبن قەڵایەکدا تێدەپەڕی کە لەسەر گردێکی نەختێك بەرز دروست کرابوو. تونێلەکە، بە کۆمەڵێك ئاگردان ڕوناککرابوونەوە و دوکەڵکێشەکانیشیان دەچوونەوە ناو قەڵاکەی سەری.

سوپاکە، لەسەر پردەکەوە پەڕینەوە و بەدەشتاییەکی فراوانی پڕ لەمێرگ و زەویی کشتوکاڵیدا تێپەڕین کە زۆربەیان جێگای مەرەزەی ئەوساڵە بوون و لەناو گۆلەکاندا، هێشتا قەسەڵی نیوەبڕاوی قەدی چڵەکانی برنجیان تێدابوو.

شابێلول، لەلای چەپی پەخشانپاوە، لەپێشەوەی سوپا چوواردە هەزارکەسییەکەوە دەڕۆیشت، ووتی" خاتوونی سەرلەشکر، لێرە ڕەت بووین، پاش نیو ڕۆژەڕێ، کەدەکاتە ئێوارێ، ڕێگاکەمان بەرزاییەکی تێدەکەوێت. کەوەك بانێك لەسەرەوە تەختە. با ئۆردووەکەمان لەوێ بیخەن و پاش پشووی ئەو شەوە، لەگەڵ شەبەقدا، خۆمان کۆدەکەینەوە و دەکەوینە ڕێ. ئیتر ناوەستین تاکو گەرووی بازریان".
پەخشانپا، سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی" باشە وا دەکەین. بەڵام، سەبارەت بە باران چ زانیاریەك هەیە".

شابێلول، کەجڵەوی ئەسپەکەی بەدەستی چەپی گرتبوو و دەستەکەی تری لەسەر کەلەکەی دانابوو، ووتی" کەش شوناسەکانمان پێیان ووتم، تا دووانزە ڕۆژی تر، باران ناباریێت. بەڵام، هەوا، زۆر سارد دەبێت و شەوانە زوقم دەباریێت و زەوی دەیبەستێت".

ڕێگاکە، بەدەشتێکی نیمچەتەخت و هەندێك جار گردۆڵکەی بچوك و شیوی دوورو درێژدا تێدەپەڕی کە لەهەر چەند هەزار شەقاوێکدا، کانیاوێکی دەهاتە ڕێ. کانیاوەکان، سەرچاوەکانیان بە بەرد و خشتی سور هەڵچنرابوون و سولکەیان بۆ ئاوەکەی دانابوو و دەفر و جامی لەگڵ دروستکراویان لەسەر دانرابوون بۆ ئاوپێخواردنەوە. لەبەردەم هەر کانیاوێکیشدا و بەدرێژایی سەد مەترێك، ڕیزێك گۆلیان بۆ ئاوەڕۆکەی دروست کردبوو کەجێپێی مەڕ و ماڵات و مانگای لێدیار بوو کە لێیان پاراو کردبوو.

بۆ ئێوارێ درەنگ، گەیشتنە بەرزاییەك. سەر بەرزاییەکە تەخت بوو. ئۆردووی یانزەهەزار سەربازەکە، لەوێ بارگەیان خست و پشویان دا.
سبەینێ، لەگەڵ تاریک و ڕوندا، موبیدێکی ڕیشسپیی بەتەمەن، بەدەفێکەوە، دەستیکرد بەبانگی لەخەوهەستانی ئۆردووەکە و هاواری هەستان لەخەوی لێکردن بۆ نوێژی هاڤانیی شەبەق.
ئۆردووەکە، تێکڕا، لەخەو هەستان و بەبێ چەك، بەدەم و چاو و دەست و مەچەك و قاچوقولی شۆراو و خاوێنەوە، لەپاش موبیدی پیری پیرۆزەوە، ڕووە و ڕۆژهەڵات و بەپێوە، وەستان و دەستی ڕاستیان خستە سەر دڵیان و چاویان بڕییە شەپۆلی هێواشی شەبەقی ڕوناکی. هەمووان، لەپاش پیرەوە، سوێندیان بۆ ئاهورا خوارد، کەبەشێکن لەئەو و تاکو مردن، کۆڵ لەبەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگارکردنی خاکەکەیان نادەن.
سوپا، بەرەو گەرووی بازریان، کەوتنە ڕێ. لەلێژاییەکە چوونە خوارەوە، هەواڵدەرێك، کۆترێکی بەدەستەوە بوو و بەپەلە و بەسوواری ئەسپێکەوە، ڕووی کردە شابێلول. هەرکەگەیشتە لای، سەری نەوازشی بۆ دانەواند و کۆترەکەی دایەی دەستی.
شابێلول، لەقاچی ڕاستی کۆترەکە، نامەیەکی پێچراوی بچوکی کردەوە کەچەند پیتێکی تێدا نوسرابوو. پاش خوێندنەوەی و تێگەیشتن لەمەبەستی نامەکە، ووتی" فەرماندار، پەیامەکەمان دەڵێت، ئاشووریەکان، لەقەڵای چەرموودا خۆیان قایم دەکەن و ئاگاداری هێرشی ئێمەن. هەروەها هاتووە، نزیکەی دووهەزار سەرباز دەبن و داوای هاوکارییان لە قەڵای ئارەبخا کردووە".

پەخشانپا، کەبەووردی گوێی بۆ زانیاریە نوێکانی شابێلول ڕادێرابوو، وتی" ئەوان، هەرچەندێك بن، ئێمە نین. چونکە، ئێمە کوردین و ئەوان ئاشورین. بۆیە، خەمت نەبێت، لەیەکەم هەڵمەتماندا، تێکیان دەشکێنین و قەڵاکەیان لەژێر دەست وەردەگرینەوە".
لەنیوەی ڕێگای ئەوڕۆژە، گەیشتنە چەمی تەرمینالْ. لەبوارێکەوە پەڕینەوە و بۆ ئێوارێ، گەیشتنە، دەربەندی بازریان.
گەرووی بازریان، هەرگیز ڕەشەبای لێ نەدەبڕا. یەکێك لەسەربازەکان، کەخەڵکی ڕەسەنی ئەو دەڤەرە بوو، بە پەخشانپای سەرلەشکری ووت" ئەم دەربەندە، بەهۆی پەستانی بای ناوچەکەوە، بەردەوام، وەك دەروازەیەك، بۆتە ڕزگارکەری بای قەتیسماو. ئەم بایە، لەدەشتاییەکانی خوارەوە پەنگ دەخۆنەوە و لەنێوان ئەم زنجیرە چیایەوە و بەم دەربەندەدا، خۆیان لەو پاڵەپەستۆیە، ڕزگار دەکەن. هەربۆیە، ناویان ناوە بازریان، چونکە هەرگیز ڕەشەبای لێ نابڕێت".
لەناو دەربەندەکەدا، کانیەکی گەورەی لێ بوو و ئاوەکەی ڕاستەوخۆ بۆ پەرستگایەکی بەشوورا دەورەدراو، گواسترابۆوە. لەلای ڕۆژئاوای پەرستگاکەشەوە، شاری دەربەند پێك دەهات. شارەکە، نزیکەی یەك هەزار خانوبەرەی تێدابوو. شەقامی مەڕمەڕ و گومەتی بەرز و درەختی هەمەچەشنە و دەشتاییەکی فراوانیشی لەبەردەمدا بوو. بەڵام، بەهۆی هێرشی بەردەوامی سوپای ئاشوورەوە، چۆڵ و هۆڵ بوو. چونکە، تەنها یەك نیوەڕۆژی سوارەڕێ لە قەڵای چەرمووەوە دوور بوو. بەمەش، ببووە شەڕگەیەکی بەردەوامی سوپای شارەزوور و ئاشووریەکان.

پەخشانپا، فەرمانیکرد، هەمووان، بچنە ناو ماڵە چۆڵەکانەوە و خۆیشی لەگەڵ شابێلول و دەستەو تاقمە تایبەتیەکەیدا، چووە ناو پەرستگاکەوە.

ئەوڕۆژە، پاش پشوودانێکی باش و تێرخواردن، تەواوی سەرکردەکان، لەناو پەرستگاکەدا، لەبەردەم پەخشانپادا کۆبوونەوە. پەخشانپا، کە پەڕێکی درێژ و لوسی داڵێکی بەدەستەوە بوو و یاری پێ دەکرد، ووتی" پاڵەوانەکانی ماد، ڕۆڵەکانی کەیخەسرەو، جەربەزەکانی ئەم خاکە. ئێمە، ئەمڕۆ، گەیشتینە جێ و دیارە هەمووان پشووتان داوە و تێروتەسەلن. لەچەك و پێداویستیی جەنگیدا، پۆشتەن. ئەوەندەی کەگرنگە، دەستپێکردنی ئەو هێرشەیە کە دڵنیام تاکو دەگەینە قەڵاکە و دەست پێدەکەین، من لەداخا هەموو لێوی خۆم دەخۆم و ددانەکانیشم تا بنی بنەوە دکرۆژم. ئایا، ئێوەش وەکو منن؟".

سەرکردەکان، هەموو تێکڕا، ووتیان" بەڵێ ئەی کچی خواوەندی میهر. ئێمەش، بۆ تۆڵەی سەد ساڵەمان، وەکو تۆین".

پەخشانپا، لەژێر ڕۆشنایی زانیارییەکانی شابێلولدا، نەخشەی گرتنی قەڵاکەی دانا و ووتی" هەرئەم شەو، دەگەینە قەڵاکە و هێرشی ناوەخت، دەستپێدەکەین". هەر پاش ئەم قسەیە، سوپا، لەچاوتروکانێکدا، کەوتە جوڵە.

قەڵای چەرموو، نزیکەی سەد ساڵێك تەمەنی بوو. بەپشتی دیلەکانی لۆلۆ دروست کرابوو. کاتێك بۆ یەکەم جار، ئاشووریەکان، هێرشیان هێنابووە سەر شاری چەرموو، تەواوی خەڵکی شارەکە و دەوروبەریان دەستگیر کردبوو و ئەو قەڵایەیان، بەخۆڵ و بەرد و خشت، پێ دروست کردبوون.

ئاشووریەکان، هەر بۆ سوکایەتی بەخەڵکی ماد، دامەنی کراسی ژنەدەستگیرکراوەکانیان بڕیبوو و بەناو شار و شارۆچکە و قەڵاکانی ئارەبخا و ئەربائیلۆ و نەینەوادا، بەڕووتی گێڕابوویان. پاشان، وەك کۆیلەیەك، بە بازرگانەکانی وولاتی فیرعەونیان فرۆشتبوون.

سوپا، لەنیوەشەودا، گەیشتە دەوروبەری قەڵا. لەوێ، نزیکەی دووهەزار جەنگاوەری ئاشوور، لەدەرەوەی قەڵا و لەڕۆخ و کەناری شیوێکی لافاوکردا، چاوەڕوان بوون. ئەمان وەستان و بەپێی نەخشەکەیان، کەهەموو ئەگەرەکانی تێخنرابوو، پێنج هەزار کەس، وەك کۆمەڵەی یەکەم، بەپێشڕەویی وورچە سپییە تاکمەمکەکان و بەسەرۆکایەتی پەخشانپا، بۆ جەنگێکی قارەمانانەی یەکلایی کەرەوە، چوونە پێشەوە.

کۆمەڵەکە، هەزار جەنگاوەری کەوان بەدەستی لێ جودابووەوە و تاکو سبەینێ، بەدەم دەفلێدان و سەما و گۆرانی و ئاگرکردنەوەوە، بەردەوام تیربارانی سوپای بەرامبەریان دەکرد و جار جارەش، هێرشێکی بێ مەبەستیان دەکردنە سەر. تاکو بەجەنگی بەردەوام و بێخەوی، ماندوو و هیلاکیان بکەن.

ئەوشەوە، تابەیانی، جەنگێکی منداڵانەی ماندووکەر کرا. هەرچەندە، بەڕوکەش، هیچ گۆڕانکاریەك بەرچاو نەدەکەوت، بەڵام، لەناو ئاشووریەکاندا، ترس و هیلاکی و بێخەوی، نیوەی زیاتری سەربازەکانی لەناو بەلەمێکدا سووار کردبوو کەبۆ ئایندەیەکی نادیار و سەرزەمینێکی نەناسراوی دەبردن. ئەوان، هەموو تێکڕا، هاواریان بۆ خوداوەندی ئەشتار دەکرد و دەپاڕانەوە لێی کە ڕزگاریان بکات.

سبەینێ، زوو، کۆمەڵی یەکەم، بەرەو دوشمن جوڵا. وورچە سپیەکان، بەخۆیان و ئەسپەکانیانەوە، شانبەشانی پەخشانپای سوپاسالار، سنگیان بەپێشەوە نا. لەنێوان هەردوو ئەسپێکدا، سێ جەنگاوەری ڕیزبەندی پڵنگ بوون و تیروکەوان و شمشێریان هەڵگرتبوو. بەشێوەیەکی بازنەیی، تەواوی ئەسپ سوارەکان، دەستیانکرد بەهێرشێکی هێواشڕۆ. لەگەڵ نزیکبوونەوەیان، ڕیزبەندی یەکەمی سێ کەسیی پڵنگەکان، دەرپەڕین و تیری یەکەمیان تێگرتن. ئەوان وەستان و ڕیزی سێکەسیی دووەم هاتنە پێشەوە و کەوانەکانیان لەیەکەم تیریان، بەرەوڕووی ئاشووریەکان، خاڵی کردەوە. بەو شێوەیە، تاکو سوارەکان، بەشێوەیەکی هەندەسیی ڕێکوپێکی بێزیان، گەیشتنە سەریان.

ڕیزبەندی سێیەمی کۆمەڵەکە، پاڵەوانانی گورز وەشێن بوون کەپێ بەپێی ئەسپەکان، وەك تاکتیکی جەنگەکە، بەناو تیروەشێنەکاندا، ڕەت ببوون و یەکەم دەستکردنەوەی جەنگەکە، ئەوان، بەگورزەکانیان، ئەو دیوارە قەلغانانەیان شکاند، کە سەربازانی ئاشوور، بەپێی هێڵکاریی جەنگیی تایبەت بەخۆیان، لەبەردەم خۆیاندا، بۆ بەرگری، پێکیان هێنابوو. بەمەش، جێگەی بۆ سووارەی وورچ کردەوە و بەخۆیان و شمشێرەکانیانەوە، ئەسپەکانیان، بەناو سەربازەکانی دوشمندا تاودا و بڕبڕیان کردن.

ڕیزبەندیی پڵنگ، لەگەڵ گورزوەشێنەکاندا تێکەڵ بوون و دەستیانکرد بەکوشتار.

سەربازانی ئاشوور، تاکو لەدەست سووارەی وورچەسپیەکان خۆیان لادەدا، لەلایەکی ترەوە دەکەوتنە بەر گورزی خڕی مسینی چەقۆجەستە. ئەگەر لەوەش ڕزگاریان بوایە، شمشێرێکی پڵنگەکان، سەریانی لەجەستەکەیان دەکردەوە. تاکو دوواسەربازی ئاشوور کۆتایی پێهات، بەو شێوەیە، بەبێ هیچ زیانێك، جەنگان.

جەنگی ڕووبەڕوو بەکوشتنی نزیکەی دووهەزار سەربازی ئاشوور، کۆتایی پێهات و بەرەو ناو قەڵا، کەوتنە ڕێ. ئەوانەی لەقەڵاکەدا مابوونەوە، تەنها پەنجاکەسێك دەبوون. بەبێ هیچ مەرجێك، خۆیان ڕادەستی جەنگاوەرانی ماد کرد و ئاڵای فروهەر و نیشانە و ستایشی ئاهورایان تێدا هەڵکرد.

قەڵاکە، شوورایەکی پتەوی بەشێوەیەکی بازنەیی لەسەر دروست کرابوو. لەهەر بیست هەنگاوێکدا، جێگای ئێسکگری بەشێوەیەکی تۆکمە و بەخشتی سووری برژاو لێ دروست کرابوو. لەناوەڕاستی قەڵاکەدا، گۆلێکی پڕ لەئاوی تێدابوو کەبە کۆڵی بارگیر و هێستر، ئاوی بۆ هێنرابوو. بەشێوەیەکیش بەرز بوو، کەبەسر تەواوی پێدەشتی چەرموودا، دەیڕوانی. گرتنی ئەم قەڵایە و ڕزگارکردنی ناوچەی کۆجاڕەکانی ئەو دەڤەرە پڕ گردۆڵکە و بانە تەختانە، گورزێکی کاریگەر بوو لەئاشوور و سوپاکەی سرەوێندرا. بۆ گەیاندنی پەیامی سەرکەوتنەکەش، پەخشانپا، سێ سووارەی چاپوکی لە سوپای وورچەسپیەکان ئامادەکرد و نامەیەکی لەپێستی ئاسکێکدا نوسی و پێیدا ناردن بۆ کەیخەسرەوی شاهەنشای وولات.

کەیخەسرەو، بەسوپایەکی پێنج هەزار کەسییەوە، بەپێدەشتەکانی کەلهوڕدا، بەرەو دەڤەری ئەنزان و قەڵای سەختی دەربەند و گەرووی کول، لەکوێستانەکانی بەختیارییەوە، بەرەو ناوجەرگەی لوڕ، لەتەنیشت کێوی بێستوونەوە ڕەت دەبوو، سێ سوواری سپی پۆش، بەسوواری ئەسپە سپیەکانیان، گەیشتنە لای و نامەکەی پەخشانپایان دایە دەستی.

کەیخەسرەو، هەر بەسەر ئەسپەکەیەوە و بەدەم دەستهێنان بەبەر سینگی نەرمی شاهۆکەیەوە، نامەی سەرگوردی خوێندەوە.
لەنامەکەدا نووسرابوو:
" بەرێز، شاهەنشای پادشایانی ماد... زادەی تیشکی زێڕینی هەتاو... هەواڵی سەرکەوتنی سوپای ماد و تێکشکانی شەڕەنگێزان و داگیرکەرانی ئەم نیشتمانەت پێ دەبەخشم... ئێمە، سوپای ئاشوورمان لەقەڵای چەرموو، تێك شکاند و تەواوی سەربازە ترسنۆك و چاوچنۆك و دڵڕەقەکانیانمان لەناوبرد... هەزاران ئەسپ و شمشێر و تیروکەوان و قەلغان و پێداویستیی دیکەمان دەستکەوت بوو. بەشێوەیەك، خوێنی ئاشوریەکان، لافاوێکیان لەخۆیان دروست کرد و تەواوی ژەهری داگیرکەرانەیان، لەگەڵ خۆیاندا ڕاماڵی و لەبەرچاو، بۆ یەکجارەکی وون بوون... ئێستا، فەرمان بکە، تاکو بەخۆم و سوپاکەمەوە، بگەمە ئارەبخا و ئەوێش بێنمەوە ژێر باڵەکانی مەزدا...
جەنگاوەی ئازادی و سەربەخۆیی لەم دەما
سەرلەشکری سوپا
پەخشانپا".
..... کەیخەسرەو، دەستی ڕاستی بۆ دەهۆڵژەن و زوڕناژەنی سوپا هەڵبڕی و نیشانەی وەستانی سوپای ئاراستە کرد. ئەوانیش، هەردوك، دەستیان کرد بەژەنینی دەهۆڵ و زوڕنای وەستانی کاتی و سوپا، لەجێگەی خۆیاندا، وەستان.
پاش ئەوەی داوای پێداویستیی نوسینی نامە و مۆرەکەی خۆی کرد و هێنایان، نامەیەکی نوسی و دایە دەستی پەیامهێنەکان و دەستووورییپێدان، بەبێ پشوو، بگەنە سەرلەشکر و نامەکەی بگەیەننە دەست.
شاهەنشا، لەنامەکەدا نوسیبووی:
" پاڵەوانانی ماد... قارەمانەکانی دیاکۆ... ئێوە، سینگتان تەزووی دەرهاویشتنی ڕوناکیی ئەم ڕەوانەی منە... جوڵەتان، جەستەی تورەی چیا و شیو و دۆڵ و تاقگەی بەخوڕی دووای سەرچاوەی ژیانەوەی کانیاوەکانی ئەم نیشتمانەن... خوێنتان، فرمێسکی بارانی ئەو هەورانەن کەلەداخی سروشتی بۆری زەوی، خۆیان دادەدۆشن و ڕەوان دەدەنەوە بەزەوی و دەیژێێنەوە... ئێوە، دەستی خەونی ئەو هەزاران کەسەن، کەبەزۆر، دەستگیرکران و کران بەکۆیلە و پاشان فرۆشران... ئێوە، دڵی ئەم خاکەن و بەروبومی بەهاری ژیانی هەموومانن.. دەست و بازوو و مەچەکتان دەگوشم و لەناخی دڵمەوە، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەتان لێ دەکەم...
هەواری شەڕگەی ئایندەتان، لە ئارەبخاوە و بە زێی کۆیەدا، بەرەو قەڵای ئاریزن بگۆڕن و دەڤەری ئاریزانەکان، لەقەدپاڵ و پێدەشتەکانی زاگرۆس، ڕزگار بکەن... چونکە، ئەوێ، خاڵی یەکگرتنمان دەبێت بۆ پەلاماری ئەربائیلۆ... هەنوکە، نۆکەرەکانی عەشتار، خۆیان لەشیوەکانی نێوتەپ و گردۆڵکەکاندا مەڵاس داوە و چاوەڕوانن بکەونە داویانەوە... پاش ئەوە، زستان دادێ و لەبەهاردا، پێتان دەگەم و بەپشتی ئەربائیلۆدا، دەچینە قەڵای داهی...
بەرەو سەرکەوتن و ڕزگای و سەربەخۆیی
شاهەنشای وولاتی ماد
کەیخەسرەو".

پاش ئەوە، سوپا بەرەو دەربەندی کول و ناوچەی لوڕی داگیرکراو، بەڕێکەوت... لەڕێگا، کوردەماڵە شوانکارەکان، بەسەدان سەر مەڕ و بزن و سەدان ڕەشەووڵاخ و دەیان ئەسپی ڕەسەن و ماینی سووری قەشانەوە، لەدەوروبەری ڕەشماڵە هەڵدراوەکانیاندا، ئاگریان کردبۆوە و سەگە دڕ و هەوشارەکان، بەدەنگە گڕەکانیان، وەك پاسەوانێکی بەئەمەك، ئەوناوەیان، ئاوەدان کردبۆوە.
سوپا، ماوەی یانزە ڕۆژ بوو، بەڕێگاوەبوون.. شەو، پشوویان دەدا و بەڕۆژ، ڕێگایان، بەرەو شەڕگەی ئایندەیان تەی دەکرد. بەبێ دەردەسەری و هیچ کێشەیەك، لەسەختترین و گەورەترین و گرنگترین قەڵای ئەودەڤەرە نزیك بوونەوە... هەر بەبیستنی هەواڵی هاتنی کەیخەسرەو بەنیازی هێرشکردن، لەهەرچوارلاوە، سووارەی تورە و سەربازی پیادەی پاڵەوان و دەست و مەچەکی پۆڵاییین، دەستەدەستە، دەهاتنە ڕیزی سوپاوە... وایلێهات، تاکو گەیشتە نزیکەی نیوڕۆژ پیادەڕۆ، لەنزیکی قەڵاکە، ژمارەی سوپاکەی کەیخەسرەو، لە پێنج هەزارەوە، گەیشتە حەوت هەزار...
کەیخەسرەو، بڕیاریدا، لەنزیك قەڵا، ئۆردوو بخات و سوپاکەی ئامادەی هێرشکردن بکات.. کەچی، پێش ئەوە، سوارێك، بەئاڵایەکی سپییەوە گەیشتە لایان و پەیامی خۆبەدەستەوەدانی سەرۆکی قەڵاکەی پێ ڕاگەیاند...
پاش ئەوەی کەیخەسرەو چووە ناو قەڵاکەوە، دەستووری بەسوپاکەی دا، لەدامێنی چیای ئامانۆسەوە بەرەو ناوچەی سوباریەکان و شاری گەورە و ناوداری ئیلام، بەڕێ بکەون.

.... پەخشانپا، لەسەر وەڵامەکەی کەیخەسرەو نەوەستا و بەنێوان زنجیرەچیاکانی زاگرۆسدا و بەکۆچارەکانی ئەو دەڤەرەدا، بەهەزاران سوارەوە، ڕووی کردە قەڵای ئارێزانەکان و تاکو، پاش ڕزگارکردنی ئەو قەڵایە، بەرەو داهی بکەوێتە ڕێ.

سوارێك، بەسەر ئەسپێکی ڕەسەنی کوردانەی سووری قەشانەوە، لەدوورەوە و لەبن دارگوێزێکی گەڵاوەریودا، بەسوپاکەیدا هەڵدەڕوانی. زرێیەکی ئاسنین، بەملی ئەسپەکەیەوە بەرەو نێوان هەردوو دەستی و لەوێوە دەبوونە سێ بەش، بەشێکی بەلای ڕاستدا و بەشەکەی تر بەلای چەپدا و سێیەمیان، بەنێوان هەردوو دەستی ئەسپەکەیدا، هاتبوونەوە بۆ سەر یاڵی و بە پەتێکی چەرمین، بەزینەکەیەوە بەسترابوو. هەردوو ئاوزەنگەکەش، ڕێك کەوتبوونە سەر زرێ ئاسنینەکە و قاچەکانی تێکردبوون. سەرکەڵەی ئەسپەکە، بەگوڵەنگی ئاوریشمی و زەنگڵۆکەی وورد ڕازابووەوە. شمشێرێکی ئاسنین، لەکێلانێکی زەردباوی مسدا، بە قایشێکی چەرمین، بەکەمەریەوە و بەبان پشتوێنە سێقەف گرێدراوەکەیەوە، بەخۆیەوە شەتەك دابوو. تیروکەوانێکی بەشانی ڕاستییەوە و لولەیەکی سەرکراوەی پڕ لەتیریش بەشانی چەپییەوە بوو. ڕمێکی درێژی هەشت پێیی نوك ئاسنی تیژی لەدەستی چەپ و ڕەشمەی ئەسپەکەشی بەدەستی ڕاست گرتبوو.

ئەسپە قەشان، هەناسەی توند و خێرای دەداو هەردوو کونەلوتی، بۆ هەناسەدانەکەی بەخێرایی و بەهێزێکی زۆر دەکردەوە و دەنوقاند. لەکاتی هەناسەدانەوەدا، هەڵمی گەرمی سیەکانی دەردەپەڕاند و ئارەق تەواوی بەدەنی تەڕ کردبوو.

سوارەکە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، دەمێك بوو لەلایەن کۆمەڵێك لە سووارچاکانی دەستەی هەواڵگریی جەنگەوە، چاودێری دەکرا. بۆیە، هەواڵگرێکی سوور پۆش، گەیشتە لای و درودی خۆشهاتنی لێکرد. هەواڵگرەکە، دەمامکدار بوو. تەنها هەردوو چاوی بەدەرەوەبوو. جل و بەرگێکی سوور و ئەسپێکی ڕەشی پێبوو. لێی پرسی، لەکوێوە هاتووە و چ هەواڵێکی گرنگی هێناوە. ئەویش، کەماوەیەك بوو، پشووی بەئەسپەکەی دابوو، بەخەندەوە، ڕووی کردە سووارەی سوورپۆش و ووتی: لەلای شاهەنشاوە هاتووم. پەیامی گرنگ و بەپەلەم بۆ سەرلەشکر پێیە.

پەیامهێنەر، هاوڕێ، لەگەڵ سوارەی هەواڵگردا، ئەسپەکانیان بەنەرمەغارێکی هێواش، بەرەو ڕیزی پێشەوەی سوپای ژنە تاك مەمکەکان تاودا و ڕوویان کردە سەرلەشکر.

پەیامنێر، لەئەسپەکەی دابەزی و لەبەردەم سەرلەشکردا، کەلەئەسپەکەی دابەزیبوو و ڕەشمەکەی بەدەستێکی گرتبوو و دەستەکەی تریشی لەسەر مسکی شمشێرەکەی دانابوو، چەمییەوە و درودی خوداوەند و ڕێز و وەفاداریی خۆی نیشاندا و پاشان، دەستیبرد، لەتورەکەکەی ملیدا، نامەیەکی لولکراوی دەرهێنا و بەهەردوو دەستی، بۆی ڕاداشت.

پەخشانپا، جوتێك دەستکێشی لە چەرمی وورچی سپیی لەدەست بوون. دایکەندن و نامەکەی وەرگرت. کردییەوە و خوێندییەوە. لەپاش خوێندنەوەی، چاوەکانی بەجۆرێکی سیحرئامێز و کەمێك قوڵ، بڕینە نامەهێنەرەکە و پرسیی: تەندروستیی شاهەنشا، چۆنە؟

ئەویش لەوەڵامدا ووتی: شاهەنشا، تەندروستیی زۆر باشە. بەڵام، پایەدار! پێدەچێت چاوەڕوانی دەستووردانی شاهەنشاتان نەکردبێت و خۆتان ڕێگا ڕاستەقینەکەتان هەڵبژاردبێت.
پەخشانپا، زەردەخەنەیەکی کرد و ووتی: پێش ئەوەی بەهار دابێت و شاهەنشا، بگاتە لامان، ئێمە، ئەم ناوچانە پاك دەكەینەوە و ئازادیان دەكەین.... بگەڕێرەوە و بە کەیخەسرەو بڵێ؛ جەژنی نەورۆز، لەهەگباتانە، بەیەکەوە دەکەین و ئاگری نەورۆز، لەدەروازەی قەڵای دیاکۆ دەکەینەوە.... پێی بڵێ؛ هەر کاتێك ئەم ناوچانەمان ڕزگار کرد، ڕاستەوخۆ دەگەڕێمەوە بۆ قەڵای گۆلی ورمێ و لەوێ یەکتری دەبینین.
سوپا، بەدۆڵە قوڵەکانی دەڤەری نزیك زێ دا، بەرەو سەرچۆمی پێچاوپێچی تورەی ئەو پایزە باراناوی و ساردە، بەهێواشی، دەجوڵا. جوڵەی خێرای ئاوەکە و ڕەنگە تەڵخە خاکییەکەی بەقوڕ و لیتەی کێوەکان، پەیامی جەربەزەیی سوارەکانی ئەو سوپا تورەیەیان بەرەو خوار، بۆ سوپای ئاشوور دەبرد. ڕوبارەکە، بەباراناوی پایزی چەند شەو و ڕۆژی بەردەوام، هەستابوو. دار و زیخ و گەڵای وەریو و قوڕ و پوشی نەرم بووی لەگەڵ خۆی لوش دەدا و پێشی خۆی دەدا. تەواو وەك ئەوە وابوو، کەبڵێ، ئەوا هاتن!... سوارچاکانی سپی پۆشان، بەمەچەکی تورەییەوە هاتن! کەسێك دەتوانێت، لەکاتی تورەیی مندا، لەسەر چیایەك  و لەناو ئەشکەوتێکدا خۆی حەشار بدات. بەڵام، ناتوانێت لەنوکی تیژی شمشێری پڕ لەتورەیی سوپای سپی پۆشەکان، خۆی ڕزگار بکات!
گوندەکانی سەر ڕێگای بەرەو جەنگی سوپا، بەکۆمەڵ، بەخۆیان و بارگیر و کۆڵەکانیانەوە دەهاتن و ئالیکی ئەسپیان دەهێنا. تیمێکی چاودێریکردن، کاروبارەکانیان ڕێك دەخست. تیمێکی پسپۆڕ، لەدابینکردنی خواردن و خواردنەوە، لەپێش سوپاوە دەڕۆیشتن، لەجێگای گونجاو، ڕەشماڵیان هەڵ دەدا و تاکو سوپا دەگەیشتە لایان، ئاگریان دەکردەوە و خواردنیان ئامادە و ساز دەکرد. تیمی هەواڵگریش، پەیتا پەیتا، هەواڵەکانیان دەگەیاند.
هەواڵگرەکان، بەسەر بارگیرەکانیانەوە، قەفەسی دارینی پڕ کۆتریان بارکردبوو. تیری تایبەتی نامەنوسین و ئەسپی ڕەسەن و خێرایان پێ بوو. چەکەکانیان، تایبەت بوو. ئەوان، تەنها شمشێرێکی کورت بەقەدیانەوە و خەنجەرێك بەکەمەریانەوە و تیروکەوانیان لەشاندا بوو. جل و بەرگیان، لەپێست دروست کرابوو و زرێپۆش نەبوون. ڕەنگی جلەکانیان، سوور بوو. ئەسپەکانیان ڕەش و دەم و چاویان هەڵپێچرابوو.
هەواڵگرەکان، لەهەر ناوچەیەك کەدەیگەیشتنێ، لەگوندەکان، کۆتری ماڵانیان کۆدەکردەوە و بەچەند ڕۆژێك، هێلانە و جێگاکانیان دەستنیشان دەکرد و کەسێکیان لەوێ بەجێ دەهێشت. تەنانەت، لەهەر گوندێکی سەر ڕێگای بەرەو جەنگی داهاتوو، کۆمەڵێك کۆتریان دەبرد. ئەم کۆترانە، بۆ گرنگترین ئامانج بەکار دەهێنران. لەهەر ئەرکێکدا و بۆ گواستنەوەی هەواڵی بەپەلە و خێرا، زانیاریەکانیان بەشێوەی کۆدی نهێنی، دەنوسی و لەباڵ یان لەقاچی کۆترەکەیان دەبەست و هەڵیان دەفڕاند. بۆ هەر نامەیەکیش، چەند کۆترێکیان هەڵ دەدا. ئەویش بۆ ئەوە بوو کەنەبادا، کۆترێکیان نەگات. لەجێگایدا، دوو تا سێ کۆتریان هەڵ دەفڕاند. کۆترەکەش، ڕاستەوخۆ بەرەو مەنزڵگای خۆی لەشەقەی باڵی دەدا. جاری وا هەبوو، هێندە دوور کەوتبوونەوە، بە چەند

قۆناغێك نامەكە دەگەیشت. قۆناغێكیان لەلای هەواڵگری یەكەمەوە كە هەواڵەكەی ناردووە بۆ هەواڵگری دووەم، كەلە گوندێكدا بوو. لەوێوە و بۆ گوندەكەی تر، نامەكە، لەچەند كۆترێكی گوندی دووەم، یان ناوچەی دووەم، دەبەستران و بەرهەڵدا دەكران. بەم پێیە، تا دەگەیشتە ناوەندی سەرەكیی تیمی هەواڵگرانی سوپا، چەندین گوند و ناوچەی جیاجیای دەكرد.

تیمەكە، كۆتری تایبەتیی خۆشیان هەبوو. ئەوان، هەموو شارەزا و پسپۆڕ بوون لەبواری كۆتر بەخێوكردندا. هیچ كەسێكیان لەڕیزەكانی خۆیان وەرنەدەگرت ئەگەر كۆتباز نەبووایە.

تیمی هەواڵگران، ئەسپ و تیروكەوانیشیان بۆ دەستاودەستكردنی هەواڵ و گەیاندنی بە سوپا، بەكار دەهێنا. بەڵام، كۆترەكان، سەركەوتوترینیان بوو كە لەبا، خێراتر بوو.

جوانووی كۆتر باز، سەرۆكی تیمی هەواڵگری بوو.... هەر لەمنداڵییەوە خەریكی كۆتر بەخێوكردن بوو. ئەم كارەی لەباوكییەوە بۆ مابۆوە. باوكیشی لەسوپاكەی فرەڤەرتیشی شاهەنشای پێشوودا، بەرپرسی تیمی هەواڵگری بوو. لەدوواجەنگدا، بەدیل گیرابوو و هەرلەوێدا، بەدەستی ئاشورییەكان، سەری پەڕێندرابوو.... كاتێك كەیخەسرەو، لەئەشكەوتە نهێنییەكەیەوە و بەسوپا بچوكەكەیەوە، لەچیاكانەوە سەری دەرهێنایەوە و گۆلی ورمێی گرت، جوانووی كۆترباز، وەك پسپۆڕێكی بواری هەواڵگری دەركەوت و تیمی هەواڵگریشی بەفەرمی دامەزراند.

جوانوو، زنجیرەی چالاكییەكانی لەدەزگای هەواڵگریدا، وەك وانەی سەرەكی، بە ئەندامان گوتبووەوە و ڕاهێنانی ووردی پێكردبوون.... دەبوو، هەواڵگر، ناوچەكانی دوژمن، دەستنیشان بكات. دووری و نزیكیی هێز و قەڵاكان لەیەكترییەوە، بخەمڵێنێت. جۆری چەكەكان و ژمارەی سەربازان و بەرزی و نزمیی قەڵاكە و شێوەكەی و ناوچەی لاوازی دوژمن و زەفەر پێبردنیان بنوسێت. تەواوی جموجوڵەكانیان، لەشیوەیەكی بازنەییدا و بەپێی زانستی ئەستێرەناسیش، ناوچەی جوگرافییان، دەستنیشان بكات. تەنانەت، دەبوو، هەواڵگر، ئەوە ڕوون بكاتەوە كە هاوكاری و هێزی پشتیوانیی دوژمن، لەكاتی پەلاماردا، چەند كاتی دەوێت كە بە هاواری سوپاكەیدا بگات. یان دەبوو، ئەوە شیبكاتەوە كە ئەو قەڵایە، بەچەند سەرباز دەگیرێت و پێویستیی جەنگەكەش، چی دەبێت! هەروا، ڕێگاكانی گەیاندن و پێداڕۆیشتنی گالیسكە جەنگییەكانی دەستنیشان بكردایە. پرد و ڕێگای تەنكاوی پێداپەڕینەوەی سوپای لە ڕوبار و زێكاندا دەستنیشان بكردایە. ئەمەش، بەلەبەرچاوگرتنی پاراستنی گیانی سەربازەكان، بەبێ كەوتنە جەنگ و ململانێوە.

جوانوو، بەردەوام، زانیاریی پێویست بە سوپای دەگەیاند. لەگەڵ، تیمی چاودێری و تیمی ئامادەكردنی خواردن و تیمی دابینكردنی ئالیكی وولاخەكاندا، كۆدەبووە و نەخشەی پێداتێپەڕینی سوپاكەی، بەو ناوچانەدا، دەكێشا و بەهەمووشیان، بەیەكەوە، ئەنجامیان دەدا.

هەواڵگرێك، نامەیەكی لە قەڵای سەر دەریاچەی پیناڕۆسەوە هێنابوو و هەواڵێكی بەپەلەشی لە سوپاسالاری نایریەكانەوە پێ بوو. نامەكەی دایە دەستی جوانووی سەرۆكی هەواڵگران و ووتی: سوپاسالاری نایرییەكان، نێردراوێكی بەپەلەی ناردووە بەرەو ئێرە و ئێستا لەڕێگایە. تیمەكەمان، زانیارییە سەرەتاییەكانیا ناردووە و دەڵێن؛ سوپاسالار، داوای یەكگرتن لە شاهەنشا دەكات و ئامادەیە،

سوپاکەی تێکەڵ بکات و ببێتە بەشێك، لەسەرزەمینی ماد. تەنها، بەو مەرجەی، نامەی فەرمیی لێخۆشبوونی کەیخەسرەوی بەدەست بگات. بۆ جەنگەکەش، دووانزە هەزار جەنگاوەری ئامادەیە تاکو لەجەنگێکی یەکلاییکەرەوەدا، پەلاماری ئاشوور بدرێت.

ئەوڕۆژە، کەش و هەوا، وەك ئەوەی پەیامێکی پێبێت، بەڕەشەبایەکی توندەوە، هێند سارد ببوو، تفت ڕۆبکردایەتە سەر زەوی، لەپاش کەمێك، دەیبەست. سەربازەکان، هەڵاوی دەم و لوتیان، بەتەمێکی چڕ، لەکاتی هەناسەدانەوەدا، دەهاتە دەرێ. ڕیش و سمێڵە هۆنراوەکانیان، چلورەی بەستبوو. جل و بەرگەکانیان، لەشەختەیەك دەچوو کە دەتگوت، سەهۆڵی دەیان ساڵی بەستووی لاکەمەری نسرمی چیای خۆرنەدیون. دەستەوانەکانیان، ڕەق ببوون و نەیاندەتوانی بەئاسانی پەنجەکانیان بجوڵێنن. دەستیان، بەڕم و مسکی شمشێرەکانیانەوە نوسابوو. ئاسمان، دەتگوت لەهەور هەڵهاتووە، تاقە گەردێکت پێوە نەدەدی. خۆر، هێند کز ببوو، گەر بەووردی تەماشات بکردایە، پێت وابوو، ئێستا نا ساتێکیتر، بەتەواوی دەکوژێتەوە. قەراخ و لێوارەکانی زێ، بەستبووی. ئاوەکەی، تەرزەئاسا، پەنجەی شەق دەکرد. زەوی، هێند ڕەق ببوو، لەوە دەچوو، دەیان ساڵە خۆر، تیشکی خۆی لێ قەدەغە کردووە و بەهەر هۆیەکەوە بووە، تۆراوە و بەجێی هێشتووە. تیمی خواردن ئامادەکردن، لەدارهێنان کەوتبوون و ئاگردانەکان، خەریك بوو دارەکانیان تەواو دەبوون.

لەوکاتەدا، کەپەخشانپا، ئەسپەکەی هێنابووە ناو ماڵە دەوارەکەیەوە و لەسەر پێستێکی خوریدار، ئەسپەکەی خەواندبوو و خۆیشی باوەشی کردبوو بە ملیدا. زانیارسا، جێنشینی شالیاری مەزن، لەگەڵ کۆمەڵێك لەئەستێرەناسان و ئایندەبین و کەش ناس و جوانووی سەرۆکی هەواڵگریدا، خۆیانکرد بەژووریدا.

زانیارسا، جێنشینی شالیاری مەزن بوو. لەبنەماڵەی موگەکان بوو. چاوکراوە و زیرەك و دووربین بوو. ئەو، تاکە کەسێك بوو کە کڕنۆشی بۆ کەیخەسرەو نەبردبوو. هۆکەشی ئەوە بوو کە بڕوای وابوو، نابێت هیچ مرۆڤێك کڕنۆش بۆ ئەویتر بەرێت. پێی وابوو، سەردارێك و گەدایەك، میرێك و جوتیارێك، شوانێك و بازرگانێك، سەربازێك و خزمەتکارێك، ژنێك و پیاوێك، منداڵێك و گەورەتەمەنێك، لەش ساخێك و نەخۆشێك، نێرەموکێك و مێیە موکێك، باوەڕدارێك و بێباوەڕێك، هەموویان، لەخاك بوون. بەگەردەپاکەکانی ئاو شۆراونەتەوە و بەهێزی گڕ و گەرمیی ئاگری پیرۆز، گیانیان بەبەردا کراوە. هەموویان لەیەك توخمن و لەسەر زەوی، تۆمەکانیان تێکەڵ بەیەکتر بوون. تەنها ڕەوشت و کردار و ئەندێشە و ڕەوانبێژییان، لەیەکترییان جودا دەکاتەوە.

بێجگە لەمانە، پیاوێکی ڕەوانپاك و یەکسانیخواز و تەگبیرساز و شارەزای دنیای دەوروبەری بوو. ئەو، بێجگە لەفەلەکناسییەکەشی، کە پسپۆڕ بوو تێیدا، پزیشکێکی بەهرەمەندیش بوو. تەواوی گژوگیا پزیشکییەکانی دەناسی. دەیتوانی گەدەی مرۆڤ هەڵبدڕێت و بیدورێتەوە. ددانی لەبەردی مرواری دروست دەکرد و بەدانەکانی دیکەوە، بە ڕیشاڵێکی مسی ڕەق، کە لەتاڵەدەزویەك دەچوو، دەبەستەوە و لەدەمی ئەوکەسانەدا دایدەنا، کەدانیان دەکێشا و پێویستییان بەوەبوو، دانێکیتر دابنێنەوە. جێگای شمشێری ژهراویی دەبڕی و دەیدورییەوە. ئەوانەی مار پێوەی دەدان، بێجگەلەوەی جێگەی مارپێوەدانەکەی دەبڕی و خوێنەکەی هەڵدەمژی، کونی

دەکردە جێگەیەك و خوێنێکی زۆری لێهەڵدەڕشت. پاشان، سەری قەسەڵی گەنم، یان قامیشێکی باریکی ڕۆ دەچەقاندە، ژێر پێستی قۆڵی کەسێکی ساخ و سەرەکەی تریشی ڕۆدەچەقاندە قۆڵی مارپێوەدراوەکە و پڕخوێنی دەکردەوە. هیچ کەسێك، سەری لەم کارانە دەرنەدەکرد. تەنانەت، هەندێك، کە کارەکەی ئەویان تاقی دەکردەوە، نەیاندەتوانی ژیانی مارپێوەدراوەکە ڕزگار بکەن و گیانی لەدەست دەدا.

پیر زانیارسا، پەرتوکێکی پزیشکیی، بەسێسەد پارچە، لەپێستی ئاسك نوسیبوو. لەبارەی مارپێوەدانەوە، هاتبوو، ژەهری مار، لەناو کیفێکی خڕدایە و لەتەوقی سەری ماردایە. هەرکاتێك، مار، بەددانەکانی گۆشتی یەکێکی گەست، لەکونیلەی ددانەکانییەوە، ژەهرەکە، دەڕژێنێتە ناو جەستەوە. ژەهری مار، لەهەنگوین شیرینترە. دەچێتە ناو خوێنەوە و بەهۆیەوە، خوێن کلۆکلۆ دەبێت و پاشان بەتەواوی دەیەمێت. دەبێت، لەکاتی ڕووداوەکەدا، دەبێت، جێگای پێوەدانەکە، ئەگەر نەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی، ببڕدرێت و لێبکرێتەوە. بۆ نمونە، پەنجە، دەبێت خێرا بقرتێندرێت. ئیتر هیچ زیانێکی نابێت. بەڵام ئەگەر جێگاکە ترسناك بوو و نەتوانرا ببڕدرێت، ئەوا، جێگاکەی بریندار دەکرێت و خێرا، دەگوشرێت و دەمژرێت. ئەگەر هەر سودی نەبوو، ئەوا، قامیشێکی باریك، یان قەسەڵی گەنم، دەچەقێنرێتە ناو دەمارەکانییەوە و خوێنەکەی خاڵی دەکرێتەوە. پاشان، بەهەمان شێوە، لەیەکێکیتر، خوێنەکەی بۆ دەگواسترێتەوە و پڕ دەکرێتەوە لەخوێن.

لەو پەرتوکەدا، زۆربەی گژوگیا پزیشکییەکانی تێدا نوسرابوو و چۆنییەتی گیراوەکان و بەکارهێنانیان. بێجگە لەمانەش، زۆرێك لەنەخۆشییەکان و چارەسەرکردنیانی تێدابوو. تەنانەت، خۆپارێزیشی لەنەخۆشییەکان تێدا نوسیبۆوە.

باوکی پیر زانیارسا، لەسەردەمی فرەڤەرتیشدا، شالیاری مەزن بوو. پاش تێکشکاندنە مەینەتبارییەکەی ئەو سەردەمە و بەدووساڵ، لەپڕ، دڵی لەلێدان کەوت و کۆچی دوایی کردبوو. هەندێك، دەیانگوت، لەداخ و خەمی ئەو کارەساتە، دڵی وەستاوە و مردووە. هەندێکیش دەیانووت، لەهەموو ژیانیدا، گۆشتی نەخواردووە. چونکە، بنەماڵەی موگەکان، گۆشتیان نەدەخوارد و پێیان وابوو، خواردنی گۆشت، توندوتیژی دژ بەمرۆڤ و ژینگەی دەروبەری زیاد دەکات و نابێت مرۆڤ گۆشت بخوات. ڕۆژێکیان، لەپاش ئەوەی لەپەرستگا هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە، لەداخا، بەرخێکی سەربڕیوە و هۆقەیەك گۆشتی بەرخەکەی بەبرژاوی خواردووە. هەربۆیە، یەکسەر کاریگەریی لەسەر داناوە و کوشتویەتی. ئیتر، زانیارسا، کەتاقانە بووە، بەردەوامیی داوە بە ڕێبازەکەی باوکی و توانیویەتی، لەماوەیەکی کەمدا، کەتەنها شەش ساڵی خایاندووە، ناوبانگ دەربکات و ببێتە جێگای متمانەی موگەکان و پاش سەرهەڵدانی کەیخەسرەو پاشا، کراوەتە جێنشینی شالیاری مەزن. لەدەستپێکی جەنگەکەشدا، کەسوپا بوون بەدوو بەشەوە، شالیاری مەزن، لەگەڵ کەیخەسرەو پاشادا، بەرەو ئیلام، بەڕێکەوت و ئەویش، لەگەڵ سوپاکەی پەخشانپادا، مایەوە.

پیری موگان، جێنشینی شالیاری مەزن، زانیارسا، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێك بکات، یەکسەر ووتی: پاڵەوان، پەخشانپا، ئەم شەو، یان سبەی شەو، هەورێکی ڕەش، بەری ئاسمان دەگرێت و بەفرێکی قورس دادەبارێت. بەفربارینەکە، پێدەچێت، یەك حەوتوو،

بخایەنێت. بەمەش، ڕێگاکان هەموو دەگیرێن و ناتوانین، تاکو نزیکەی یەك مانگ، بجولێین. جاخۆ ئەگەر بەفری دیکەی بەدووادابێت، ئەوا، تاکو بەهار و نزیکی ئاگری نەورۆز، توانای جولەمان نابێت. بێجگەلەوەی، ڕەنگە، زۆربەی سەربازەکان، لەسەرمادا ڕەق ببنەوە و ئەوەشی دەمێنێتەوە، لەبرسا بمرن. بۆیە، پێشنیار دەکەم، هەرئێستا، خۆمان بپێچینەوە و بەرەو قەلاتەولێر و قەلای دینکە، بکەوینە ڕێ. لەوێ، دەتوانین، خواردنی سوپا و ئالیکی ئەسپ و وولاخ و مالاتەکەمان دەست بکەوێت و هیچ ترسێکمان لە ڕووداو و هێرشکردن، نابێت و ئەگەر بەفرەکەش بباریت، ئەوا ئێمە، لەڕێگا دەبین و بەڕێگاڕۆیشتنبیش، گەرمیمان پێ دەبەخشێت و ناهێلێت ڕەقببینەوە. ئاوا، ئاسوودەتر دەبین و بۆ جەنگی ئایندەش، لەبەهاردا، چی فەرمان بکەن، بەتەگبیری هەمووان، ئەوە جێبەجێ دەکەین.

جوانوو، بەرپرسی هەوالگریی لەشکر، دەستی لەسەر سنگی دانا و خۆی، بۆ دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی، نوشتاندەوە. گفتوگۆکەی لەدەمی پیر، وەرگرتەوە و ووتی: ئێمە، لەهەموو کون و قوژبنێکدا، تیمەکانمان، بەجێ دەهێلین و لەزانیاری و ڕووداوەکان، بەئاگادەبین. خۆشمان بۆ هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، ئامادە و ساز دەکەین. تەدارەکی ڕوبەڕووبوونەوەش، لەگەل دەستەیەك لەسووارەکانی پلنگ، لێرە بەجێ دەهێلین. بۆیە، ئێمە، تەنها، چاوەڕوانی فرمانی تۆین تاکو دەستپێبکەین.

پەخشانپا، لەجێگاکەی خۆی هەستا و فەرمانیکرد، زوڕنای پاشەکشە لێبدەن و سوپا خۆیان ئامادەبکەن و هەرئەم شەو، بەرەو قەلاتەولێر و قەلای دینکەی سەر زێی بچوك، بکەونە ڕێ.

سوپای ئەم وولاتی بەردە، بەناو دۆل و قەدپال و تولەڕێی بنار کێوە بەستووەکاندا کەوەك تۆپەلە بەردێکی تێکترنجاوی لوسی لێ هاتبوو، بەرەو قەلاتەوێر و قەلای دینکەی قەراخی زێ، کەوتبوونە ڕێ..... سەربازی لەچەری( بەخیل) ی جەنگ، کەسوالەی پەڕاندنی کەللەسەری لەکیس چووبوو، بەڕقەوە، لەژێر بەستەلەکی بیردۆزی مەرگدا و بەدەم هەناسەی حەسرەتەکانی خوێنەوە، پێکانی هەلدەهێنایەوە و شەقاوەکانی کورتتر دەکردەوە، یەکپارچە ببوونە چلووره... چلورەیەکی سوور لەناخدا و لەدەرێشڕا، ملکەچێکی دلسۆز. کەتەنها جەنگ دەیتوانی هەلاوێری سوورایی ناخ و دلسۆزییە ملکەچەکەیان بکات... چونکە جەنگ، بۆ ئەوانی سەرباز، کەتاکە قوربانیی مانەوەیان بوون، جیهانێکی جاویدانیی پڕ شەهوەتی پیاوەتییانە. بۆ ژنانی سوپای وورچی تاك مەکیش، تاکە فریادڕەسی بوون بەپالەوانە... هەربۆیە پاشەوپاش گەڕانەوەی سوپا، بەگشتی، لەجاڕدانی بەزیوەکانی ژێر سەرمایە. خۆ ئەگەر سەرماش نەبا، ئەوا، هەنوکە، دەنوکی ئەم دالاشە برسییە، لەجەستەیەکی گەرم دەچەقی و پڕ بەدەمی گۆشتی پڕخوێن و گەرمی پێ دەئاخنییە ناو وورگە بەتالە ساردوسڕەکەیەوە. ئالەوێندەری پنت و ناو تارماییە نەخوازراوەکانەوە، درێژایی گوریس و ڕیشەی تالە بەنەکانی بەگرێ کوێرەکانییەوە، ڕوون دەبێتەوە.

ئاسمان، دەمێك بوو چراکانی هەلکردبوو و گالیسکە سەرکێشەکەی بەرەو رووناکیی مەرگی خۆی، خستبووە ڕێ. چەند خێراتر برۆیشتایە، تەمەنی خۆی هێندە کەمتر دەبۆوە و مەرگی خێراتر پێدەگەیشت. هەر کە نوزەی شەبەق، وەك تاسێکی خڕی لێهات و پەڕەی قوماشە گولینە ئاوریشمییە ڕەنگاوڕەنگەکەی شەوی ووردە

ووردە هەڵوەراند، کەڵەشێرە دەم بەهاوارە هاروهاجەکان، بەبێ گوێدانە خەوی خاوەنەکانیان، لەقوقەیاندا.... سەگەلی برسی و سەرمابردەڵەی لادێکانی ئەودەروبەرەش، وەك ئەوەی ئاگر لەتوکەکانیان بەربووە، بەئارەزووی خۆیان، دەنگی وەڕینیان لێ بەرز کردبۆوە.

سوپا، دەیزانی کە ئێستا نا تاوێکیتر، ئاسمان، تورە و کەللە پووت، بەبێ بیرکردنەوە و بەزەیپێداهاتنەوە، ئاشەکەی دەخاتەگەڕ و بەفری چێشتخانەکەی بەسەریاندا دادەبارێنێت و بەهەزاران قوربانیش، ئامادەنابێت بۆ چرکەیەك چییە، دەلاقە فراوانەکەی بوەستێنێت. هەربۆیە، هەموو، بەبەردەوامی تەماشای ئاسمانیان دەکرد.... ئەوان، ماوەی دووشەو و دوو ڕۆژ بوو بەڕێگاوە بوون. هێشتا، نیوەییان نەکردبوو کە بەفر دایکرد.

پێش ئەوەی سوپا، دەست بکات بەجوڵە، کرابوون بەسێ بەشی جیاوازەوە. زۆرینەی بەرەو قەڵاتەولێر و قەڵای دینکە کەوتنە ڕێ و دوو بەشەکەی تری، هەندێکیان، لەوێ، بەجێمان و هەندێکی تریش، لەنێوان ئەو بەشە و بەشە گەورەکە، بڕیاربوو، بارگەی خۆیان بخەن. هەرچی ئاژەڵ و خواردن و پێداویستییەکانیش بوون، بەهەمان شێوە کرانە سێ بەش و هەر کۆمەڵە و بەشی خۆیان پێدرا. کەگەیشتنە، نیوەی ڕێ، بەشێك، لەتەنیشت گوندێکدا، بەجێمان و ئەوەی مایشەوە، لەژێر ڕەهێڵەی بەفر و ڕەشەبای کوێستانی ساردی پایزدا، وەدووی پەخشانپا کەوتن.

سوپا، بەدەربەندێکی تەنگەبەردا ڕەت بوون. دەربەندەکە، ئاوی ڕوبارێکی پێدا تێدەپەڕی. قەڵایەك، بەگوێی کەندەلانی بەردینی دەربەندەکەوە بوو. دوکەڵی سۆپاکانی ناوی، وەك تەمێکی سپی، لەلولە گڵێنەکانییەوە دەردەچوو. سەربازەکان، هەموو هاتبوونە لێواری قەڵاکە و بەسوپاکەیاندا هەڵدەڕوانی. دەرگای قەڵاکەیان کردبۆوە و چووار پێنج سەرباز، بەخۆیان و شمشێرەکانی قەدیان و ڕمە نوك تیژ و درێژەکانیانەوە، لەپاش بەرپرسەکەیانەوە وەستابوون. هەر کە سەرلەشکری سوپا، گەیشتە لایان، چەمانەوە و ڕێزیان پێشکەش کرد.

سوپا، جارێکیتر بوون بە دوو بەشەوە، زۆرینەیان، بەبێ پشوو، بەردەوامییان بەڕۆیشتن دا و ژمارەیەکیشیان، چوونە ناوقەڵاوە و لەوێ مانەوە.

سەرلەشکر، پاش پشوویەکی کورت و خۆگەرمکردنەوەی بە سۆپای گەرمی داربەڕوو، کەلە گڵێکی تایبەت، وەك تەندروور دروست کرابوو و خواردنەوەی جامێك شیری گەرمی مانگا، ڕوخسەتی لە سەرقەڵا خواست و سووار ئەسپەکەی بۆوە و کەوتەوە ڕێ.

ئەو ڕۆژە، کۆتایی پێهات و شەوداهات و پشوویان نەدا. بەفریش، بەردەوامیی بە بارینی خۆی دەدا. دەتگوت، بۆ ئەوە هاتووە، کە بیانگێڕێتەوە بۆ جێگایەکی پارێزراو و دوور لە جەنگ و کوشتن و بڕین. دەتگوت، بەڕەنگە سپییەکەیەوە، هەواڵی هێوربوونەوەی جەستە ماندووەکەی سوپای پێیە و دەبێژێت" پەلەکەن و بڕۆن جێگەی تا بەهارێ بگرن. دەنا، ناگەن بە خواردنەوەی بەفراوی ڕۆحی من. ئەوەش بزانن کەنیشانە و ڕەنگی سپیی ئەم کڵۆ بەفرە ساردانەی من، ئاشتی نییە! بەڵکو، خۆبەدەستەوەدانتانە بەمن و هێزی زستانییم!".

سوپا، سبەینێ زوو، گەیشتە نێوان هەردوو گەورەقەڵای ئەو دەڤەرە و بەسەر قەڵاکاندا دابەش بوون. لەپاش دوو ڕۆژیش، هەموو،

دەستیانکرد بەکۆکردنەوەی تەدارەك و پێویستییەکانی مانەوەی ئەو وەرزە ساردوسڕ و سەهۆڵبەندانەیان.

سوپا، پێویستیی بە ئەنجامدانی سێ کاری هەرە گرنگ هەبوو. ئەوانیش، ڕێکخستنی بەردەوام و ڕاهێنان و دروستکردنی چەك بوون. لەڕووی ڕێکخستنەوە، پێداویستیی مرۆیی گەرەك بوو. ئەم حەشاماتە زۆرەش، خواردن و خواردنەوە و کەلوپەل و جل و بەرگ و سوتەمەنیی دەویست. بۆیە، دەستەی چاودێری و ئامادەسازیی خۆراك و کەلوپەل، زۆر بەخێرایی نەخشەیەکیان دارِشت و خستیانە بەرنامەی کارەوە. کەدەبوو، تیپێکی پێنجسەد کەسی، لە پێنج دەستەدا، هەریەکە و بەئاراستەیەکدا، خۆراکی وەك دانەوێڵە و ووشکە و ڕۆن و هەنگوین و دۆشاو و ئالیکی ئاژەڵ و جلوبەرگی زستانەیان لەناوچە دوورەکان، کۆبکردایەتەوە و بیانهێنایە بۆ سوپاکە.

دەستەی سەرپەرشتیارانی سوپا، کە لەپاڵەوانانی سەرۆك و سالاری سوپا پێکدەهاتن، ڕاهێنانی بەردەوامیان دەکرد لەسەر، تیرئەندازی و شمشێربازی و گورزوەشاندن و هەڵکەندنی چاڵی بەپەلەی تەڵە و بەکارهێنانی پەیژە و گوریس و هەڵدانی بەرد بە قۆچەقانی و نانەوەی بۆسەی نهێنی و پەلاماری کوتوپڕ و هێرش و جەنگی دەستەویەخە و سوارچاکی و جەنگی هەڵخەڵەتاندن و ڕاوەدوونان.

تیمی چەکسازیی سوپا، کەلە دەیان وەستای خاوەن ئەزموون و دەست و پەنجەی ڕەنگین پێك هاتبوون، لەناوچە ئازادکراوەکاندا، لەڕێگای تیمی هەواڵگرییەوە، دەستیانکرد بەبانگەواز بۆ خەڵك، کەهەرکەسێك، کورەساز و ئاسنگەر و مسگەر و چەکساز دارتاش و وەستاکاری پردە، بێن و پەیوەندی بکەن بەسوپاوە تاکو مەنجەنیق و گالیسکەی جەنگی و شمشێر دروست بکەن. بەم بانگەوازەش، زیاتر لەسەدکەس، لەماوەی یەك حەوتودا، گەیشتنە قەڵاتەوێر و قەڵای دینکەی قەراخی زێ.

هەرزوو، کۆمەڵێك وەستای خانووبەرە، چووار ڕیز خانووی درێژکۆلەیان لەبەرد و قوڕ، لەسەر زەویی بەردەڵانی دەوروبەری هەردوو قەڵا، دروست کرد و سەریان بە داری بەڕوو گرت و گەڵ و گۆڵی ووشکهەڵاتوویان وەسەر گێڕا و گڵەبانیان کرد.

ئاگردانی گەورە و لولەی قوڕی سوریان بۆ کرد بەدوکەڵکێش و سەدان سەرباز، بەبەردەوامی، لەکێوەبەرزەکانەوە، داریان دەبڕی و کەرتوپەرتیان دەکرد و بەهێستر، دەیانهێنایەوە بۆ گەنجینەی قەڵا. هەرئەو وەستاکارسازانە، دەیان تەویلەیان بۆ مەڕوبزن و ئەسپ و هێسترەکانی سوپا دروست کرد و جێگەی گەرم و گوڕیان بۆ ئەو زستانە، بۆ بنیاد نان.

سەدان ووڵاخ، بەبارەگەنم و کاوجۆی ئالیکی ئاژەڵ و میوەی ووشك و هیزەی ڕۆن و گۆزەی پڕ لەدۆشاوی ترێ و هەنگوین و پەنیری ناو چاڵ و ساوەر و قەرەخەرمان و برنجی بۆنخۆش و فەرشی ڕەنگاوڕەنگ و جاجم و حەسیری لەزەل دروستکراو و کەمنەك و جلوبەرگی زستانە و کڵاوی لباد و گۆرەویی خوری و دەستەوانەی بەبەن ڕێسراو و پێڵاوی چەرمی و فەروەی پڵنگ و وورچ و گورگ و ڕێوی و زۆر پێداویستیی تری مرۆڤ، گەیەنرایە گەنجینەی هەردوو قەڵا و بەسەر سەربازەکاندا دابەش کران.

تیمی کورەچییەکانی سوپا، نوێترین تەکنیکی گەرمکردن و سوورکردنەوە و توانەوەیان بەکار هێنا. ئەویش، لەجیاتیی بەکارهێنانی داربەڕوو، بۆ کورەکانیان، خەڵوزی بەردینیان هێنا و

خستانە کورەکانەوە و بەهۆی پوشووی زۆرەوە و ڕێژەیەك لەداربەڕوو،ئاگریان تێبەردا. بەمەش، ووزەیەکی زۆرتریان لەگڕ و گەرمیی سووربووەوەی خەڵوزەبەردینەکە دەست دەکەوت و کاتەکەشی بۆ ئەوان کورتتر دەکردەوە بۆ توانەوەی ئاسن و مسە بەردینەکان و زووتر و باشتر پاك دەبووەوە و کەرەستەی زەردیشی کەمتر دەویست بۆ جوانکارییەکانی. هەربۆیە، تەنها لەماوەی یەك مانگدا، بەهاوکاریی دارتاشە شارەزاکان، سەدان گالیسکە و سەدان مەنجەنیقیان دروست کرد.

پزیشکێکی زانای داهێنەری بەناوبانگ، بەناوی( زانیار) و خەڵك، بە مامە زانیار، بانگیان دەکرد، کەپیشەکەی لەباوکییەوە بۆ مابۆوە و ببووە ناودارترین و باشترین و شارەزاترین پزیشکی نەخۆشییەکانی پێست، ئاوێکی بۆگەنی ڕەشی، بە هەشت گۆزەی گەورە، لەگەڵ خۆیدا و بە هێسترێك، گەیاندە قەڵا.

مامە زانیار، تەمەنی لەسەرووی شەست ساڵەوەبوو. هەر لەمنداڵییەوە بەکاری پزیشکییەوە و لەژێر دەستی باوکیدا، سەرقاڵ بوو. دەیگوت، ئەم ئاوە ڕەشە بۆگەنەم بۆ چارەسەری پێست بەکار هێناوە. ڕۆژێکیان، هەندێك لەم ئاوەم، لەگۆزەیەکی قوڵی دەم باریکدا، کوڵاند... پاشان، گڕی ئاگرەکەم لەلێوی گۆزەکە نزیك کردەوە، کەچی کڵپەی کرد و گڕێکی شینی بەردەوامی لێ بەرز بووەوە کە نزیکەی یەك ڕۆژی ڕەبەق، نەکوژایەوە. ئەوەشی لەبنی گۆزەکەدا، مایەوە. شلەیەکی ڕەشی خەست بوو کەلەبنێشتی کاڵ دەچوو. دەرمهێنا و وەك فتیلە، کردمە ناو دەفرێکی مسی قوڵەوە و دەفرەکەشم لەدارێك بەست و دارەکام لەزەویدا داکوتا. ئاگرم لە شلە خەستەکە بەردا... نزیکەی یەك حەوتوو دەسوتا و نەدەکوژایەوە... ئەم تاقیکردنەوانەی من، بۆ دروستکردنی مەنجەنیق زۆر باشە و دەتوانین گۆزەی پڕ لە خەستەی ڕەش، بەهۆی پارچەیەك خامەوە گڕتێبەردەین و بیخەینە ناو دەستگای مەنجەنیقەوە و هەڵیدەین بۆ دوژمن... هەرکاتێك گۆزەکە دای بەزەویدا، پاچەپارچە دەبێت و ئاگرەکە پەرش و بڵاو دەبێتەوە و دەیانسوتێنێت.

تیمی چەکسازیی سوپا، بۆ ماوەی یەك مانگ، ڕاهێنانیان لەسەر ئەم چەکە نوێیە کرد و ئەنجامێکی باشیان لێ دەست کەوت. بەمەش، سوپا، بووە خاوەنی نوێترین چەکی کوشندە و کۆمەڵکوژی ئەوسەردەمە.

... سوپایەك بەسەرۆكایەتیی سوبارپاشای سوباری، كەژمارەیان نزیكەی دووهەزار و پێنجسەد سەربازی سووارە دەبوون، كەبەسوپای گیاخۆرەكان، بەناوبانگ بوو، گەیشتنە دەروازەی شاری عیلام. سەربازانی ئەم سوپایە، گۆشتخۆر نەبوون و تەنها سەوزە و میوە و دانەوێڵەیان دەخوارد. ئەوان، بەپێی دەستوور و بەرنامەیەكی پەروەردەیی هەمیشەیی، لەگۆشتخواردن، دوور دەخرانەوە كە لەدیدی بیرمەندانی دەستوورەكەوە، خواردنی گۆشتی سوور، دەبووە بنچینەی دروستبوون و هێلانەكردنی توندوتیژی لە ڕەوشتدا و دەبوو، سەربازەكانی سوپا، خۆیان لەخواردنی گۆشت بەدوور بگرن. بۆشایی نەخواردنی گۆشتەكەشیان بە خواردنی ماسی و مار و بۆق و قرژاڵ، پڕ دەكردەوە.

سوپای گیاخۆری سوبارییەكان، بەهەڵمەتی گورگەبۆرەكان، ناوبانگیان دەركردبوو. سوپاكە، نەخشە و جوڵەی جەنگیی جودا و دانسقە و سەرنجڕاكێشی گورگ ئاسای هەبوو كەلەماوەی نزیكەی دووسەد بەهاری تەمەنی شانشینەكەیاندا، لەهیچ جەنگێكدا نەدۆڕابوون. تەنانەت، بەدرێژایی تەمەنی نزیكەی پێنجسەد بەهاری سەرهەڵدانی ئاشووریەكاندا، ئەوان، نەسەرانەیان دابوو و نەببوونە بەشێك لەشانشینینەكەیان....

سوپاكەیان، لەكاتی هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەكاندا، هەمیشە جوڵە و كردارەكانی گورگیان بەكار دەهێنا. ئەوان، بە بیستویەك ڕیزی یەك لەدووای یەك، لەڕاستەهێڵێكی سەد سەربازیدا، كەژمارەیان دەیكردە دووهەزار و یەك سەد كەس، بەشێوەیەكی ئەندازەیی كەلەگەڵ چاوگی سوپادا و هاوشانی سەرلەشكرەكەیان، سێگۆشەیەكیان پێك دەهێنا، كەچەق و قورسایی گۆشەی یەكەم، كەبەسوپاسالار دەستی پێ دەكرد و لاكانی تری وەك دوو تیشك ئاراستەی دوژمن دەڕۆیشتن و پاشان، هەردولا دەوەستان و بەدوو گۆشە، بەرەو ڕووی یەكتری، لەسەر هێڵێكی ڕاست، بە بیست و یەك ڕیزی یەك لەدووای یەك، لەدیوارێكی سەد سەربازیدا، بەخۆیان و تەورە تیژە ئاسنینە كلك دارگوێزەكانەوە، دەوەستان و پاشان، لەچاوتروكانێكدا، لەیەك ئاستی یەكساندا، هێرش و پەلاماریان دەست پێدەكرد. بەمەش، قورسایی جەنگەكەیان بەلای خۆیاندا دەشكانەوە و هەمیشە، براوە بوون. هەربۆیە، لەجەنگە بەردەوامەكانیاندا، لەگەڵ ئاشوورییەكاندا، هەرگیز، ڕۆژێك لەڕۆژان، نەبەزیبوون و نەیاندۆڕاندبوو. سوبارپاشا، كەپاشای ئەم سوپا نەبەرد و ئازایەبوو، نازناوی، پاشای گورگەبۆری هەڵگرتبوو.

پەیكەرێكی حەمورابی، لەبەردەم پەرستگای ئاهورادا، لەدەروازەی شار، دانرابوو. هەرچییەك لەوێوە ڕەت بووایە، دەبوو ڕێز و خۆشەویستیی بۆ پەیكەرەكە دەرببڕیایە و كڕنۆشی بۆ فراوەهر ببردایە، كە لەسەر جەستەی بەردینی دەربەندی دەروازەی شار، بەشێوەیەكی ئەندازەیی و ساف، هەڵكەندرابوو.

پاشای گورگەبۆر، هەر کەگەیشتە بەردەم پەیکەرەکەی حەمورابی، لەئەسپەکەی دابەزی و شمشێرەکەی لەکێلانەکەی قەدی هەڵکێشا و نوکەکەی لەزەوییە خۆڵینەکە چەقاند و هەردوو دەستی لەسەر مسکەکەی دانا و چۆکی چەپی خستە سەرزەوییەکە و بەچیچکانەوە، دانیشت و ووتی: حەمورابی، ئەی هێزی بەخشندەی ئێمە. ئەی زانای بلیمەت و باپیری هەمووان. تۆ، کەسەرچاوەی خوێندنەوەی هەستەکانی ئێمە بوویت. مامۆستا و دانشپەروەری بەئەزموون و تاکە دانای ئەم سەرزەمینەی ماد بوویت. هەنوکە، گیانی پیرۆزی داناییتمان پێ ببەخشە. تاکو، ئێمەش، لەناو هێلانەی گەرم و گوڕی داناییتدا، نەخشەی سەرکەوتنەکانمان، بۆ بەرژەوەندیی خەڵك و ئەم خاکە داگیرکراوە، بدۆزینەوە و یاوەری هەمیشەیی شاهەنشای جیهان، کەیخەسرەو بین. پاشان، هەستایەوە و چووەبەردەم پەیکەرەکەی فراوەهر و بەتەواوی نوشتایەوە... پاش ئەوەی ڕاستبۆوە، هەردوو دەستی بۆ بەرزکردەوە و ووتی" ژیانێك، لێوانلێوبێت لەتاریکی و هێزی شەڕانگێزانەی دێوە نامۆکانی ئەم سەرزەمینەی ئێمە، پێویستیمان بە هێزی ڕوناکیی تێڕوانینە قوڵەکانی تۆیە، تاکو بەهۆیەوە، دڕ بەتاریکیی بەردەممان بدەین.... مەزدا، ببەرە هێزی نێومەچەك و بازومان، تاکو بتوانین ژیان سەوز بکەین و بە کردارە چاکەکانمان جیهان ڕزگار بکەین و بەبیرکردنەوە خاسەکانمان، تەواوی دانیشتوانی گۆی زەوی بگۆڕین". ئینجا، هەستایەوە و نیگایەکی قوڵ و پڕمانای کردە سوپاکەی و سووار ئەسپەکەی بووەوە.

سوپای گورگەبۆرە گیاخۆرەکان، لەدەروازەی شار، تێپەڕین و بەرەو باڵەخانەی پاشایەتیی ناو قەڵای شار، کەوتنە ڕێ.

شاهەنشا، کەیخەسرەو، کەئیدی نازناوی پەیامبەری ڕزگارییان لێنابوو، لەناو دالانێکی گەورەدا، ڕاوەستابوو و چاوەڕوانیی گورگەبۆر و سوپاکەی دەکرد. تاکو پێشوازییان لێ بکات.

سوپا، گەیشت و گورگەبۆر، لەئەسپەکەی دابەزی و لەبەردەم پەیامبەری ڕزگاریدا چەمایەوە و ڕێز و خۆشەویستیی خۆی بۆ دەربڕی و لەئاهورا پاڕایەوە، پایەدار و سەربڵند و سەرکەوتووی بکات. شاهەنشاش، شمشێرەکەی لەکێلانەکەی دەرهێنا و بەبەری پانتاییدا، جارێك بەسەر شانی چەپیدا و جارێك بەسەر شانی ڕاستیدا هێنا و بەگەرمی خۆشهاتنی کرد.

شاهەنشا، شانبەشانی گورگەبۆر، بەرەو دیوەخانی ناوەندیی ووڵاتی عیلام، لەگەڵ کۆی سووارچاکان و پاڵەوانە ناودارەکانی ئەو دەڤەرەدا، کەوتەڕێ. لەڕێگا، هەواڵگرێك، بەپەلەپروسکێ خۆی گەیاندێ و لەبەردەمیدا بەچۆکداهات و ووتی" گەورەم، نامەیەکی بەپەلە و گرنگم لە دەستەی هەواڵگریی بابلەوە هێناوە".
شاهەنشا، نامەکەی لێوەرگرت و دەستیکرد بەخوێندنەوەی.
لەنامەکەدا هاتبوو" نەبۆپۆلاسەر، پاشای بابل، لەلایەن تیمەکەمانەوە و بەنهێنی، دەرمانخوارد کرا و بەهۆیەوە کۆچی یەکجاریی کرد. لەجێگەیدا، بابلییەکان، نەبوخەزنەسری کوڕەگەورەیان لەجێگای دانا".

شاهەنشا، نامەکەی لول کرد و دایەدەستی پاشای عیلام. ئەویش، بەووردی خوێندییەوە. بەڵام، کاتێك کەتەواو بوو، تووشی شۆك و سەرسوڕمان بوو. چونکە باوەڕی نەدەکرد کە شاهەنشا تا ئەو ئەندازەیە لەنەخشەکاندا، بەهەڵمەت و خێرا و شارەزا و ووردبێت. زۆری بەلاوە سەیر بوو کە تیمی هەواڵگریی شاهەنشا، توانیویانە بچنە ناو کۆشکی شاهانەی بابلەوە و پاشایەکی وەکو نەبۆپۆلاسەریان ژەهرخوارد کردبێت!".

نەبۆپۆلاسەر، پاشای بابل، لەپێشتردا، پەیمانی هاوەڵێتی و جەنگی دژ بە ئاشوورییەکانی لەگەڵ فرەڤەرتیشی شاهەنشای میدیدا، کەباوکی کەیخەسرەو بوو، شکاندووە و بەنهێنی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا دەستی تێکەڵاو کردبوو. بۆ تۆڵەسەندنەوەشی، شاهەنشا، کەیخەسرەو، لەگەڵ پەخشانپای سەرلەشکردا، بەسەرپەرشتیی جوانوو، بەرپرسی هەواڵگریی لەشکر، نەخشەیەکی ئەهریمەنییان بۆ دانا و تیمێکی تایبەتیان وەك بازرگان، ناردە بابل.

تیمەکە، وەکو جوانوو، دەیگێڕایەوە، چووبوونە ناو بابلەوە و لەڕێگای یەکێك لە ژنەکانی پاشاوە، بەبیوانووی پێشکەشکردنی باشترین داودەرمانی جوانکاریی دەموچاو، خۆیان گەیاندبووە ناو کۆشك. بەمەش، زەفەریان هێنابوو و یەکێکیان وەك خزمەتکار، کوپەڵەیەك شەرابی ژەهراوییان گەیاندبووە دەستی نەبۆپۆلاسەری پاشا. هەر لەگەڵ خواردنەوەیدا، یەکسەر مردبوو. بەڵام، خزمەتکارەکە، دەستگیر کرابوو. هەرچەندە زۆریان ئەشکەنجە دابوو، بەڵام هیچی نەدرکاندبوو. لەکۆتاییدا، خسبوویانە ناو گۆزەیەکی پڕ لەڕۆنی کوڵاوەوە.

... هەموو، بەرەو دیوەخانی شاهانە بەڕێ کەوتن. پاش قەدەرێ، گەیشتنە جێ و شاهەنشا، لەسەرووی هەموویانەوە لەسەر کورسییەکی دارگوێزی ئاڵتونڕێژ، دانیشت.

دیوەخانی شاهانەی پاشای عیلام، پڕ ببوو لە پاڵەوانەکان و دەستوپێوەندی چەندین پاشای ئەو دەڤەرە و شالیاری زەردەشتیانی شانشینی عیلام.

شاهەنشا، ئانیشکی چەپی لەسەر مسکی تەختە پانەکەی سەر کورسییەکەی دانابوو و کردبوویە کۆڵەکەی چەناگەی و بە ئامادەبووانی دیوەخانە شاهانەکەدا هەڵی دەڕوانی. دەیزانی، هەمووان، چاوەڕوانی ووتە و دەنگوباس و فەرمانێکی نوێن. بۆیە ڕووی کردە ئامادەبووان و ووتی" درود و خۆشەویستیی ژێر باڵە نەسرەوتەکانی ئاهوراتان پێشکەش. کەدڵنیام، سێبەری باڵەکانی، فێنکایی بە دەرونتاندا دەهێنێت و باشترین جێگای ئاسایشی ڕەوانتانە".

شاهەنشا، دەیزانی کەهاتنی گورگەبۆر و سوپاکەی بۆ عیلام، کە مێژوویەکی دوور و درێژ بوو، دوژمنایەتییان هەبوو و چەندین جەنگ و کوشتاری خوێناوی لەسەر زەوی و زار، لەنێوانیاندا ڕووی دابوو، پێویستیی بەچاککردنەوەیە. بۆیە، دەبوو، پێش هەرشتێك، ئەو پرسە چارە بکات. وێڕای ئەوەی لەلای خۆیەوە، باوەڕی وابوو کە هەرچەندە ئاشتی و بەیەکەوەژیانێکی بێکێشە، بەسەر نوکی شمشێرەوەیە، بەڵام هێشتا جێگایەك بۆ گفتوگۆی تێداماوە و دەکرێت لەڕێگای گفتوگۆ و دیدوتێڕوانینی حیکمەتییانەوە، چارەسەر بکرێت. بەچاوە کاڵە گەورەکانی، وێنەی یەك بەیەکیانی لە بیرکردنەوەی خۆیدا کێشا و بەردەوام بوو" ئەمرۆ، گورگەبۆرەکان گەیشتوون.

لەناخەوە خۆشهاتنی گورگەبۆر و پاڵەوانەکانی دەکەم کە دڵنیام، من هەرگیز ناتوانم ئەوەندە بەختەوەریم پێ ڕەوا ببینرێت تاکو بتوانم ببمە تیرهاوێژێکی ئەو سەرکردەیەی کە تەنها یەك جاریش لەژیانیدا نەبەزیوە. خۆزگەم دەخواست، کەیخەسرەو نەبوومایە و سەربازێکی ئەو گورگە بۆرە بوومایە کە تواناکانی هێندە سەرنجڕاکێشن، ئەگەر وەك چیرۆکێك، نەوەکانی ئایندە بۆ بەرخۆڵەکانیان بگێڕنەوە، باوەڕ ناکەن و پێیان وایە ئەفسانەیە".

خەڵکەکە، هەموو پێکەنین. پاشان، بەردەوام بوو و ووتی" پاشای عیلام، کەلەئێستادا کەنەفتەیە و نەخۆشی سەرجێگایە، سواسار، کوڕەگەورەکەی لەجێگاکەیدا دانیشتووە، هیوادارم بەم هاتنەی گورگەبۆر دڵخۆش بێت. هەرچەندە، لەڕابردوودا، چەندین جەنگی خوێناوی لەنێوانیاندا ڕووی داوە. بۆیە، پێویستە، لەسەر دەستی بەندە، ئاشتییەکی بێکۆتا، ئەنجام بدەن و سوێندی هاوەڵێتی و هاونیشتیمانی بوون بۆ یەکتری بخۆن. ئەوەش بزانن کە دڵ و دەروونی سواسار، هێندە بەخشیدەیە کە بەخیلیم پێی دێت چونکە دەزانم جێگای منیشی تێدا دەبمەوە".

سواسار، تەمەنی ٣٢ ساڵان بوو و پیاوێکی گەنمڕەنگی قەویقۆڵی چاپوك بوو. لەجێگاکەی خۆی هەستاو ووتی" لەسەر دەستی تۆ، ئەی شاهەنشای دلۆڤان، سوێند دەخۆم، کە گورگەبۆر، دەکەم بەبراگەورەی خۆم".

گورگەبۆر، کە ئەمەی بینی، بەخۆشحاڵییەوە هەستاو ووتی" ئەسرین لەدەوری قەدی سواسار دەبینم. منیش، دڵۆپێك لەو شەونمەم کە شاهەنشا دەمبەخشێتە بن پێی سوارەیەکی پاشای ئایندەی عیلام".

شاهەنشا، دەستی ڕێز و پێزانینی بۆ هەردوولا بەرزکردەوە و ووتی" خۆشبەختم کە نیشتمانەکەم قارەمانانی وەکو ئێوەی هەیە. ڕەوانم دەبەخشمە ئێوە. هەمووتان، گیانبەختکەران و پاڵەوانە بوێر و ئازاکانی ئەم وولاتی میدیایەن. دڵنیام تاکو ئێوەم لەپشت بێت، هەرگیز گوێ بە ئازار و ماندووبوون نادەم. تا ئەسپەکەم هێزی هەبێت، بەرەو دوژمن تاوی دەدەم".

موبیدێك، بەجلوبەرگە ئاودامان و سپییەکەیەوە هەستایە سەرپێ و چاوێکی بڕییە شالیاری زەردەشتیان و ڕووی کردە شاهەنشا و ووتی" درود لەشاهەنشای بێوێنە و نێردراوی خواهانەی ئەم سەردەمە. هۆخشتەری ئاهورایی، پێمان بڵێ، نەخشەی ئایندەمان چییە؟".

شاهەنشا، لەسەر تەختەکەی هەستا و وەك شێرێکی برسی و لەسەرخۆ، ووتی" ئەگبەتانەی پایتەختم لەئێوە دەوێت. هەنگاوی ئایندەمان، بەرەو ئەگبەتانەیە. هەنوکە زستانە و سەرماوسۆڵەیە. ناتوانین هیچ هەنگاوێك بنێین. ئەم ماوەیە لێرە دەمێنینەوە و لەیەکەم ڕۆژی سەری ساڵدا، سوپا، بەرەو ئەگبەتانە دەکەوێتە ڕێ. تەواوی ناوچە داگیرکراوەکان، بەئەگبەتانەی پایتەختیشەوە لە مەدیوسی سیسیانی، وەردەگرینەوە و لەپرۆسەیەکی تایبەتدا، بەپێی نەخشەیەکی تیابەت و نهێنی، هەموویان لەناو دەبەین. ئەودەم، خۆمان بۆ هێرشێکی هەمەلایەنە ئامادە دەکەین کە چارەسەری یەکجارەکی بێت و بۆ تاهەتایە، کۆتایی بە کۆیلەبوون و ژێردەستەیی بهێنێت. ئێمە، هەموو چارەنوسمان بەو نەخشەیەوە بەندە کە من و پەخشانپای سەرلەشکر، دامانڕشتووە".

موبیدی مەزنی عیلام، کەلەتەنیشت شالیاری پیرانی گەورەی میدیاوە و لەدەستی ڕاستی شاهەنشا دانیشتبوو، ووتی" پەیامبەری

مەزن، زەردۆشترا، دەفەرمویت: بەچاوی عەقڵەوە بۆ هەڵبژاردن بڕوانن. ئەگەر دوودڵ بوون لەنێوان هەڵە و ڕاستیدا، ئەوا هیچیان هەڵمەبژێرن. هەربۆیە، داوا لە سەروەرمان، شاهەنشای زەویی پیرۆز، وولاتی میدیا، کەیخەسرەو دەکەم، بۆچوونی ئێمەش وەربگرێت".

شاهەنشا، زەردەیەکی کرد و ووتی: ئەو باسەم لەگەڵ شالیاری گەورەی میدیادا تاوتوێ کردوە و ئەو ئاگاداری هەموو ووردەکارییەکەیە. ئێوە، دەتوانن لەزاری ئەوەوە ببیستن.

شالیاری، میدیا، تەمەنی نزیکەی هەفتا ساڵ دەبوو. ڕیشێکی سپیی چنراو و پرچێکی سپیی سێقەف بەسەریەکدا، هۆنراوەی هەبوو. هاتەگۆ و وتی: درود بۆ ڕەوانە ئاهوراییەکانی ئێوە و پاڵەوانە خوداییەکانی جەنگ. خودا، کەیخەسرەوەی لەناو دەستی چیاکاندا، بۆ ئێمە، لەدوژمن شاردەوە و بەهەواو ئاوەسازگارەکەی و بەمیوە خۆش چێژەکانی چیاکان و بەبەفراوی سازگار، پەروەردە کرد و کردییە هاوەدەمی ئەستێرەکان و هاودەنگی ئاژەڵەکانی ئەودەڤەرە و پاش شەش ساڵی تەواو، بەهێزێکی جاویدانییەوە بۆئێمەی ناردەوە. بۆیە، لەتوانا و تاقەتی خودایی ئەو گومان مەکەن. ئەو، هیچ هەنگاوێك بەبێ ووتە و یاساکانی نێردراوی خودا، زەردۆشترا، نانێت.

ئامادەبووانی دیوەخانی شاهانەی عیلام، هەموو بەیەك دەنگ هاواریان کرد"ستایش بۆ ئاهورامەزدا".

پاش ئەوە، کەیخەسرەو ڕوخسەتی لەئامادەبووان خواست، کەبەهەندێك کاری گرنگ، دەڕوات بۆ دەرەوەی شار و دیوەخانەکەی بەجێهێشت.

ئەو، بەتەنها، لەدەروازەی شار چووە دەرەوە و بەرەو ڕووبارێکی سروشتکردی نزیك عیلام، بەئەسپەکەی و هاوڕێ لەگەڵ هەردوو شێرەکەی و شاهۆکەی سەرشانییەوە، کەوتەڕێ.

ڕووبارەکە، ئاوێکی بەخوڕی هەبوو. دیاربوو، لەجێگایەکی دوورەوە دێت و کانیاوێکی زۆر و بارانێکی زۆری تێدەڕژێت. هەردوو بەری ڕووبارەکە، پڕبوون لەداری میوە و گەڵاکانیان هەڵوەری بوون. سوورەچناری زەبەلاحی تەمەندرێژ و شۆڕەبیی خواروخێچ، کردبویانە جەنگەڵێکی چڕ. کە کەم کەس هەبوو بتوانێت وەنێویان کەوێت. لەنێوان دووگردۆڵکەی بچوکیشدا، پردێکی دارینی لێبوو کە دەیتوانی گالیسکە و سوار و پیادە و ئاژەڵیشی بەسەردا بپەڕێتەوە. ئەوەندە مەحکەم بوو، کەدەیتوانی لەسەر پشتی خۆی، زیاتر لە دە ئەسپی سوارە، لەیەك کاتدا، هەڵبگرێت.

کەیخەسرەو، بەئاراستەی ئەو ڕێگایەدا کەپێشتر لێوەی هاتبوو بۆ عیلام، شاهۆکەی هەڵدا و ئەویش فڕی. ئەو، دەیزانی شاهۆکە بەرەو چ ئاراستەیەك و چەند دوور، هەڵ دەفڕێنێت. لەشێوەی هەڵدانەکانیدا، شاهۆکە، تێدەگەیشت چەند و بەرەو کوێی دەوێت. شاهۆکەی، تاکە ڕێنیشاندەر و تاکە کەرەستەی تاقیکردنەوەی ڕێگای پێش خۆی و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێشهاتەکانی نەبوو. بەڵکو، دوو شێرەکەش، هەم وەك پاسەوانێکی هەمیشەیی و ڕێنیشاندەر و کەرەستەی دووەمی چاوی عەلی ڕێگای پێش خۆی بوو. کەیخەسرەو، سوواری ئەسپەشێکەی بوو و لغاوەکەی شل کرد و بەئاراستەی پەخشانپا، ئاوزەنگی لێدا. ئەسپ، وەك پەرییەکی ئاسمانی و وەك ئەوەی هێزی خواوەندی بەسروش، وەرگرتبێت، کەوتە غار.

پاش یەك شە و ڕۆژ، لەیەکەم گوندی ئاوەدانی ڕێگادوورەکەی خۆی لایدا. گوندەکە، کەوتبووە نێوان دوو چیای سەربڵندی سەرسپی بەبەفرەوە. دیار بوو، هەموویان، دوو پیشەیان هەبوو. یەکەمیان شوانکارەیی و ئەویتریان کشتوکاڵ بوو.
گوندەکە، نزیکەی چل ماڵێك دەبوون. ئەو، لەیەکەم ماڵی سەرڕێگاکەیدا لایدا. ئەسپەکەی، هەرچەندە لەڕێگا، پشووی دابوو و تورەکەکەی هێشتا نیوەبوو لەکاوجۆ، تورەکەیەکیشی پڕ لەگزرە، بۆ هەڵگرتبوو و بەپەتێك و لەسەر بالیفێکی لولکراو کەبە پێستێك پێچرابوو، توند شەتەکی دابوو. بەڵام، هەر بەگەیشتنی بەردەم دەرگایەکی دارین، کە هەڵمی هەناسەی گەرمی مرۆڤ و گەرمای کوانوویەکی پڕ لەداربەڕووی لێ دەهاتە دەرەوە، پڕماندی.
خەڵکی گوند، کەزۆریان خەریکی هێنانەوەی گەڵ بوون بۆ مەڕ و بزنەکانیان و سەرقاڵی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون. هەندێکیشیان، بەبەرخە تازەلەدایك بووەکانەوە خەریك بوون و ژێرپێیان بۆ دادەنان تاکو لەمیزاوی ناو گەوڕەکان بیانپارێزن و جێگایەکی گەرموگوڕ و ووشکیان بۆ دابین بکەن.
هەندێك، سەرقاڵی منداڵەکانیان و هەندێك سەرقاڵی خواردن ئامادەکردن و هەندێکیش، لەبەر سەرمای زۆری ئەوزستانە، لەدەوری سۆپا قوڕینە تەنورییەکان کۆببوونەوە و خۆیان لەبەر گەرمییەکەی هەڵخستبوو.
بەپڕمەی ئەسپەکە، پیاوێك، بەکوڵەباڵێکەوە، هاتە دەرێ و کەبینیی میوانە... یەکسەر، فەرمووی لێ کرد. پاشان، لێی چووە پێشەوە و ویستی ڕەشمەی ئەسپەکە بگرێت و ئەسپەکە بباتە گەوڕێکەوە و ئاو و ئالیکی بداتێ. بەڵام، کەچاوی بە هەردوو شێرەکە کەوت، ترسا و گەڕایەوە دوواوە.
کەیخەسرەو، یەکسەر بەکابرای خانەخوێ ی ووت: هیچ مەترسە. ئەوان، دەنگ ناکەن. تەنها ئەسپەکە بەرە جێگایەك و تاقەتی بکە و خواردنێکیشم بۆ خۆم و ئەو دوو شێرە دەوێت.
کابرای خاوەن ماڵ، ئەوەی کەیخەسرەو داوایکرد، لەووچانێکی ئەودا، لەبەر سۆپەیەکی قوڕی تەندوری، جێبەجێ ی کرد.
پاش پشوویەکی باشی ئەو شەوە، دەستیکردەوە بە ڕۆیشتن و ماوەی زیاتر لە بیست و حەوت شە و ڕۆژ، لەگەڵ جاروبار ووچانێکی کەم، بەتایبەتی لەشەواندا، لەگوندەکانی سەرڕێگا، بەردەوامیی بەڕۆیشتن دا. چونکە، بەردەوام، شێرەکان، ڕاویان دەکرد و ئاسك و کەڵەکێویان دەکوشت. ئەویش، جارجارە، لەناو ئەشکەوتەکاندا دەیبرژاند و دەیکردە خۆراکی خۆی و جوتەشێر و شاهۆکەی. جاروباریش، لەگوندێکی سەرڕێگاکەیدا، دەیبردە ماڵێکەوە و لەگەڵ خەڵکی ناو ئەو ماڵانەدا، بەهەموویان، دەیانخوارد.
ئەو، دەیزانی کە دەبێت بەنهێنی عیلام بەجێبهێڵێت و خۆی بگەیەنێتە پەخشانپا و سوپاکەی. چونکە، ئەگەر بەئاشکرا بڕوات و عیلام بەجێبهێڵێت، ئەوا، بەدڵنیاییەوە، ئاشوورییەکان، پەی بەلاوازیی عیلام دەهێنن و هێرش دەکەنە سەر ئەو شارە و تەنانەت گورگەبۆر و سوپاکەشی ناتوانن بیانوەستێنن. بەڵام، دەتوانێت، لەم ڕێگایەوە، سەردانی کوتوپڕ بۆلای پەخشانپا بکات و بۆ هێرشی ئایندەی سەر ئەگبەتانە، ڕێکیان بخات. هەر بۆیە، هەمیشە، کەبیری دەکردەوە، بەخۆی دەگوت" بەچاوی عەقڵەوە، ڕووانین بۆ

ڕووداوەکان، ڕووداوگەلێکی عەقڵانی بەرهەم دەهێنرێت کە بەئارەزووی تۆ، ڕوودەدەن".

ئەودەمەی شاهەنشا، گەیشتەجێ، تازە شەبەقی دابوو. بەفر هەموولایەکی تەنی بوو. دوکەڵکێشی خانووەکان، دوکەڵیان لێ بەرز دەبووەوە. کەڵەشێرەکان هێشتا دەیانقوقاند. سەگەکان، بەکۆمەڵ دەوەڕین. باڕەباڕی مەڕ وبەرخ و باعەباعی کاروبزن، دووانیشانەی گەیشتن بەئاوەدانیی ئەو هەموو تەنهاییەی کێوە سەخت و لوتبەرزەکانی ئەو بوو. سەراپای جەستەی تەزی بوو. چەکمەکەی، لەژێر کەمنەکە خورییەکەیدا، بەستبووی. دەستەوانە موویینەکانی یەکپارچە ببووە شەختە و پەنجەکانی بەئاستەم دەیتوانی ڕەشمەی ئەسپەکەی پێ بگرێت. قاچەکانی وا سڕ ببوون کەوای هەست دەکرد پێیانەوە نییە. ئەسپەشێش، هەڵمی لوتی دەبووە ئاو و دەتکایە سەر مووەکانی شەویلاگەی و ببوونە چلورەی درێژکۆڵە. پرچەکەی، بەلاملیدا شۆڕ ببوونەوە و وەك شەختەیەکی گرێ گرێی لێ هاتبوو.

شێرەکان، بەردەوام چنگیان دەخستە ناو بەفرەکە و جاروبار، لەپێشییەوە خێرا دەڕۆیشتن و لەناو بەفرەکەدا، خۆیان دەگەوزان. جارجارەش، بەهێواشی و بەجووتە، لەدووای ئەسپەشێوە دەڕۆیشتن. گومانیشیان لەهەر شتێك بووایە، سڵیان نەدەکردەوە و وەدووی دەکەوتن و لەکەیخەسرەویان دوور دەخستەوە. ئەوان، جووتە پاسەوانی هەمیشەیی ئەو ڕێگایەی بوون و نەیانهێشت، هیچ شتێك لێی نزیك بێتەوە.

هەرلەدوورەوە، ئێشکگرەکان، هەستیان پێکرد و دەنگیان دا. ئەویش، هەرچەندە توانای قسەکردنی کەم ببووە و دەم و پلی لەسەرمادا سڕ ببوو، هەرچۆنێك بێت، هێزی دایە خۆی و ووتی" کەیخەسرەوم".

ئەوانیش لە زوڕنای شاهانەیان دا.

کۆمەڵێك ئێشکگر، بەپەلە بەپیریەوە هاتن. شێرەکان، ڕێگایان نەدەدا لێی نزیك ببنەوە. کەیخەسرەو، دەنگی دان و ئەوانیش بێدەنگ بوون. پاشان، ئێشکگرەکان، لەسەر ئەسپەکە دایانگرت و یەکێکیان کردییە کۆڵ و بردییە ناو قەڵاکەی پەخشانپاوە.

ماوەیەك بوو، کەیخەسرەو، لەبەردەم ئاگردانەکەدا، دانیشتبوو. کوپێك شیری گەرمی بەدەستەوە بوو و دەیخواردەوە. پەخشانپاش، لەتەنیشتییەوە، بەخۆشییەوە لەسەر ئەژنۆ، دانیشتبوو. جوانووی هەواڵگر، هاتە ژوورەوە و ڕێزی بۆ شاهەنشا نواند و لەنزیکیانەوە وەستا و چاوەڕوانی دەستوور بوو. شاهەنشاش، فەرمووی دانیشتنی لێ کرد و ئەویش، بەڕێزەوە، بەتەنیشتیانەوە دانیشت.

شاهەنشا، ڕووی کردە جانو و ووتی" من، زۆر ماندووم و دەمەوێت پشوویەك بدەم. ئێوە، نەخشەی هێرشکردنەکەم جارێکیتر بۆ تاوتوێ بکەنەوە و پاش ئەوەی لەخەوهەستام، بۆم شیبکەنەوە. چونکە، دەمەوێت، زەماوەندی نەورۆزی ئەم بەهارە، لە هەگبەتانە بکەمەوە. ئیتر، پاش قەدەرێکی کەم، هەستا و چووە ژوورێك و نوست.

پەخشانپا، بەهاوکاریی جوانو و زانیارسای دانا، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە، کە شاهەنشا، نوستبوو، لەگەڵ تەواوی دەزگا کارگێڕییەکانی سوپادا، کۆبوونەوە و تیمەکانیان بۆ جوڵەپێکردنی سوپا، سازدا.

سوپای شەمشارە، یەکەم سوپا بوو کەڕۆژی دوایی گەیشتنە جێ. ژمارەیان دووهەزار سوارەی گورزوەشێن بوون، کەلەکاتی جەنگ و ڕوبەڕوبوونەوەدا، تاکو شەکەت بوون، شمشێریان بەکار نەدەهێنا.

سوپاکە، بەسەرۆکایەتیی کوواری، پاشای شەمشارەی دەربەندی شەمشارە، هاتبوون. شاری شەمشارە، کەوتبووە نێوان تەنگیی دوو چیاوە. ڕوبارێك، کەسەرێکی لەناوچەکانی نزیك گۆلی ئورمێ هەڵدەقولاٚ و سەرەکەی تریشی لەدارەشمانەوە تێ ی دەڕژا، بەتەنگییەکدا تێ دەپەڕی. لەنزیك تەنگییەکە، کەدەربەندێکی ناوازەی عاسێ ی پێك دەهێنا، قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆمییان لێ دروست کردبوو و دوو شورای پتەو دەوری دابوو و پێیان دەوت قەڵای شمشارە. چونکە، لەسەردەمی پاشایەك بەناوی شمشارە، بنیاد نرابوو. لەدەرروبەری قەڵاکە و بەمبەر و بەوبەری لاپاڵی هەردوو دەربەندەکەدا، خانویان لێ دروست کردبوو و شاری شمشارەی پێ دەهێنا.

کوواری، کەپێشتر، لەلایەن پاشای ئاشورییەکانەوە نامەی تایبەتی بۆ هاتبوو و بەفەرمی دانیان بەقەڵەمڕەوەکەیدا نابوو. ئەویش تەنها لەبەرامبەر ئەوەدا کە باج و سەرانە بداتە ئاشور. ئەو، بۆ ماوەیەکی کاتی و بۆ ئەوەی توشی جەنگ و ڕوبەڕوبوونەوەی سوپا بێشومار و بەهێزەکەی ئاشوریان نەبێت، ئەمەی قبوڵ کردبوو. بەڵام، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی کەیخەسرەو، کوڕی فرەڤەرتش، لەچیای زاگرۆس و هێرشیان بۆ گۆلی ورمێ، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی کردبوو و نامەی تایبەتی بۆ کەیخەسرەو نوسیبوو و دانی بەشاهەنشایی ئەودا نابوو. ئێستاش، بۆ ئەم جەنگە، بەخۆی و نزیکەی دووهەزار سوارەی گورزوەشێکی شمشێر ئاسنینەوە، ئامادە ببوو.

جوانوی بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی سوپای ماد، نامەیەکی ئارێزانەکانی پێ گەیشتبوو. لەنامەکەدا، پاشاکەیان، ئامادەگیی خۆی بۆ هاوکاری و هاوسەنگەری و بوون بەبەشێك لەسوپای مادی دەربڕیبوو و لەگەڵیدا، پشتیوانیی وولات و شاشنشینی داهیشی تێدا نوسی بوو.

ئەم نامەیە، بێجگەلەوەی دڵخۆشکەر بوو، کلێپەی ئەو ئاگرەشی بەڕوونی تێدا دایار بوو کەلەناخی هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگایەی وولاتی دووڕوبار و زاگرۆسدا، بەسەرۆکایەتیی شاهەنشا، کەیخەسرەو، گڕی سەندبوو. بۆیە، بەپەلە، نامەیەکی بۆ هەردوو پادشای ئارێزان و داهی، نارد، کەبەخۆیان و سوپاکەیانەوە و بەتەواوی پێداویستیی جەنبگی و خواردەمەنییەوە بەرەو گۆلی ورمێ، بکەونە ڕێ و لەوێ، هەموو، بەیەك دەگەن و هێرشێکی بەربلاو دەکەنە سەر هەگباتانە و ڕزگاری دەکەن.

نامەیەکیشی بەناوی شاهەشاوە بۆ پاشای عیلام و گورگەبۆر، نوسی، تاکو لەژێر سەرپەرشتیاریی شالیاری گەورەی وولاتی مادا، هێرشێکی پچڕپچڕ و بەردەوام، بۆماوەی شەش مانگ، بکەنە سەر شاری ئەرەبخا، تاکو ئاشووری پێ سەرقاڵ بکەن و نەیانپەرژێتە سەر پشتیوانیکردنی مەدیوسی سیسیانی و سوپاکەی.

هێشتا، شاهەنشا، لەخەوەکەی هەڵنەستابوو، کە سوپا، یەکپارچە، بۆ ڕۆیشتن، ئامادە و ساز بوون. هەرکەپاشاش لەخەوهەستا، پاش قاوەڵتییەك، سوواری ئەسپەشێ بوو و هەردوو شێرەکەی دەگەڵ خۆی خست و شاهۆکەی بەرەو باکوری ڕۆژئاوا، بەرەو ڕووی ئەستێرەی تاکی لای چەپی حەوت برا هەڵدا و وەپێش سوپا بێشومارەکەی کەوت و بەرەو گۆلی ورمێ، بەسەربەفری یەکپارچە شەختەدا، کەوتنە ڕێ. سوپاکە، تاکو گەیشتنە، گۆل، نزیکەی دوو حەوتوو، بەڕێوەبوون. پاش سێ ڕۆژیش، هەردوو سوپای داهی و ئارێزانیش، گەیشتنە جێ.

کەیخەسرەو، بەخۆی و شاهۆکەی سەرشانی و هەردوو شێرەکەیەوە و بەسواریی ئەسپەشێ، پاش ئەوەی سوپای ئارێزان و داهی پشویەکی یەك ڕۆژەیان دا. پێش ئۆردوەکەی کەوت و بەرەو ئەگبەتانە، کەوتەڕێگا.

سوپا، دووای ئەوەی لەدەرەوەی شار، ئۆردویان هەڵدا، لەهەموو لایەکەوە، ئابلۆقەی قەڵای شاهەنشایی حەوت شواری حەوت ڕەنگی دا. بەشێوەیەك، هیچ ڕێگایەکیان، بۆ هاوکاریکردن و گەیاندنی یارمەتی، وەك ئالیکی وڵاخ و خواردنی مرۆڤ، نەهێشتەوە. ئەم ئابلۆقەدانەش، یەك مانگی ڕێکی خایاند و کاتیش، لەجەژنی پڕجۆش و خرۆشی نەورۆز، وەك یەکەمین ڕۆژی سەری ساڵ، نزیك بۆوە.

کەیخەسرەو، بە جوانوی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، هاوڕێ لەگەڵ کوواری پاشای شەمشارەدا، نامەیەکی بۆ مەدیوس نارد. تێیدا هاتبوو" من، وەك جێنشینی شاهەنشای ووڵاتی ماد و تاکە بەجێماوی میراتگری تەختی شاهانەی ئەم شانشینە، داوات لێدەکەم، بەیەکەوە، دابنیشین و پێش ئەوەی لەنێوانماندا، جەنگ ڕووبدات و خوێن بڕژێت، خۆت بدە بەدەستەوە و سوپاکەشت ڕادەستی من بکە. ئەگەر ئەوەش ناکەیت، ئەوا، دێمە ناو قەڵا و بەیەکەوە، گفتوگۆ دەکەین و ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لەجەنگ و خوێن ڕشتن دەدۆزینەوە" .

مەدیوس، کەلەبەردەم ئابلۆقەکەدا، بەتەواوی دەستەوسان وەستابوو و هیچ چارەسەرێکی نەبوو و دەستیشی بە سوپای ئاشوردا ڕانەدەگەیشت، ناچار بوو بە داواکاریی دووەم ڕازی بێت، بەڵام داوای بەخشینی لێکرد. بۆیە، بەپەلە، لەوەڵامی نامەکەدا بۆی نووسی" بەڕێز شاهەنشا، من تەختی کەسم داگیر نەکردووە! ئەگەر، تۆ بەگەورەیی خۆت، بمانبەخشی و لەشانشینەکەتدا، جێگەیەکم بۆ دیاری بکەیت، ئەوا، فەرموون... تەخت، هی تۆیە".

پاش ئەوەی جوانو، وەڵامی نامەکەی هێنایەوە، کەیخەسرەوە، پێجنسەد پاڵەوانی لەهەموو یەکە جۆراوجۆرەکان، کۆکردەوە و لەگەڵ پەخشانپا و جوانو و کوواری شەمشارەییدا، بەرەو دەروازەی قەڵای حەوت شورای ڕەنگاوڕەنگی باوباپیری کەوتەڕێ. هەڵبەتە، ئەو دەیزانی مەدیوس، ئەمە بەناچاری دەکات. دەنا، هەرگیز ئامادە نییە تەخت، ڕادەستی خاوەنەکەی بکاتەوە. هەر هەلێکیشی بۆ هەڵ بکەوێت، بستێکی بەحەپولك نادات و لەناوی دەبات. بۆیە، دەبوو، پێشتر، ڕێگای چوونە ناو قەڵا خۆش بکات و پاش ئەوەش، بەفێڵێکی حەکیمانە، دەرمانی ئەم دومەڵە هەڵتۆقیوەی ناوی بکات. هەر وەك باوەڕی وابوو کەدەیگوت" ئەگەر دەستێکم بڕزێت، پێش ئەوەی هەوکردنەکەی بەهەموو جەستەمدا بڵاوبێتەوە، دەیبڕم. چونکە، بێدەست بم باشترە لەڕزینی هەموو جەستەم".

کاتێك پێنجسەد پاڵەوانی گیانباز و قارەمان و دەستکەرەوەی چاپوك، لەگەڵ شاهەنشادا، چوونە ناو قەڵاوە. مەدیوس، هەستی بەترس کرد. هەرچەندە پێی وابوو کەشاهەنشا، دڵی فراوانە و لێی خۆش دەبێت، بەڵام، هێشتاش دڵەلەرزەی گرتبوو کە نەبادا، شاهەنشا، بیکوژێت.

لەبەردەم، تەختی شاهانەدا، لەوکاتەدا کە شاهەنشا، بەخۆی و پاڵەوانە گیان لەسەردەستەکانەوە، دەهاتە ژوورێ، مەدیوس، تاجی شاهانە، کە تاجەکەی دیاکۆ بوو، بەدەستییەوە گرتی و لەبەردەم کەیخەسرەوەدا، هەردوو چۆکی خستە سەر زەوییەکە و تاجەکەی

بۆڕاگرت و سەری لەبن تاجەکەدا نەوی کرد. شاهەنشاش، تاجەکەی لێ وەرگرت و شمشێرەکەی لەکێلانەکەی دەرهێنا و نوکەکەی خستە سەر تەپڵی سەری و ووتی" من، وەك باوکی ئەم نەتەوەیە، تۆم بەخشی". بەڵام، لەناخەوە، هەڕەشەی لێدەکرد و بەخۆی دەگوت" دڵنیابە، ئاگری پیرۆزی ئەم نەورۆزە، بەڕۆنی جەستەی تۆ دەکەمەوە".

کەیخەسرەوە، پێش ئەوەی بێتە ناو کۆشکەوە، نەخشەیەکی ووردی دارشتبوو. بەووردی، دەبوو، لەلایەن جوانووەوە، جێبەجێ بکرایە. بۆیە، هەر بەگەیشتنیان، زوڕنا و دەهۆڵی ئاشتی و سەرکەوتن، لێدرا و دەست کرا بەئاهەنگ گێڕان. ئاهەنگەکە، جوانو، بەپێی نەخشەکە، سازی کرد. لەیەکەم ئێوارەی نەورۆزدا، کە ئەوان چوونە ناو قەڵاوە، بەکردنەوەی ئاگرێکی بەرز، لەسەر دیوارەکانی قەڵا و سەربڕینی سێسەد سەر مەڕ و دابەشکردنی شەرابی ترێی سوور بەسەر هەموو سوپای ناو قەڵادا، دەستیان پێکرد. پاش ئەوەی سەربازانی سوپا، هەموو، تێریان خوارد و پاشان، بەخواردنەوەی شەرابەکە، سەرخۆش بوون. سێسەد پاڵەوان و پاشایان و وەزیرەکان و پاڵەوانە ناودارەکان، لەگەڵ مەدیوسی شاهەنشایاندا، قۆڵبەست کران و لەبەردەم دەروازەی قەڵادا، هەرهەموویان، سەربڕدران. ئینجا، سوپای بێشوماری کەیخەسرەوە، بەتەواوی هاتنە ناو قەڵای هەگبەتانەی حەوت شورای حەوت ڕەنگەوە و هەمووان ئاگری نەورۆزی ئەوساڵەیان، بەو سەرکەوتنە گەورە و مێژووییە، پیرۆز کرد و سرودی خوداوەندی مەزنیان، لەبەردەم ئاگری نەورۆزردا، بەکۆمەڵ ووتەوە.

قەڵای هەگبەتانە، لەسەردەمی دیاکۆدا دروست کرابوو. حەوت شوورای هەبوو کەهەریەکێکیان لەڕەنگێك بوو. قەڵاکە، لەسەر گردۆڵکەیەکی بەرزی بەردینی سەر تەخت، بنیات نرابوو. بەشێوەیەك بەسەر پانتایی تەواوی دەشتایی دەوروبەریدا دەیڕوانی. لەسەر گردۆڵکە بەردینەکان، کانییەك هەڵدەقولا. ئاوێکی پاکی شیرین و سازگاری هەبوو.

ئەودەم، ووڵاتی مید، پێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو. شانشینی گەورەی مانی، کەپایتەخت و ناوەندی دەسەڵاتی پاشای لێوە دەرکەوتبوو، ناوی زیرتە بوو. پاش نزیکەی سێسەد ساڵ لەملانێ و جەنگ، لەگەڵ ئاشوریەکان، لاواز ببوو و بەتەنها و تاقانە، لەبەرەکانی جەنگدا، مابۆوە.

ئەو دەمەی ئاشوریەکان، سنوری داگیرکارییان فراوان کرد. خێڵ و پادشایانی ووڵاتی مید، سێ بەشیان، داگیر و کاول کرابوون. پاشاکانیان، لەئێوارەیەکی مانگی ڕەشەمەدا، کەپێشتر، نەخشەیان بۆ کێشابوو و ژمارەیان دووسەد و شەست پاشا و سەرۆکخێڵ و جێنشین و ڕیشسپی بوون، لە زیرتە، یەکیان گرت و کۆبوونەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا، کەدیاکۆی پاشای دانا و ئازای زیرتە، بەشداریی کرد، هەمووان داوایان لێکرد، ووڵاتی مید، یەك بخات و بەداناییەکەی خۆی، ڕێبەرێتیی ئەم یەکگرتنەیان بکات.

دیاکۆ، تەمەنی چل و پێنج ساڵان بوو. پیاوێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگی چووارشانە بوو. شمشێربازێکی سەرسوڕهێنەربوو. سوارچاکێکی خێرا و هێرشبەرێکی گورج و گۆڵ و دەستکەرەوەیەکی خێرابوو. بەشێوەیەك، هەرکاتێك لەهەر جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەیەکدا، هەڵمەتی بردبێت، لەچاوتروکانێکدا، نیشانەکەی

دەپێکا. تەنانەت، سوپایەکی بەهێزی دەهەزار کەسیی سوارەی هەبوو. کەهەموویان، لەیەك کاتدا، تیروکەوان و شمشێریشیان بەکار دەهێنا.

دیاکۆ، لەبنەماڵەی پاشاکانی مانی بوو. پشتاوپشت، پاشایەتیی بۆ مابووەوە. وێڕای ئازایەتییەکەی، پاشایەکی زیرەك و دانا بوو. بۆ یەکەم جار، شانشینەکەی لەسەر بنەمای بەڕێوەبەرێتیی کۆمەڵێك ئەنجومەن، داڕشت و ئەنجومەنی دادوەریی وولات و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و ئەنجومەنی بەرژەوەندییەکانی وولات و دەستەی بەڕێوەبردنی بازرگانی و ئەنجومەنی وەرزێر و جوتیاران و دەستەی چاودێری و سەرپەرشتیاری شوانکارەکان و ئەنجومەنی پیرانی، لەناو شانشینەکەیدا، وەك ڕایەڵەی ڕێکخستنی وولاتەکەی پێك هێنابوو.

وولات، سنوورێکی داخراوی هەبوو. جەنگی بەردەوامی دژ بەئاشورییەکان، تەنگی بەهەموو لایەك هەڵچنی بوو. هەرچەندە، نەیانهێشتبوو کە داگیر بکرێن، بەڵام، کوشتارێکی زۆریان لێ کەوتبوو. لەهاوینی ساڵی پێش ئەو کۆبوونەوەیەدا و لەکۆتایی مانگی پوشپەڕدا، زۆربەی پاوەن و کێڵگەکانی بەروبومی دانەوێڵە، سوتابوون. بەهەزاران سەر ماین و ئەسپ، بەتاڵان برابوون. زۆرێك لەشوارنکارەکان، مەڕ و بزنەکانیان لەدەست دابوو. هەزاران کچ و کوڕیان بەدیلی برابوون و کرابوونە کۆیلە و بەوولاتەکانی میسر و بابل، فرۆشرابوون. سەدان کەسی تریش بریندار و کەنەفت ببوون. نەخۆشییەکی درم و کوشندە، لەوولاتێ بەربوو و زۆرێکی کوشتبوون. ئیدی، وولات، هێند تێك چووبوو، کەس ئاگای لەکەسی دیکە، نەمابوو. دیاکۆش، تەنها ئەوەندەی پێکرابوو، کە سامانی شاهانە، لەزیرتەوە بگوێزێتەوە بۆ قەڵایەك لەنزیك گۆلی ورمێ و سوپاکەشی لە دەهەزار سوارەی پاڵەواندا، بۆ بەرگریکردنی بەردەوام، ڕێك خستبووەوە.

ئەوساڵە، ساڵی نەهامەتی و برسێتی و نەبوونی بوو. گرانی، لەسەرەتای زستانەوە و لەمانگی بەفرانبارەوە دەستی پێ کردبوو. خەزێنەی شاهانە، بەسەر خەڵکە هەڵاتووەکەدا دابەش دەکرا و دانەوڵە و مەڕگەل و وولاخەبەرزە و حوشتر و جەڵەبی ئەسپی شاهانە، لەبێئالیکیدا و لەبرسان، دەمردن و بەرەو کەمی دەچوون. بۆیە، دیاکۆ، لەحەوتەم ڕۆژی مانگی بەفرانباردا، لەدیوەخانەکەیدا، ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی کۆکردەوە و پێی ووتن: ئێوە، دەزگای ژیری و ووشیاریی ئەم خەڵکەن. منیش خاوەنی بڕیاری کۆتاییم. بۆیە، هەمووتان، ببنە پەرتوکی ناو مێشکی من و ئاوێنەی تێدابینینەوەی ژیان. بەهەمووتان، بیر بکەنەوە و جیهان بینییەکانی خۆتان، بکەنە ملوانکەیەك بۆ ڕازاندنەوەی ژیانی خەڵك. تاکو بتوانین، کێڵگەی خەمەکانی خەڵك، بەبیری چاك بکێڵین و بەرهەمێکی باشیان لێ دروێنە بکەین. ئەگەر نا، ئەوا، خەڵك بەکۆمەڵ لەمانگی ئایندەدا، لەبرسان دەمرن و سەربازێك نامێنێتەوە کەبتوانێت بەرگری لەم وولاتە بکات. خۆ ئەگەر بەو داهاتەی ئێستەش هەمانە، بتوانین سەربازەکانمانی پێ ڕزگار بکەین، بەڵام ناتوانین خەڵکی پێ ڕزگار بکەین. چونکە، وولاتی بێ هاونیشتمانی، وەك هێلکەیەکی بێ سپێنە وایە کە بیشیخەیتە بەر مریشك، نابێت بەجوچك و زەردێنەکەش، لەناویدا بەبێ سوود، دەبێتە تۆپەڵێك خۆراکی ووشك هەڵاتووی ڕەقی بێ سوود.

ئەنجومەنەکە، لە بیست و یەك ڕاوێژکاری دنیادیتەی خوێنەواری شارەزا و پسپۆڕ لەبوواره جیاوازەکاندا، پێك هاتبوو. یەکێك، ئەستێرەناس و یەکێك، کەش ناس و یەکێك کۆمەڵناس و یەکێك ئاینزان و یەکێك زمانزان و یەکێك خاك ناس و یەکێك پسۆڕی جەنگ و یەکێك خۆراك ناس و یەکێك گیاناس و یەکیك خەونزان و یەکێك ڕەوانبێژزان و یەکێك شارەزا لە بەڕێوەبردندا و یەکێك چیرۆك زان و یەکێك هەڵبەست خوان و یەکێك چەك ساز و یەکێك پزیشك و ئەوانی تر هەریەکە و لەبوارێکدا شارەزا بوون. هەربۆیە، هەر ئەندامە و بەپێی شارەزایی خۆی، ڕای خۆی گوت، کەتێیدا، تەواوی کەم و کوڕییەکان و لەگەڵیدا ترسەکان و چارەسەری کۆتاییشی پێشکەش بە پاشاکرد.

پاشا، لەدیدەکاندا، کەگەلاڵەی دوو بیرۆکەی پڕ ووردەکاری بوون، یەکێکیانی هەڵبژارد.

بیرۆکەی یەکەم، مانەوەیان لەچیا و خۆگرتن لەبەردەم نەهامەتییەکانی مانەوەدا. دووایەش، بەووریایی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن و بەحیلەیەك خۆیان لەجەنگی بەردەوامی ئاشور، ڕزگار بکەن.

بیرۆکەی دووەم، ئامادەکردنی بەدەستوبردی سوپا و هێرشێکی لەناکاو بۆ سەر سوپا بەجێماوەکەی ئاشور لە شاری زیرتە و بەمەش، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و ئاشوریش ناچار دەکەن، خۆیانی لێ دوور بگرێت.

دیاکۆ، پاش ئەوەی دەربارەی بیرۆکەی دووەم، ڕاوێژی زیاتری لە ڕاوێژکارە سەربازی و ئەستێرەناس و بەڕێوەبردنی دانەوێڵە و خۆراك و جبەخانەی چەك، وەرگرت، بڕیاریدا، لەدوو ڕۆژی ئایندەدا، سوپاکەی ئامادە بکات و هێرشێکی لەناکاو، بکاتە سەر سەربازگەکەی زیرتە و هەموویان لەناوبەرێت. کۆمەڵێکیشی ڕاسپارد، بچنە ناوچەکانی ئاشور و کۆمەڵێك چیرۆکی ئەفسانەی ترسناك، سەبارەت بەهێرشی هەزاران سەرباز و پاڵەوانی کورد، بۆ سەر ئاشوریەکان، لەزیرتە و بەکۆمەڵکوشتنیان، بڵاو بکەنەوە. تاکو، بەو هۆیەوە، ترس و دڵەڕاوکێ، لەناو سوپای ئاشوردا، دروست بکات و نەتوانن هێرشی پێچەوانە بکەن. یان هەوڵ نەدەن هاوکاری بەفریای سەربازگەکەی زیرتە بهێنن.

دیاکۆ، هێرشێکی دەهەزار کەسیی کوتوپڕی کردە سەر سەربازگەکەی ئاشوور، کە ژمارەیان نزیکەی پەنجاهەزار کەس دەبوون. لەماوەی یەك حەوتودا، تەواویان کوژران و لەناو بران. ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش، ناوی دیاکۆی گەیاندە هەموو قوژبنێك و دڵی پاشای گەورەی ئاشوری لەرزاند. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو پاشا و سەرەکخێڵ و میر و ڕیشسپیەکانی ووڵاتی مید، کەخۆیان لە دووسەد و شەست ولایەتی بچوك بچوکدا دەبینییەوە، بیر لەوە بکەنەوە کەهەموویان لەژێر سایەی دیاکۆدا یەك بگرن و خۆیان لەناو سوپایەکی فراوان و گەورەدا، یەك بخەن.

سەرکۆك و پاشاکانی کورد، لەماوەی یەك مانگدا و لەکۆتایی مانگی ڕێبەنداندا، هەمویان، خۆیان گەیاندە دیوەخانەکەی دیاکۆ. هەریەکە و ئامادەگیی خۆی بۆ پرۆسەکە دەربڕی و باش گفتوگۆی بەردەوام، لەیەکەم ڕۆژی بەهاردا، بەکۆی دەنگ، بڕیاریاندا، لەپێناوی مانەوە و بەرگریکردن و دژوەستانەوە بەڕووی سوپا بێشومارەکەی ئاشوردا، دیاکۆ، وەك شاهەنشای ووڵاتی مید، هەڵبژێرن و شانشینی گەورەی ماد، پێك بهێنن و

ڕێککەوتننامەیەکیان ئیمزاکرد کەپێیان دەگوت( هەگبەتانە). بۆ ئەوەی هەواڵەکەش بەخێراترین شێوە، بگاتە هەموو قوژبنێك، کەیەکەم ڕۆژی مانگی نەورۆزی بەهاری ئەو ساڵەی دەکرد، ئاگریان لەسەر کێوەکان کردەوە. ئیدی کێوبەکێو، تا سبەینانێکی زوو و پێش شەبەق، تەواوی کێوەکانی کوردستان، بڵێسەی ئاگریان لێ هەڵدەستا. بەم ئاگرەش، مژدەی یەکبوون و پێکهێنانی ئەو شانشینە گەورە و مەزنە، بۆ یەکەم جار لەمێژودا، گەیشتە هەموو ماڵێك و بڕیاریش درا، هەموو ساڵێك و لەهەمان ئێوارەدا، بۆ بەرزنرخاندن و یادەوەریی ئەوڕۆژە، جەژن بگێڕدرێت و ئاگر لەهەموو جێگایەك بکرێتەوە و شیرینی و خواردنی بەتام ببەخشرێتەوە. بەمەش، ئاگری نەورۆز، کرایە جەژنێکی فەرمی و پیرۆزی وولات.

لەدایکبوونی ئەم شانشینە نوێیە، بەو سنورە فراوانەیەوە، پێویستیی بە ناوەندێکی بەهێز هەبوو کەبتوانێت، ئیدامەی پێبدات. هەربۆیە، دیاکۆ، بڕیاریدا، قەڵایەك دروست بکات، کەتاکو ئەوکات، لەشێوەی نەبوبێت و دەوروبەری قەڵاکەش بکاتە شار و ناوی لێنا هەگبەتانە.

بۆ دروستکردنی قەڵاکە، بەناو وولاتدا جاڕدرا، کە هەرکەسێك لەهەرشتێکدا، دەربارەی هونەری دروستکردنی قەڵاو بەردتاشین و هونەری شێوەکاری و خانوبەرە و ئاودێری و نەخشەسازی، شارەزایە، بابچێت بۆ زیرتە. بەدرێژایی دووبەهاری تەواو، لەزیرتە، دیاکۆ، سەرقاڵی نەخشەسازیی ئەو شار و قەڵایەبوو کە دەیویست لەسەر زەویدا، تاقانەبێت و لەشێوەی نەبێت. لەکۆتاییدا. نەخشەکە، تەواو بوو و دەست کرا بەدروستکردنی.

قەڵاکە، لەسەر گردێکی بڵندی بەردین، دروست کرا، کەحەوت شوورای بازنەیی دەوری دابوو. کانییەك لەسەر تەختایی گردەکە، هەڵدەقولا، کەکردیانە دەریاچەیەکی بەردینی بچوك، بەشێوەیەك پێویستیی بەئاوی دەوروبەری نەبوو. باڵەخانەی دوونهۆمیی لەبەرد تاشراوی شاهەنشا، لەتەنیشت هۆڵی کۆبوونەوە و تەختی شاهانەوە دروست کرا. شوراکانیش، سەرسوڕهێنەرانە، نەخشەسازیی بۆ کرابوو. بەشێوەیەك، یەکەم بەسەر دووەمدا ئەیڕوانی و دووەم بەسەر سێیەمدا، تاکو کۆتایی هەر حەوت شوراکە، کەهیچ کەسێك، نەیدەتوانی، ئەگەر بچێتە ناو شورای یەکەمی دەروازەوە، ئەوا، لەدەست بەرگریکارانی شورای دووەم، ڕزگاری نابێت. ڕەنگەکانیش، بەپێی جۆر و قایمیی بەردەکان ڕێکخرابوون کە توندوتۆڵ و ڕەق و گەورە و ئەستوور و پان بوون. هەر بەردێکی تاشراو و ئامادە، نزیکەی قورسایی بیست و سێ ئەسپ دەبوو. ڕەنگی شورای یەکەم، ڕەش و دووەم قاوەیی و سێیەم مۆر و چوارەم پەمەیی و پێنجەم سوور و شەشەم شین و حەوتەم سپیی بەفرین بوو. نێوان هەر شورایەکیش لەگەڵ ئەوەی پاش خۆیدا، دوو گالیسکە بوو. بەرزیی هەر یەکێکیشیان سێسەد پێ بوو و هەر دەروازەیەکیش کەلە ئاسنێکی پۆڵایین دروست کرابوو، دوو تاك بوو و پانایی دوو گالیسکە و بەرزیی بەقەد شوراکەبوو و دەرگایەکی بچوکیش، لەیەکێك لەتاکەکانی دەرگا گەورەکەدا بوو کەوەك ڕێگایەکی خێرای تاکەکەسی، بەکار دەهێنرا.

دیاکۆ، لەنەخشەسازییەکەیدا، بۆهەر پەلامار و داگیرکارییەك و خۆڕزگارکردنی دەستبەجێی ناچار، دەرگا و تونێلی ژێرخاکیی نهێنی دروست کرد. هەر بۆ ئەو مەبەستەش، چووار تونێلی نهێنیی لەژێر

زەویدا، لەناوەوەی کۆشکی شاهانەوە تاکو دەرەوەی قەڵاکە، کە دوو ڕۆژەڕێ بەپێ دوور بوون، هەڵکەند. تونێلەکان، بەشێوەیەك دروست کران، کە دەیتوانی، لەیەك کاتدا، چووارکەسی پیادە و سوارێك بەئەسپەکەیەوە، بەناویدا، گوزەر بکات. لەکۆتایی دەروازەی چوونەدەرەوەشدا، شورای نهێنیی دروست کرا و پاسەوانیشیان بۆ دانران.

قەڵای حەوت شورای حەوت ڕەنگ، بە سێ بەهار دروست کرا و شاری هەگبەتانەش بەماوەی دوو بەهار، ئاوەدان و فراوان بوو و پاش حەوت بەهاریش، بووە ناوەندێکی بەهێزی شانشینەکە و بەناچاریش، لەلایەن ئاشورەوە، وەك نێوەندی شاهەنشایی وولاتی مید، دانی پێدانرا. بەڵام، وەك دوژمنێکی ترسناك.

ئێستا، هەگبەتانە، ئەو قەڵا و شارە بەناوبانگ و دەوڵەمەند و گەورە و گرنگەی کەبەدەستی دیاکۆ، دروست کرا، پاش داگیرکارییەکەی ئاشور و هاوپەیمانەکانی، لەلایەن، کەیخەسرەوەوە، جارێکیتر، ڕزگار کرا و بووەوە بە نێوەندی بەڕێوەبردنی وولات و بنکەی هێزی دژە ئاشور. تەنها، پشویەکیشی گەرەك بوو، تاکو ڕوداوە گەورەکە، هەر ئەو ڕوداوەی کە ڕەوڕەوەی مێژوو، ئەچەرخێنێت و گۆڕانکاریی گەورە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ڕوودات. بەڵێ، ئەو ڕووداوە ڕوودەدات، کەهیچ کەسێك ناتوانێت، تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە. بەڵام، مادام گەردوون، کەیخەسرەوەی لەبێشکەی سروشتی خۆیدا، بەدایك هێناوە، چەرخەکە دەگۆڕێ.

کەیخەسرەو، بۆ ئەوەی لەزەهنیەتی خەڵکدا، ئەم ڕووداوە بهێڵێتەوە، فەرمانیکرد، بەردتاشەکان، لەبەردەم شوورای یەکەمی قەڵادا، پەیکەرێکی فراوەهر، ئەندێشەی ڕاستی، لەبەردی مەڕمەڕ، بتاشن و لەسەری بنوسن( گرنگی بدەن بە هزری خۆتان، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە، دواڕۆژ دەبێتە وتەی ئێوە، گرنگی بدەنە وتەی خۆتان، چونکە ئەم وتانە، دواڕۆژ دەبێتە کردەوە و ڕەفتاری ئێوە، ئاگاتان لە کردەوەی خۆتان بێت، چونکە پاشەڕۆژ، دەبێتە کەسایەتی ئێوە).

ئەو، پێی وابوو، خەڵك، ئەوەندەی لەخوێندنگای ڕووداوەکاندا ژەکی زانیاری دەخواتەوە و گەشەی عەقڵیی پێدەکات، ئەوەندە ناتوانێت لەژێر زەبروزەنگدا، ئاو بخواتەوە و خۆی گەورە و پەروەردە بکات. هەربۆیە، هەمیشە مرۆڤ، کەڕووداوێك دەبینێت، یان هەستی پێ دەکات، یان دەیبیستێ، بەپەلە، بەدووای چارەسەرێکدا دەگەڕێت و لەدنیابینییەکانی خۆیەوە، هاوکێشەیەك لەبەردەم خەیاڵەکانیدا قوت دەکاتەوە و شیان دەکاتەوە. بەمەش، چارەسەرێکی گونجاو بۆخۆیان دەدۆزنەوە. بەڵام، ئەگەر هێزێك نەبێت بۆ ڕاگرتنی بەردەوامیی، ئەوا زوو هەرەس دەهێنێت و لەبناغەوە هەڵدەوەشێتەوە. تەنانەت، هێز، لەتوانایدایە، هاوکێشەکان جێگۆڕکێ پێبکات و لەبەرژەوەندیی دەسەڵات، جارێکیتر، بیانخاتەوە گەڕ. ئەمە لەکاتێکدا، مرۆڤگەلی ئەمڕۆژە، سوور دەزانن مویەك بەسەر ماستەکەی بەردەمیانەوەیە. کەچی، هەرخۆیان، بەرگریی لێ دەکەن و لەپێناویدا، خۆیان دەکەنە قوربانی. بەمەش، پیرۆزیی پادشا و خاوەن دەسەڵاتەکان، بەرهەم دەهێنن و هەرخۆشیان، پارێزگاری لەمانەوەیان دەکەن و کڕنۆشیان بۆ دەبەن.

ئەو، دەیزانی کە چەمانەوەی ئەم خەڵکە، لەبەردەم کەوشە چەرمینەکانیدا، لەخۆشەویستییاندا نییە. بەڵکو، ترسیانە لەمردن.

بۆ قوتاربوونیش لەو مەرگە ناوەختە، بەدەستی ئاشووری و لایەنگرەکانیان، لەدەوری پێڵاوەکانی ئەم، کۆبوونەتەوە و لەژێر باڵەکانیدا، خۆیان لەگەرما و سەرما و برسێتی و قات و قڕی و نەخۆشییە درمەکان، دەپارێزن. بێجگە لەمەش، ئەوان، لەژێر کەسێتییەکی کاریگەر و ناوداردا، خۆیان مەڵاس دەدەن و هەریەکەو لەلای خۆیەوە، دەیەوێت، چمکێك لەو بەرەیە بدرێت، کەناوبانگی پێ دەردەکات.

خاوەن شکۆ، بەشمشێرەکەی دەستییەوە، ڕوبەڕووی سەرسەخترین دوژمنی بۆتەوە. خەڵکیش، لەژێر ناو و باوەڕی بەئایندەیەکی ڕوونتردا، بازنەیان بەستووە و ڕیزی سوپایان پڕ کردووە. چونکە، ئەوە، تاکەڕێگای ڕزگاربوون و گەیشتنیانە بە خواستەکانیان.

کەیخەسرەو، پاش دوومانگ، لەبەردەم پەیکەری فراوەهردا، لەدەروازەی شوورای کۆتایی قەڵا، چاوی بڕیبووە باڵەکانی پەیکەرەکە. پەخشانپاش وەك هاوەڵێکی دڵسۆز و ئەفسەرێکی پاڵەوانی کارامە و وەك پاسەوانێکی گیان لەسەردەست، لەپشتییەوە ڕاوەستابوو.

کەیخەسرەو، ئاوڕێکی لەپەخشانپا دایەوە و ووتی: کاتی ئەوە هاتووە هەناسەیەك هەڵمژین و پشوویەك بدەین. ئەم ساڵ، هەوڵی ئامادەکردنی هێرشێکی هەمەلایەنەی چڕوپڕ بدە و تەواوی سوپا، بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەربائیلۆ ئامادە و ساز بکە. ڕاهێنانی ووردیان پێ بکە و هەموو پێداویستییەکانی جەنگیش، لەپێش جوڵەی سوپادا، بۆ بەرەکانی جەنگ بنێرە. پێم وابێت، تەنها یەك ساڵ بەسە بۆ ئەو مەبەستە. چونکە، کات، وەك چۆن ئاو لەبەهاراندا، بەسەر بەرزاییەکاندا دێتە خوارەوە و ناوەستێنرێت، ئاوا، لەتەمەنی ئێمە دەڕژێت و نیوەمان دەکات لەخۆی.

پەخشانپا، سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دانەواند و ووتی: فەرمانتە.

کچە قارەمانەکەی ووڵاتی میدیا، پاش یەك حەوتوو لەفەرمانەکەی شاهەنشا، سەبارەت بەهێرشەکە و بۆ کۆبوونەوەیەك لەسەرەتای مانگی پوشپەڕدا، نامەی بۆ هەموو پادشاکان نارد و تەواوی دەستە کارگێڕییەکانی بۆ کۆکردنەوەی پیتاك و ئامادەکردنی شمەکی جەنگی خستەکار و خۆیشی، بە نزیکەی پێنج سەد سەربازی سوپای تاک مەمکەکانەوە، بەرەو عیلام کەوتە ڕێ.

سەرلەشکرد، دەیزانی ئەم جەنگە، تەنها بە بوونی سوپایەکی ئاوا گەورە و بەشمشێر و تیروکەوان و مەنجەنیق و گورز و تەوری ئاسنین، بردنەوەی مسۆگەر ناکرێت. بەڵکو، لەگەڵیدا، پێویستیی بەخۆراك و پۆشاکی زۆرە و دۆزینەوەی چەکی نوێش، بۆخۆی هەوێنی بردنەوەیە. لەگەڵیدا، نەخشەی سەربازی و فێڵ و تەڵەکە، بۆ لاوازکردن و ڕوخانی هێزی ناوەکیی سەربازەکانی سوپای دوژمن، گەرەکێکی پێویستە. هەربۆیە، دەچووە عیلام و گەورەزانا و پسپۆڕانی جەنگ و کەشناسی و ئەستێرەناسی و پیشەکارە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ خۆیدا، دەهێنایەوە.

جەنگ، هەمیشە، بۆ ئەم ووڵاتی میدیایە، کارەسات بووە. بێجگە لەماڵوێرانی و قاتوقڕی، دەستکەوتێکی تری نەبووە. هەرچەندە هەمیشە لەبەرگریکردندا بوون و قوربانیشیان بۆداوە تاکو لێیان بگەڕێن و لەژێر باج داندا، بەئاسودەیی بژین. بەڵام، لەکۆتاییدا، هەر زەرەرمەند بوون. کەچی، ئێستا، نیازی جەنگەکە، وەك سەرقاپێك، هەڵگەڕاوەتەوە. ئەم جارە، جەنگ، بۆ بردنەوەیە. بۆ

بەرگری و ڕزگار بوون نییە. بەڵکو، بۆ کۆتاییهێنانە بە دوژمنێکی گەورە و زەبەلاح.

پەخشانپا، ژنە سەرلەشکری وولاتی میدیا و نزیك و باوەڕپێکراوی کەیخەسرەو، کایەی هاوکێشە ئاڵۆز و دەستەبژێرییەکانی دیدوتێڕوانینەکانی ئێستا و ڕابردووی کۆمەڵگای میدی بوو، پێی وابوو " کە ئەو، وەك ژنێك. هێشووی بۆڵە ترێیەکی تازە پێگەیشتووە و بیر و ئەندێشەی ژنانی سەردەمی خۆی پڕ و تێر دەکات. چونکە، ژن بوون، بوونە ژەکی ژیانە. هەموو ئەوانەی کەلەژیاندان، لەناوگەڵی ئەمەوە سەریان دەرهێناوە و بەناو جۆگای پڕ لەئازاری ئەودا، گوزەریان کردووە. بەئازارەکانی پاڵنانی ناو زێی ئەم هاتوونەتە خوارێ و بوونەتە زیندەوەری سەر زەویی سەوز. بۆیە، بەرەوباشکردن و بەرگریکردن لێیان، هێشتا، ئەرکی دایکی کۆمەڵگایە کەژنە. لەوێشەوە، ئەم، تەنها پاڵەوان و قارەمانی بەرەکانی جەنگ نییە! بەڵکو، ڕێبەری دایکایەتیی جیهانە. کەلێوەی، جارێکیتر، بەم تێکۆشان و قارەمان بوونە، ژن، لەبوون بەکالای دەستی ئاین و حکومڕانە خاوەن بەرژەوەندییەکان ڕزگار دەکات".

ئەو، بەسەر ئەسپەکەیەوە و لەپێشی سوپاتاییەتە تاکمەمکەکەیەوە، دەرۆیی و بەخۆی دەگوت: " ئێمەی ژنان، لەژێر سایەی دیدی پیاوە ئاشورییەکاندا، بێجگە لەزەوییەکی بەراو، بۆ تێداچەقاندنی تۆوی ئەوان و بەهەشتی گەیشتن بەخۆشییەکانی ئەوان، شتێکیتر نیین. بۆیە، پێش هەرشتێك دەبێت، ئێمەی ژن، بەگیانبازیمان، چەردەی جاڵجاڵۆکەیی بیرکردنەوەکانیان تێك بشکێنین. ئەودەم، جارێکیتر، بەدایکیان بهێنینەوە. دەنا، ناتوانین بەسەر ئەم هەموو دەستوورە ڕەشەدا زاڵ بین کەئەوان، هەزاران ساڵە، ئاخنیویانەتە ناو هزری کۆمەڵگاوە".

ئەو دەیگوت" ئازادی و بەرقەرارکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز، بەسەر نوکی شمشێری ژنێکەوەیە کە شانازی بەژن بوونی خۆیەوە دەکات. ئەگەر نوك و پانتایی لاکانی شمشێرێکی تیژ نەبێت، کەوەك سواڵە، درەو لەبیر و هزری کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا بکات، کەپێی وابێت ئەو، مافی خۆیەتی خاوەنداری لەژن بکات و تەنها بۆ چێژەکانی خۆی ببێتە خاوەنی چەند ژنێك، هەرگیز، هیچ ئامانجێك ناپێکرێت. هەربۆیەش من، مەمکی خۆم بڕی و سوپایەکم لەژنانی تاك مەمك پێك هێنا، تاکو بەهێزی شمشێری دەستی خۆمان، ئەو بیرکردنەوەیە بنبڕ بکەین. بێجگەلەمەش، پێیان بڵێین، هەرپیاوێك دەیەوێت چێژ لەجەستەی ئێمە وەربگرێت، بابێت و شمشێرەکانمان بلێسێتەوە".

لەو گوزەرەدا، کە سوپا پێیدا تێدەپەڕی، لەناو گژوگیای پڕ و درەختی بەڕووی چڕدا، تەنها ماڵێك، لەنێوان دوو زنجیرەچیادا و لەسەر کانییەك، دەرکەوت. ماڵەکە، لەبەرد و قوڕ دروست کرابوو و سەرەکەی بەدار گیرابوو و بەخۆڵ گڵەبان کرابوو. باگردێنێکی بەردینیش، بە گوریسەکۆنێکەوە، لەسەر خانووەکە بوو. لەپشتی خانووەکەوە، پەرژینێکی کەڵەك، بۆ مەڕوماڵاتی لێ بوو. دووڕیز گەوڕ و کادێنێك، بەشێوەیەکی بازنەیی، بەردەمی خانووەکەی پێ حەوشە کرابوو. ئەسپێك، لەژێر درەختێکدا، لەلایەکی ماڵەکەوە بەسترابۆوە و لەگیای بەهارێی دەخوارد.

هێشتا، چەند شەقاوێکیان مابوو بگەنە تولەڕێی نزیك ماڵەکە و لەگوێی شیوەکەی بەردەم ماڵەکەدا، پەخشانپا، ئەسپەکەی وەستاند

و دووابەدووای ئەویش، سوپا، هەموو وەستان. پاشان، فەرمانیکرد" لێرە، بۆ ماوەیەکی کورت، پشوو دەدەین". لەو دەمەدا، پاڵەوانێك، بەشمشێرێکی ئاسنینی درێژ و دەم دووفاقەوە و بەتیروکەوانێکی دووهەنگاو پانەوە، لێیان دەرپەڕی و ووتی" ئێوە کێن و بۆکوێ دەچن و چیتان دەوێت؟"

هەموو، بەیەکجار، لەکابرا ڕامان و سەریان لەو سەرکێشییە سوڕما. کە چۆن دەیوێرا، لەبەرامبەر سوپای تاکمەمکاندا، ئاوا تێیان بخوڕێت! دەبێت ئەم کابرایە، سەری لێ شێوابێت یان دێوانەبێت! دەنا چۆن دەیوێرا ئاوا دەگەڵیان بدوێت؟

یەکێك، لەپاسەوانە تایبەتییەکانی سەرلەشکر، هاتە وەڵام و ووتی" هێی کابرا! ئەوە ئێمە سوپای تاکمەمکانین و ئەوەی لەپێشیشمانەوەیە، پەخشانپای سەرلەشکری ووڵاتی میدە. پەلەکە، لەبەردەمیدا، بەچۆکداوەرە و ڕێز و ستایشی بکە".

پاڵەوان، وەکو ئەوەی لەگەڵ ئەویاندا نەبووبێت و گوێی لەهیچ شتێك نەبووبێت، ووتی" پێم بڵێن بۆچی هاتوونەتە ئێرە و چیتان دەوێت؟".

پاسەوانە تایبەتیەکە، ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام پەخشانپا، دەستی ڕاستی بە نیشانەی بێدەنگبوون لێ بەرزکردەوە و ووتی" من، پەخشانپای سەرلەشکرم و ژنەپاڵەوانی ئەم ووڵاتەم. لێرەوە و بەم گوزەرەدا، بەرەو ئیلام دەچم. ئەگەر لەم ڕێگریکردنەتدا، خواستی خۆتاقیکردنەوەت هەیە،ئەوا وەرە پێشەوە و لەگەڵمدا بجەنگە".

پاڵەوان، هەر کەگوێی لەم ئاخافتنە بوو، بەچەند قەڵەمبازێکی خێرا، لێیان نزیك بۆوە و شمشێرەکەی بەهەردوو دەستی گرت و ڕووبەڕووی پەخشانپا، وەك کۆڵەکە چەقی.

پەخشانپا. خۆی لەئەسپەکەی فڕێدایە خوارەوە و بەدەم ڕاکردنێکی هەڵپەبردنەوە و بەهاوار و نەڕەی وورچێکی توڕەوە، شمشێرەکەی لەکێلانە سپییەکەی دەرهێنا و گەیشتە پاڵەوانە نەناسراوەکە و شمشێرێکی بەهەموو هێزی داهێنایەوە و دایوەشاند.

پاڵەوان، بەبێ سڵەمینەوە و بەبێ ئەوەی تەکانێك بەخۆی بدات، بەهێزێکی یەکجار سەرسوڕهێنەرەوە، شمشێرێکی دایە بەر شمشێرەکەی پەخشانپا و لەئەنجامدا، شمشێرەکەی پەخشانپا، لەنێوەڕاستدا، بوو بەدوو کەرتەوە.

پەخشانپا، بەو نیوەشمشێرەی دەستییەوە، بەردەوامیی بەرۆبەڕوبوونەوەکەیدا، تائەو کاتەی شمشێرەکەی فڕێ داو، تەورێك، کەبەپشتییەوە بوو، دەری هێناو پاڵەوانبازییەکە، درێژەی کێشا. تاوای لێهات، ئارەق، سەراپای جەستەی تەڕ کردن.

دووپاڵەوانی گیانباز، بەبێ ئەوەی ماندووبن، ماوەیەکی باش، یەکترییان هێناوبرد. بەبێ ئەوەی هیچیان ببەزن، لەوپەڕی توانای خۆیانەوە، هێز و هونەری جەنگییان لەبەرامبەر یەکتریدا، تاقی کردەوە. لەکۆتاییدا، پەخشانپا، لەبەرامبەریدا، وەستا و نەڕاندی" پێم بڵێ، ئەم هونەری جەنگە لەکوێوە فێر بوویت و تۆ کێیت؟".

پاڵەوان، گەنجێکی سی و پێنج ساڵەی گەنم ڕەنگی باڵابەرزی قەوی و قۆڵی ماسولکە زل بوو. پرچێکی درێژی ڕەشی لولی هەبوو. بەدووچاوی ڕەشی قەترانی و برۆ پڕەکانییەوە، بەهەردوو دەستی شمشێرەکەی توند گرتبوو و ووتی" من ڕۆستەمی زاڵم".

پەخشانپا، بەسەرسوڕمانەوە، چاوی بڕییە چاوی ڕۆستەم. بزەیەکی خۆشی ئاوەری کرد و ووتی" لەبەردەممدا، بەچۆکداوەرە. دەنا، سەرت لەلاشە دەکەمەوە. ئەوەش بزانە، بەندە، سەری سەدان ڕۆستەمم

بەدەستی خۆم پەڕاندووە. دڵسۆزی بۆ من و سوپای شاهەنشایی و ئەم وولاتی میدیایە دەربڕە".
ڕۆستەم، بەخەندەیەکی گاڵتەئاوێزانەوە، سەری نەختێك بادا و ووتی" بەندە، ڕۆستەمم. کوڕی زاڵی پاڵەوانی میدیام. لەم سروشتە بووم و بەم خاك و ئاوە گۆش کراوم. تاکو ئێستا، سەرم بۆهیچ مرۆڤێك، دانەنوواندووە و ڕێسای پاڵەوانێتیی خۆم، کەلە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، ناشکێنم. چونکە پاڵەوان، ئەو کەسەیە کە جەستەی دەکاتە قوربانی و ڕەوانی قارەمانانەی نادات بەدەستەوە".
پەخشانپا، لەناخەوە ئیرەیی بەم جوامێرە دەبرد. خۆزگەی دەخواست، وایلێبکات، سەری بۆ دانەوێنێت. چونکە، سەردانەواندنی کوڕی زاڵ، لەبەردەمیدا، هێندەی تر ناو و ناوبانگی زیاد دەکرد. کەچی، هەروەك ئەوەی چاوەڕوانیی دەکرد، ڕۆستەم جارێکیتر هاتەوە دەنگ و ووتی" من، ڕۆستەمی کوڕی زاڵم، تاکو ئێستا، سەرم بۆ هیچ مرۆڤێك دانەنواندووە، بێجگە لە زاڵی باوکم، بەڵام، لەبەردەم ژنێکدا، کەخواوەند، بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا و نیشتمانەکەی ناردوویەتی، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنم. ئەمەم بۆ ئەوە نییە کەلەبەلێن و بڕیاری خۆم پاشگەز دەبمەوە. بەڵکو، هێزی جوانی و توانا و ئازایەتی و لێهاتوویی تۆیە کە وا دەکات، دەست و قاچ و ڕەوانی سەرکێشم، بەدەستی خۆم، لغاو بکەم و لەبەردەم پێکانتدا، سەردانەوێنم و بۆنی هەڵمی ئارەقی جەستەت بکەم".
پەخشانپا، کە ئەوە بۆ یەکەم جار بوو، ووشەگەلێکی لەو شێوەیەی لەپیاوێکەوە، بەرەو ڕووی خۆی، گوێ لێبێت، تەزویەك، لەنوکی پێیەوە دەستی پێکرد و لەتەپڵی سەری کۆتایی پێهات. بەدەستی خۆی نەبوو، بەهیچ کلۆجێك، نەیتوانی بەرگری بکات و خۆی دا بەدەستی هەستی پیاوێکەوە، کەپاش کەمێك لەمەوبەر، دەیویست، بەنوکی شمشێرەکەی، دڵی لەناو قەفەسەی سنگیدا، دەربهێنێت.
ڕۆستەم، سادەتر لەوەی دەبینرا و هەست پێدەکرا، خۆیشی سەری لەم قسانەی خۆی سوڕمابوو. هەستێکی سەیر، سەراپای ناخی داگیر کرد. ئەوەی بەبیری چاك، مامەڵەی پێدەکرد و لەهزر و دیدەکانییەوە سەرچاوەی وەردەگرت، هەنوکە، لەگەڵ ئەم ڕەفتارەیدا یەك ناگرێتەوە. بەڵام، بلێت چی! لەبەردەم ئەو جوانی و ئازایەتی و لێهاتوییەی پەخشانپادا، دەست بە زنجیر و دەم لغاوکراو وەستاوە و دەسەوسانە. چونکە، تا ئەودەمە، هیچ کیژێکی هاوشانی خۆی چاوپێ نەکەوتبوو. ئێستا، ئەوەتا، زەق و زاق، قنج و قیت، لەبەردەمیدایە.
پەخشانپا، کەتا ئەودەم، نەیتوانی بوو بەسەر خۆیدا بهێنێت، چاوەکانی زیت کردەوە و دەیویست وا دەربخات کە ئەم قسانە ئاساییین و ئەم هێشتا، خۆی نادات بەدەستەوە، ووتی" هێی پاڵەوان، ئەگەر لوتت لە هەوریش بدات، لەبەردەم شمشێرەکەمدا، یەخسیرت دەکەم. تاکو ئێستا، هیچ کەسێك نەیتوانیوە ڕکابەرێتیم بکات. زوو وەرە و لەبەردەممدا، کڕنۆش بەرە".
پەخشانپا، دەشیزانی کەنەیتوانیوە بیبەزێنێت، بەڵام، نەدەکرا ئاوا سوك و ئاسان، لەهەستێك ڕۆبچێت کە هێشتا نازانێت بوونی هەیە یان نا. هەرچەندە، بەبێ ئەوەی بەدەستی خۆی بێت، هەستی بە جوڵاندنەوەیەکی ڕەوان و ناخی خۆی دەکرد و پێی وابوو، ئەمە ئەو کەسەیە، کە دەمێکە بەشوێنییەوەیەتی و لەم نێوانی زنجیرە چیایانەدا، دۆزیویەتییەوە.

ڕۆستەم، بەهێواشی لێی هاتە پێشەوە و دەسکی شمشێرەکەی کەبەدەستییەوە بوو، و بەهەموو هێزی خۆی، لەبەردەم هەردوو قاچی پەخشانپادا، دایهێنایەوە و نوکی شمشێری دوودەمی ئاسنینی لەزەوییەکە چەقاند و کڕنۆشی بۆرد و ووتی" ڕەوانی خۆمت پێشکەش دەکەم. تۆ، فریشتەیت. منت لە خەمێکی قوڵ ڕزگار کرد. شانازییە لەگەڵ کەسێکدا ڕکابەریم کردووە کەهاوشانی خۆمە ".

کچانی سوپای تاك مەمك، بەم گوفتارانەی ڕۆستەم، هەموو بەجارێ دەستیانکرد بەپێکەنین.

پەخشانپا، تەورەکەی خستە سەر ملی و ووتی" ژیانی خۆتم بدەرێ. تاکو بتوانم متمانەت پێ بکەم".

ئەم ڕووداوە سەیر و سەمەرەیە، کەهیچ کەسێك نەیدەتوانی بیری لێبکاتەوە و بیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە بەرێگایەکدا بڕۆن و توشیان ببێت بەتوشی ڕۆستەمی کوڕی زاڵەوە و لەپاش جەنگێکی پاڵەوانبازی، تەڵەیەکی هەست وروژێنەر بەخۆیدا، بتەقێنێت. سەیرە! ئەمە، خەونە یان ڕووداوی ڕاستەقینەیە؟ ئایا ئەمە، چیرۆکی بەردەم ئاگردانی شەوەکانی زستانە کەتێیدا داپیرەیەك، ئەفسانەکانی ناخی خۆی، بەتاڵ بکاتەوە؟ یان ڕوداوێکە و لەبەردەم خەونی ڕۆژانەدا، لەناو بیرکردنەوەی منداڵێکی شەش ساڵەدا لەدایك دەبێت و پاش چەند خولەکێکیتر، لەبیری دەچنەوە؟ ئەمە، چ چەرخێکە وا لەپڕێکدا، دەجوڵێت و دەگۆڕێت؟ یان، ئەوە چارەنوسە و مەنجەڵ، هەمیشە بەدووای سەرقاپی خۆیدا دەگەڕێت و لەکۆتاییدا، دەیدۆزێتەوە!

پەخشانپا، دەیزانی کە زاڵی پاڵەوانی میدیا، تاکە ڕکابەری هارپاگۆسی سەرلەشکری ماد بووە و تاکە کەسێك بووە، کە لەزۆرانبازیی شمشێربازیدا، بەزاندوویەتی. لەتەواوی جەنگەکانی دژ بە ئاشوریاندا، بەشدار بووە و هەرگیز، بۆ چرکەیەك چییە، بێجگە لە فەروەرتشی شاهەنشا، سەری بۆ هیچ مرۆڤێك دانەنواندووە. پاش کوژرانی پاشا و داگیرکردنی وولات، بەرەی جەنگی بەجێهێشت و لەبەرچاو وون بوو و کەس نەیزانی چیی بەسەر هاتووە. کەچی ئێستا، نەك هەر زاڵ، بەڵکو کوڕەکەشی هاتە مەیدان و ئێستا، لەبەردەم پەخشانپادایە و سەری ڕێز و نەوازشی دانوواندووە.

پەخشانپا، هەرچەندە لەوپەڕی لەخۆبردن و سادەییدا بوو، بەڵام، وەك کەسێکی لوتبەرز، دەمی پانی تیژ و لوسی تەورەکەی خستە ژێر چەناگەی و هەڵی ساندە سەرپێ. پاشان، چاوێکی قوڵ و تیژی تێبڕی و ووتی" زاڵی پاڵەوان لەکوێیە؟ بمبە بۆلای".

ڕۆستەم، سەیرێکی کرد و ووتی" ئەو خانووە ماڵی ئێمەیە. تەنها من و زاڵی باوکمی تێدا دەژێین. فەرموون، بابچین بۆ ئەوێ. لەوێندەر، دەیبینیت".

پەخشانپا، فەرمانی بەسوپا تایبەتییەکەی خۆی کرد، بچنە سەرکانییەکە و پشووبدەن. پاشان، بەخۆی و پێنج پاسەوانەوە، بەنیازی دیدەنیی زاڵی پاڵەوان، بەدووای ڕۆستەم کەوت.

زاڵ، لەسەر فەرشێکی مودرێژی لاکێشە، دانیشتبوو. بەهاتنە ژوورەوەی میوانەکان، تەکانێکیدا و هەستایە سەرپێ. خۆشهاتنی لێکردن و دەستی بۆ دانیشتن لەسەر فەرشەکە ڕاداشت و ووتی" خۆشهاتن، میوانانی ئازیز. بەنیشانەی سەر کڵاوەکانتان، لەخۆشەویستانن... دەمێکە بیستوومە کەیخەسرەو، هاتۆتە مەیدان و

هەگباتانەی ڕزگار کردووە. دەستخۆشیتان لێ دەکەم. دوبارە خۆش هاتن".
زاڵ، پیاوێکی بەئەزمون و پاڵەوانێکی ناوازە و گوفتار ڕەوان و بیرمەند بوو. هەر لەسەرەتاوە، بێخەوشی، لەدڵسۆزییدا، چەخماخەی دەدا و خۆشەویستیی بۆ خاك و سروشتیووڵاتەکەی، گیانبازیی ئەو چەند دەیەیە لەتێکۆشان و قارەمانێتیی دەردەخست.
پەخشانپا، خۆی ناساند و زاڵیش، بەم دیدەوانییە، شاگەشکە ببوو. پاش چەند خولەکێك، ڕۆستەمی کوڕی، وەك دەسکەگوڵی خەبات و قارەمانێتی و تێکۆشانی ساڵەهای خۆی، پێشکەش بە پەخشانپا کرد، کە دەگەڵ خۆی بیبات و بیخاتە ڕیزی سوپای شاهەنشاوە.
پەخشانپاش بەخۆشحاڵییەوە، سەری بۆ لەقاند و داوای لێکرد، ڕێگا بدات، ماوەی چەند ڕۆژێك، لەلای میوان بێت. ئەویش، بەپێکەنینەوە، ووتی" بێگومان، خۆشحاڵ دەبم کە بەم کەندوپۆخڵییەی من، لەم شیوە تەڕ و بەهارە پڕ گوڵەدا، میوانم بیت".
پەخشانپا، ووتی" ئێمە، ساڵەهایە لەجەنگێکی بەردەوامداین. قوربانیی زۆرمان بۆداوە. خۆ ئەگەر کەللەی سەری قوربانییەکان بخەینە سەر یەك، لوتکەی هیچ کێوێك پێی ناگات. بۆیە، لەپلانی ئەوەداین، جەنگی هەمیشەیی، لەژێر سایەی ڕزگاری و ئازادیدا، بکەینە خۆشبەختیی هەمیشەیی. بۆ ئەمەش، بیر و تێڕوانین و ڕاوێژەکانی ئێوەمان گەرەکە. خۆ ئەگەر تۆ، ئێستا، نەشتوانی بجەنگیت، دەتوانیت ئێمە، بۆ ئەو جەنگە، بەبیرکردنەوەکانت پڕچەك بکەیت".
زاڵ، خەندەیەکی کرد و ووتی" من، دەتوانم هونەری جەنگتان فێر بکەم. دەشتوانم، حیلە و فێڵی جەنگیتان یاد بدەم. دەشتوانم ڕێگایەکی ئاسانتان پێ نیشان بدەم، تاکو ئاشوور، بۆ هەتاهەتایە، شوێنبزر بکەن و دەسەڵاتی ئەهریمەنییان لەسەر نەخشەی ئەم جیهانە، بسڕنەوە".
پەخشانپا، چاوەکانی ئەبڵەق ببوون. ئەوە یەکەم جار بوو گوێی لەووشەگەلێکی لەو شێوەیە بێت. بۆیە، لەدڵی خۆیدا دەیگوت" ئەی ئەگەر ئێوە پلانێکی ئاواتان دەزانی، بۆچی لەپێشتر و لەسەردەمی پاشا فەروەرتشدا، ئەوکارەتان نەدەکرد؟". بەڵام، ئەو، ژیرانە، بەسەر خۆی نەهێنا و گوتی" پاڵەوان، بیرکردنەوەکەتم پێ بڵێ!".
زاڵ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و ووتی" پێش ئەوەی بچینە جەنگی ئەربائیلۆ، سەبارەت بەو پێشنیارەم، کەئێستا بەتۆی دەڵێم، لەگەڵ هارپاگۆسدا، کەوتینە مشتومڕ. بەڵام، هیچ ئەنجامێکی نەبوو. چونکە، ئێمە، نەمانتوانی دەست بەسەر ئەربائیلۆدا بگرین. چونکە، پلانەکەی من بەندە بە ڕزگارکردنی ئەو قەڵایەوە. دەنا، پلانەکەی من، یەکسانە بەهیچ".
پەخشانپا، ووتی" ئێمە، یەکەم کارمان ئەوەیە کە ئەربائیلۆ بخەینە ژێر دەستی خۆمانەوە و پاشان، هێرش بکەینە سەر نەینەوا".
زاڵ، پێکەنی و ووتی" زۆر باشە، کەواتە، لەپاش ئەو سەرکەوتنەتان، بەری ئاوی دووچڵە، بگرن و بەرهەڵدای ناو شاری نەینەوای بکەن. ئەودەم، بەبێ کوشتار و هیچ ڕوبەڕوبوونەوەیەك، شارەکەتان دەکەوێتە چنگ. چونکە، هەرهەموویان بەیەکجار، دەخنکێن و دەمرن".

زاڵ، لەگەڵ ڕۆستەمی کوڕە تاقانەکەیدا، لەنێوان هەردوو کۆتایی زنجیرەچیای سەمەنگان و پەڕاودا، لەپاش جەنگی کۆتایی و ڕوخانی شاهەنشا، فرەقەرتیش، کەلەنزیك قەڵای ئەربائیلۆ، بەشەش هەزار سەربازەوە، شەش مانگی تەواو، بەرەنگاریی بیست و پێنج هەزار سەربازی سوپای ئاشوریان ببوونەوە و پاشان تێکشکابوون و شاهەنشا کوژرابوو، بێئومێد ببوو و هاتبووە ئەوێندەر و تەواوی ئەو ماوەیەش، بەردەوام ڕاهێنانی سەربازیی بە ڕۆستەم دەکرد و فێری جۆراوجۆر هونەری جەنگیی کردبوو. بەمەش، ڕۆستەم، وەك پاڵەوانێك، لەناوچەکەدا ناسرابوو و دەیتوانی، ماوەی دووشەو و دوو ڕۆژ، بەبێ خواردن و خواردنەوە بجەنگێت. هەمیشەش، پێی دەگوت، بەدووای ڕاستی بکەوە، چونکە، ڕاستی، هێزی جاویدانیی گەیشتنە بە دڵنیایی ئەویش، کەلەئەزمونەوە سەرچاوە دەگرێ، لەگەڕان و دۆزینەوەکاندا، زانایی دەبەخشێتە مرۆڤ. بۆیە، تۆ دەبێت هەم پاڵەوان بیت و هەم زاناش.

ڕۆستەم، کەلەباوکی جودا دەبۆوە، سەیرێکی پڕ حەسرەت و خۆشەویستیی کرد و ووتی" سوێند بەئاهورا دەخۆم کە ئەو، سروشت و هێزی بەرەوپێشبردنی بیرکردنەوەی ئێمەیە، دڵنیام کە وزەو تینی زانستە لەبەدوواداگەڕانی ڕاستیدا، بۆیە، تاکە یەك چرکەی ژیانم بەخەسار نادەم و بەدووی دەکەوم. هەرکاتێکیش دۆزیمەوە، ئەوا دەبمە ئەو کەسەی کەجیهان نوێ دەکاتەوە".

زاڵ، لەکاتێکدا، دڵۆپی فرمێسکی گەورە بەسەر ڕیش و سمێڵە سپییە هۆنراوەکەیدا دەهاتە خوارێ، چاوێکی خۆشەویستیی تێبڕی و ووتی" کاتێك کەڕاستی بەدیدێت و دەناسرێت، ئەوجا لەسروشت تێدەگەین و دەزانین دەربڕینی لەناوخەڵکدا چەند بێسوودە و نەگەیاندنیشی چەند بەئازارە، سەرەڕای ئەمەش، دەمانەوێت بەئەنجامی بگەیەنین. بۆیە، دڵنیام، تۆ لەئازارەکانی دەربڕین دەگەیت و دەتوانیت ئەو سروشە بگەیەنیت. بەهەمووان و بەیەکەوە، جیهان نوێ بکەنەوە.... خوات لەگەڵ کوڕی خۆم... دڵنیام، تۆ دەبیتە پاڵەوانی هەموو جیهان و ناوی منیش بەنەمری دەهێڵیتەوە".

زاڵ، شمشێرێکی ئاسنینی، مسك ئاڵتونی ی کێلان لەدارگوێزی هێنا و دایەدەستی کوڕەکەی و ووتی" بەم شمشێرە، سەری سەدان ئاشوریم پەڕاندووە، هیوادارم، بەدەستی تۆوە، بتوانێت، ژیان بەبەر بێسەرەکاندا بکاتەوە".

ڕۆستەم، شانبەشانی پەخشانپا، لەپێشی سوپای ژنە تاکمەمکەکانەوە، بەسوواریی ئەسپێکی شێی سپیی یاڵ بەرزی پرچ درێژ، ڕیزی ڕۆیشتنی بەست و بۆ دوواجار، تیروکەوانەکەی بۆ باوکی بەرزکردەوە و ووتی" ڕۆشنایی شمشێرەکەی تۆ، دەکەم بەتیشکی داڵدەدانی بێسەرەکان. هەرئەوانەی لەسوپای ڕاستیدا دەجەنگن و لەناو هەمبانەی ئەم ووڵاتی بەردەدا، سەریان مولکی خۆیان نییە. من، بەهێزی بازووم و بەتیژیی شمشێرەکەم، سەریان بۆ وەردەگرمەوە و دەیانکەمەوە بەخاوەنداریی خۆیان.... بەهاوەڵێتیی شاهەنشا و کۆی پاڵەوانەکانی ئەم گەلە، ژیانێکی پاك و بەختەوەرییەکی جاویدانییان پێ ببەخشین... دڵنیابە لەم بەڵێنەم... دەیبەمە سەر".

سوپا، بەرەو ئیلام، کەوتەوە ڕێ و پەخشانپاش، لەبەردەم ڕۆشنایی گوتەکانی زاڵدا، نامەیەکی نوسی و سەبارەت بە نەخشە و پلانی جەنگەکەی داهاتوو، بۆ پەلاماری یەکجارەکی و هەمەلایەنەی سەر ئاشوور و بەرگرتنی ئاوی ڕوباری دوچڵە. لەگەڵیدا، داوای کردبوو،

شاهەنشا، پەلە نەکات، تاکو پاشای سەمەرقەند و سوپاکەی دەگات. ئەمەش، دووو ساڵی تەواوی دەوێت و لەو ماوەیەشدا، ئێمە، هەوڵ دەدەین نێوانی خۆمان و پاشای بابل، جۆر بکەین و هێرشی بەردەوامیش، بەسوپای کەم، دەکەینە سەر ئاشوور و بەخشکەیی، لەهەندێك جێگای گرنگدا، پاشەکشەی پێ دەکەین.

لەڕێگا، دەزگای هەواڵگریی سوپا، لەبەرەکانی ئەرەبخاوە، کە خۆسارۆس، سەرپەرشتیی دەکرد، هەواڵیان هێنا، کە سوپای ئاشوور، پێشڕەویی کردووە و بەرەو قەڵای چەرموو ڕۆیشتوون. بەڵام، لەلایەن تیمی بەرگری و دەستە نهێنییە خێراکانەوە، لەڕێگە و لەبانی سەرتەختی نێوان ئەرەبخا و قەڵای چەرمودا، لێیان هاتوونەتە دەست و سوپاکەیان، بەشڵەژاوی گێڕاوەتەوە. بۆیە، پێدەچێت، ئاشور، هێرشەکەی نەوەستێنێت و جارێکیتر بێنەوە. بۆ ئەمەش، داوای هاوکارییان کردبوو.

خۆسارۆس، هەر ئەودەمەی لەلایەن، شاهەنشاوە، لەگەڵ هۆشاری برایدا، ئازاد کرابوون، لەهاتنەوەی شاهەنشادا، پەیوەندیان بە سوپاوە کردبوو و خیرەس، وەك قارەمان و شارەزایەك، ببووە بەرپرسی قەڵای چەرموو و ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچەیەیان دابووە دەستی.

پەخشانپا، داوای کۆبوونەوەیەکی لە دەستەی پلەداران و پاڵەوانە ناودارەکانی سوپاکەی کرد، کە ووچانێك وەربگرن و کۆبوونەوەیەکی خێرا، ئەنجام بدەن. بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، ڕۆستەمیشی بانگهێشت کرد.

کۆبوونەوەکە، لەبناری کێوی بەمۆدا کرا. سەرلەشکر و ڕۆستەم و هەشت کەس، لە ژنە پاڵەوان و سەردەستە گرنگەکانی تێدابوو. بەکۆی دەنگ، بڕیاریاندا، ئاراستەکەیان بگۆڕن و بەرەو قەڵای چەرموو بەپەلە، بکەونە ڕێ و لەکەمترین ماوەدا، بگەنە جێ. تیمێکی چووارکەسیشیان بۆ ئیلام نارد، تاکو لەخواستی ئایندەی شاهەنشا، ئاگاداریان بکاتەوە.

سوپا، بەماوەی چەند ڕۆژێك، گەیشتنە قەڵای چەرموو. پاش پشوویەکی یەك ڕۆژە، تەواوی سوپاکەیان، لەهەموو دەستە و پارێزەرانی قەڵا و چەکدارانی ناوچەکە، یەك خست و ژمارەیان بووە دووهەزار سەرباز. بەمەش، دەیانتوانی، گورزێکی کاریگەر، لەسوپای ئاشوور، بوەشێنن.

ڕۆستەم، کەئەودەم، هێشتا دەرنەکەوتبوو و ناوبانگێکی وەهای نەبوو، پێشنیاریکرد، ئەو، بە دووسەد سەربازەوە بچێت و پەلاماریان بدات. پاشان، پەخشانپا، بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی، بگاتە جێ. ئەوانیش، هەموو بەم داواکارییە ڕازی بوون و ئەو، بە دووسەد سەربازەوە ڕۆی.

ڕۆستەم، بەخۆی و دووسەد سەربازەوە، لەقەڵا، دەرچوو و بەبانی سەرتەختدا، سەرکەوت و چوونە ناو ئەو گردۆڵکە و تەپە بچوکانەوە، کە دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی باش، بەچاوساخیی هۆشاری بەرپرسی هەواڵگری و ڕێگاوبان، بڕۆن و بەهیچ شێوەیەکیش هەست پێ نەکرێن. بەمەش، لە سوپای ئاشوور نزیك بۆوە کە لەدەروازە و دەربەندی شار، مۆڵگەیان دابوو و ژمارەیان نزیکەی دەهەزار کەسێك دەبوو.

سوپای ئاشوور، دەشت و دەری تەنی بوو. هەموو جێگایەکی دەربەندەکە و بەرەو خوار چەمێکی پڕ لەئاو، دەوار و خێوەتیان هەڵدابوو... لەناو دەربەندەکەدا، خێوەتێکی سپیی گەورە،

هەڵدرابوو. ڕۆستەم، لە هۆشاری پرسی، ئەو خێوەتە سپییە گەورەیە کێیە؟
هۆشار وتی" بەپێی زانیارییەکانمان، ئەوە سەرلەشکری ئاشوورە".
ڕۆستەم، بەووردی سەیرێکی کرد و ووتی" هەواڵ بنێرە بۆ پەخشانپا، جارێ نەیەن و نەجوڵێن. هەوڵ دەدەین، بەنهێنی بچینە ناو لەشکرەکەیانەوە و لەمەنزڵ و خێوەتی سەرلەشکرەکەیان نزیك بینەوە و پاشان بەهەر شێوەیەك بێت بچینە ناویەوە و ، بیڕفێنین".
ڕۆستەم، بەوردی، هەموو جێگاکانی سوپای پشکنی. لەماوەیەکی کەمدا، توانیی ڕێگای چوونە ناوەوە و هاتنە دەرەوە، دیاری بکات. پاشان، هەمووانی ئاگادار کردەوە و هەریەکە و ئەرکی خۆی پێ سپارد. هەڵبەتە، ئەو دەیزانی، کە ئەم کارە زۆر سەختە و تێپەڕبوونیش بەناو پەرژینێکی هەشت سەد کەسیی پاسەواندا و گەیشتن بە سەرلەشکری سوپای ئاشوور، هیلاکییەکی زۆری دەوێت و تاڕاددەیەکی باش، پەلامارێکی خۆکوژییە. بەڵام، دەکرێت، سەریان لێ بشێوێندرێت و کردەوەی ڕفاندنەکە ئاسان بکرێتەوە.
بەکورتی، نەخشەکەی وەها بوو، کە ئەو دووسەد سەربازە، دابەش بین بەسەر بیست دەستەدا. هەر دەستە و لەخاڵێکەوە، هێرش بەرن. بەمەش، سوپا، لەهەموو لایەکەوە پەلامار دەدرێن. خۆشی، کەلەگەڵ دە سەربازدا، بەنهێنی و بەبێ جەنگ و پەلامار، بەرەو قوڵایی سوپاکە بڕۆن کەلە دەربەندەکەدایە و بچنە ناو خێوەتی سەرلەشکرەوە و بیڕفێنن.
ئەوڕۆژە، هیچ کارێکیان نەکرد، تەنها ئەوەندە نەبێت، بەنهێنی خۆی و دوو کەسی تر، چوونە ناو سەربازگەکەوە و فەرمانداریێکیان ڕفاند.
فەرماندارەکە، لەترسی گیانی خۆی، کە هەڕەشەی کوشتن و پێست لێداماڵینیان لێ کردبوو، تەواوی نهێنیی ڕێکخراوەیی سوپاکەی بۆ ئاشکرا کردن. لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەشدا، کارەکەیان هێندەیتر، ئاسان بووەوە. پاش ئەوەش، فەرماندارەکەیان کوشت.
لەنیوەشەوێکدا، لەنۆزدە لاوە، پەلاماری سوپای ئاشوور درا. سوپا، بەهەرچووارلادا، کەوتنە هێرش و بەرەنگاربوونەوە. زۆرێك هەر لەخەودا کوژرا. کەس نەیدەزانی لەکوێوە بۆیان دێن و ئەمانە کێن!
ڕۆستەم، بەنهێنی، لە پایەگای سەرلەشکر و لەناو دەربەندەکە، نزیك بۆوە. ڕایەڵەیەکی سەرباز، وەك پەرژین، پاسەوانییان لەسەرلەشکرد دەکرد. زۆر وریا و ئاگادار بوون. هەموو، ڕمی درێژ و قەلغانیان بەدەستەوە بوو. بواریان بۆ مێشولەش نەهێشتبۆوە کەبەنێوانیاندا ڕەت بێت.
ڕۆستەم، فەرمانی بە نۆ سەربازەکەی هاوەڵی کرد، لەنۆ جێگاوە پەلاماریان بدەن. ئەوانیش، پەلاماریان دان و جەنگ، لەنێو هەناوی سوپادا، دەستی پێکرد.
ڕۆستەم، ئەوەی هاتە بەردەمی، بەشمشێرەکەی ملی پەڕاند. پاشان، بۆ درزێك دەگەڕا، لێوەی بچێتە ناوەوە. بەم چەشنە، بەردەوام دەجەنگا و بەردەوامیش، چاودێریی دەکرد. تاکو، کەلەبەرێکی بۆشی لەنێوانیاندا دۆزییەوە و بێچرپە، بەقەڵەمبازی خێرا، لەنێوانیانەوە ڕەت بوو و چووە بەردەم خێوەتەکە.
سەرلەشکر، کەئەو ئێوارەیە، تاکو درەنگانێ، مەی خواردبۆوە، لەخەوێکی زۆر قوڵدا بوو. ڕۆستەم، ئەو پاسەوانانەی کەژمارەیان دووانزە کەس بوون، زۆر بەئاسانی کوشتنی و چووە ژوورەوە و ڕاستەوخۆ، پەلاماری سەرلەشکری داو، خێرا، بێداری کردەوە و دەست

و دەم و قاچی بەست و دای بەچەکەی شانیدا و بەپەلە، لەخێوەتگەکە چووە دەرەوە و بەهەر شێوەیەك بوو، ڕزگاری بوو و چووەوە بۆ ئەو جێگایەی کە دەبوو لەوێ هەموو یەکبگرنەوە. لەوێ، زوڕنا گەورەکەی لەپشتی کردەوە و دەستیکرد بەلێدانی. سەربازەکانیش، ئەوانەی بەزیندوێتی مابوونەوە، بەپەلە، دەستیان لەجەنگ هەڵگرت و پاشەکشەیان کرد.

دەمەو بەیانی بوو، هەموویان گەیشتنە جێ. تەنها سێ کەسیان لێ کوژرابوو. ئەوانیتر، هەموو ساخ بوون. پاشان، دەستیان کرد بەجوڵە و پاش ماوەیەك لەسنوورەکانی سوپای ئاشوور دوور کەوتنەوە و بەرەو قەڵای چەرموو، بەخۆیان و سەرلەشکری سوپای ئاشوورەوە، گەڕانەوە.

پەخشانپا، لەسەرقەڵاوە، بە لێژایی بانەکەدا هەڵی دەڕوانی، سووارەکان، بەراییان دەرکەوت. هەرچەندە، پێشتر، تەتەرێك، لەڕیزی هەواڵگریی سوپادا، تەواوی دەنگوباسی ڕووداوەکەی بۆ هێنابوو، بەڵام، بەتامەزرۆییەوە، دەیویست، ڕۆستەمی پاڵەوان ببینێت کە سەرلەشکری سوپای ئاشووری بەدیلکراوی بۆ هێناوە.

ڕۆستەم و پاڵەوانە شەڕکەرەکان، گەیشتنە جێ و سەرلەشکری دیلیان، پێشکەش بە پەخشانپا کرد. ئەویش، ڕووی تێکرد و ووتی" تاتوانیتان، لێتان کوشتین و دیلتان کردین. تەواوی سامانی ئەم وڵاتەتان برد و برسیتان کردین. چەندین تەپ و گردۆڵکەتان بە کەللەی سەری خەڵکی ئەم وڵاتە دروست کرد. هیچتان نەهێشت. هەمووتان تەفروتوناکرد. تەنانەت، دەغڵ و دان و پاوەن و دارستانەکناتنان سوتاند. پێم بڵێ، چییتر ماوە بیکەن؟".

سەرلەشکردی دیل، لەترسان گیانی دەلەرزی، لەبەرپێیدا کەوت و داوای لێخۆشبوونیکرد. بەڵام، بێسوود بوو. چونکە، پەخشانپا، بڕیاریدا، لەدەروازەی قەڵا، بیکەن بەداردا.

ئەوڕۆژە، پەخشانپا، تەواوی فەرماندەکانی جەنگی کۆکردەوە و کۆبوونەوەیەکی پێکردن. سەبارەت بەهەنگاوی ئاینده، گفتوگۆیەکی چڕوپڕیان ئەنجام دا. لەکۆتاییدا، بڕیاریاندا، نامەیەك بۆ شاهەنشا بنوسن و داوای یارمەتیی لێ بکەن. ئەوانیش، هێرشی بەردەوامی کوتوپڕ، لەشێوەی گەریلاییدا، بکەنە سەر سوپای ئاشوور. چونکە، دەیانزانی کەبەهۆی ڕفاندنی سەرلەشکرەکەیانەوە، بێدەنگ نابن و هێرشی بەربڵاو دەست پێ دەکەن. بۆ وەستاندنیشیان، تاکە ڕێگا، تەنها خستنەناو تەڵەی سەربازی و فڕوفێڵکردنی جەنگی و پەلاماری بکوژە و بڕۆ و پاشەکشەیە.

شەوێ، پەخشانپا، نامەیەکی لە هەواڵگرەکانەوە بۆ هات کە سوپای ئاشوور دەستیکردووە بەجم وجۆڵ و خەریکە بەرەو قەڵای چەرموو، دێن. هەربۆیە، بەپەلە، سێسەد سەربازی تیر هاوێژی لەسوپای تاکمەمکان، ساز کرد و بەرەو ڕیزەکانی بەردەم ڕێگای ئاشووریاندا، وەدووای خۆی خستن.

دەمەو بەیانی بوو، هەمووان، ئەسپەکانیان لەدۆڵێکدا، بەکۆمەڵێك مەیتەری ئەسپ بەخشی و چەند پاسەوانێکیشی لەگەڵدا بەجێ هێشتن. پاشان، بەنهێنی، لە ئۆردووەکە نزیك بۆوە کە هەمووان، پێداویستییەکانیان ئامادە کردبوو بۆ ڕۆیشتن.

ئەمان، بەدووریی زیاتر لە هەزار هەنگاو، لەدۆڵ و شیوەکاندا، خۆیان مەڵاس دا. بەشێوەیەك، هیچ کەسێك نەیدەتوانی هەستیان پێ بکات. سوپای ئاشووریش، بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کە کوردەکان،

نەخشەی لێدە و بڕۆی جەنگی بەکار بهێنن کە لەتوانایاندا نەبوو. چونکە، پێیان وابوو، ئەوان ناتوانن لەناو ئەو دۆڵ و شیوەدا، لەدەستیان قوتاریان بێت.
یەکەم پۆلی سەربازانی ئاشوور، لە یەکەیەکی گالیسکەی جەنگیی مامناوەندی و یەکەیەکی تیروەشێن و یەکەیەکی ڕم بەدەست پێك هاتبوون.تەواوی سەربازەکان، شمشێریشیان بەستبوو.
پەخشانپا، هێزەکەی کەتەنها لە سێسەد کەس پێك هاتبوو، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دامەزراند و فەرمانی پێکردن" لەیەکەم نیشانەی مندا، دەست پێبکەن".
نەخشەکەی پەخشانپا، زۆر سادە بوو.... سوپاکە، بەلایاندا تێدەپەڕێت و ئەوانیش تیربارانیان دەکەن و هەڵدێن.
هەرسێ یەکەکەی ئاشوور، بەراییان گەیشت و دەنگیان نەکرد، تاکو هەندێکیان، لە حەشارگەکان، تێپەڕین، ڕاستەوخۆ، پەخشانپا، هەستایە سەرپێ و ئەوانیش، هەموو هەستانە سەرپێ و بەوریایی هەریەکە و تیرەکەی خۆی، بەبێ دەنگی هاویشت. پاشان تیری دووەم و پاشان سێیەم. تاکو سوپای ئاشوور، هاواریان لێ هەستا و بووە قاوقیژ.
ئەمانیش، بەبێ هیچ بەرپەرچ دانەوە و ئاوڕدانەوەیەك، بەڕاکردن، بەرەو ئەسپەکانیان، هەڵهاتن.
ئەو ڕۆژە، تاکو ئێوارە، بیست و یەك هێرشی لەو شێوەیەیان ئەنجام دا. شەویش، بەسکە خشکێ، لەسوپای ئاشوور نزیك بوونەوە و تیربارانیان کردن. بەمەش سوپای ئاشوور، زیاتر لە دوو هەزار سەربازی لێ کوژرا. بۆیە، بەناچاری، بەرەو دەربەندی ئارەبخا، پاشەکشەیان کرد.

لەماوەی ئەو چەند مانگەدا، وێڕای ئەوەی سوپایەکی پشتیوانیان لە ئیلامەوە بۆ هات و سوپایەکیش لە گۆلی ئورمێوە هات، بەڵام، جەنگ و پێکدادانەکان، بەهەمان شێوەی تیرباران و پەلاماری کوتوپڕ، بەردەوامیی هەبوو.
شاهەنشا، نامەیەکی بۆ پەخشانپا نارد و تێیدا نوسیبوو" ئێوە، سەربازەکانی ئەم وڵاتی ئاگر و ئاوە. لەهەرجێگەیەکدا، ستەمکارێکتان بینی، ببنە ئاگر و لەهەرجێگایەکیشدا، چەوساوەیەکتان بینی، ببنە ئاو".
تێیدا هاتبوو" بە ووتەی ترسهاوەر، فریو مەخۆن. چونکە، ترس، ژیانتان کاول و وێران دەکات و سەرتان لێ دەشێوێنێت. دووایە، ناتوانن بەرگری بکەن و بەناچاریش دەبێت خۆتان بدەنە دەست چارەنوسی شمشێر".
هاتبوو" من، هەنوکە، نامەکانی خوداتان بۆ دەنوسم، چونکە، ئێوە، بەشێکن لەو".
پەخشانپا، کەتا ئەودەمە، ڕستەگەلێکی وەهای بەرگوێ نەکەوتبوو، سەری سوڕ مابوو! چاوەکانی خستبووە سەر نامەکەی کەی خەسرەو کەلەپێستی ئاسکێکدا، نوسرابوو.. تێیدا هاتبوو" ئەوانەی بەربەستن لەبەرامبەر دادپەروەریدا و نەیارن بە جوانی و خۆشگوزەرانییەکانی سروشت، خواجەن لە کرداردا و ئاژەڵن لەبیرکردنەوەدا. بەڵام، ئێوە، کە کۆیلەبوون ڕەت دەکەنەوە، گوزارشت لەدۆخی مرۆڤبوونتان دەکەن.... ئەم باوەڕەتان بپارێزن، چونکە، بیربزوێنە، لەناو هاونیشتمانییەکانتاندا، بەچاوی ڕێزەوە تەماشاتان دەکرێت. ئاوەزبەخشە، هەژموونی دەرون و زۆرداری و تاریکی، لەناختاندا، دەسڕێتەوە. ووزە بەخشە، هێز، بەخۆتان و شمشێرەکانتان دەدات

تاکو لەبەرامبەر دوژمنێکی سەرسەختدا، بتانهێڵێتەوە و پەناتان بدات و سەرتان بخات. ئەمانەش، پەیامی ڕەوای مرۆڤگەلی سەر زەوییە".
کاتێك کە پەخشانپا، لەخوێندنەوەی نامەکە، بۆوە، خۆسارۆس، کەلەتەنیشتییەوە دانیشتبوو، پرسیاری کرد و ووتی" دەتوانم بپرسم کە ئایا ئەو نامەیە شتگەلێکی گرنگی تێدابوو؟ هی کێ بوو و کێ ناردبووی؟ ئایا، فەرمانێکی تێدایە بۆ ئێمە؟".
پەخشانپا، تەماشایەکی خۆسارۆسی کردو ووتی" ئەوە نامەکانی خودان".

پەخشانپا، نەوەی کەنارەکانی گۆلی چیچیست ( ورمێ) بوو. چیچیستیانە مامەڵەی دەکرد. کە مەنگ دەبوو، هەموو توڕەییەکەی وەك گۆلی چیچیست، کەلەکاتی باوبۆراندا، شەپۆلەکانی دەشاردەوە، ئاوا، هەڵچوونی خۆی دەخواردەوە و لەکاتی ئاساییشدا، دەبووە تەرازووی هۆشی خۆی و ژیرییەکانی دەکردنە نەخشەی هەنگاوەکانی داهاتوو. پێش هەر ئەرکێك، یان جێبەجێکردنی نەخشەی جەنگێك، بەتەنیا، ڕۆژێکی تەواو، دەچووە چۆڵێك و بیری دەکردەوە. هەر کاتێك، دەگەیشتە ڕێگاچارەیەکی باش، ئەودەم، دەگەڕایەوە. ئەو، هەرچی ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا تێدەپەڕی فەرامۆشی دەکرد و هەرگیز لەخەمی ڕابردوویدا نەبوو. بەڵکو، هەمیشە، بۆ هەڵهاتنی خۆر دەیڕوانی. پێی وابوو، ژیان، لەئێستا و داهاتوودایە. بەڵام، هێندە سەرسوڕهێنەر بوو کەلەهیچ شتێك و لەهیچ کەسێك، دڵنیا نەبوو و لەهەموو جوڵەیەك بەگومن بوو.

تەنانەت، جاری وا هەبوو، هەڵوێستەی لەسەر کردەوە و بیرکردنەوە و کارەکانی خۆشی دەکرد.
هێشتا، لەگەڵ، خۆسارۆسدا، لەژوورەکەیدا بوو، تەتەرێك، هاتە لای و پێی ڕاگەیاند" سوپایەکی دوو هەزار کەسی لە قەڵای نسیری چیای کینباوە، بەسەرۆکایەتیی ئامیخا، پاشای سیماش و کیماش، هەرئێستا، گەیشتوونەتە دەربەندی بابیت و بەرەو ئێرە بەڕێوەن.
ئەم هەواڵە، پەخشانپای شاد و دڵخۆش کرد. ڕاستەوخۆ هەستایە سەرپێ و بە خۆسارۆسی گوت" بەپەلە، دەستەیەك لەسوارچاکان، ئامادە و ساز بکە و با لەگەڵ ڕۆستەمدا، بەرەو پیریی بڕۆن و پێشوازیی لێبکەن".

سێ ڕۆژ بوو، هەواڵنێرێك، لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەستگیر کرابوو. لەناو قەڵای ئەرەبخادا، بەند کرابوو. دەستەیەك، لە قارەمانەکانی سوپای تاکمەمکەکان، بەسەرۆکایەتیی ڕۆستەم، بۆ ڕزگارکردنی، ڕێکخرابوون. بەڵام لەبەر ئەوەی ئامیخا، پاشای سیماش و کیماش، ڕایەکی پێچەوانەی هەبوو، وەستێنرابوون.
ئامیخا، دەیگوت" من، تێکەڵیی زۆرم لەگەڵ ئاشووریان هەبووە. لە تەواوی کون و کەلەبەری قەڵای ئارەبخا شارەزام. پێویستە، دۆستایەتیی من، لەگەڵ ئەواندا بۆ ئەم کارە بەکار بهێنین. چونکە، هەر کەسێک بچێتە ئەوێ، ڕزگاری نابێت و نەخشەکەش، شکست دەهێنێت".
ڕۆستەم، کەئەودەم هێشتا باوەڕی بە ئامیخا نەدەکرد و پێی وابوو کە کەسێکی بەرژەوەند خوازە، لەدانیشتنەکەدا ئامادەبوو و بەڕقەوە هەڵی دایە و ووتی" ئامیخا! ڕاستە تۆ پادشایت و سنورێکی

جوگرافیی فراوانت لەباپیرانی لۆلۆییەوە، بەدەست گەیشتووە. بەڵام، ئەم گوفتارانەت، جێگای باوەڕکردن نییە و پێم وایە، دەتەوێت بەخشکەیی و بەبێ بەربەست خۆت بگەیەنیتە ئاشورییەکان".

ئامیخا، بەم گفتوگۆیەی ڕۆستەم گەلێ پەست بوو و ووتی" گوێ ڕاگرە هەی پاڵەوانی نەزان. من، سەری خۆمم پێشکەش بە شاهەنشا کردووە. چۆن دەوێریت لەئاستی مندا گوتەی وەها ئابڕوبەر بەمن بلێیت؟".

ڕۆستەم، وەڵامی دایەوە و ووتی" من، هەر ئەوەندە دەزانم کە گومانەکەمم بەبێ دوودڵی پێڕاگەیاندیت. تۆش، دڵسۆزی و ئازایەتیی خۆت نیشان بدە".

ئامیخا، لەمەبەستی ڕۆستەم تێگەیشت. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی ناخیشی، پێی گوت" تەماشاکە و بڕوانە. بزانە چ نەخشەیەکی توندوتۆڵ نەك هەر بۆ ڕزگارکردنی هەواڵنێرێك ئامادە و ساز دەکەم. بەڵکو، قەڵا و شاری ئارابخای پێ دەخەینە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە و بۆ تاهەتایە، لەئاشورییەکانی دەستێنینەوە و تۆڵەی سەدان ساڵی کوشتن و بڕینەکانیانی لێ دەکەیەنەوە".

ئەم گوفتەی ئامیخا، هەمووانی توشی شۆك کرد. بۆیە، خۆسارۆس، بەسەرسوڕمانە پرسیی" چۆن نەخشەیەکت بۆ دەستبەسەراگرتنی ئارابخا هەیە؟ ئادەی بێژە. بزانین نەخشەکەت چییە و چۆنە؟".

ئامیخا، ووتی" من، پەیوەندیی توندوتۆڵم لەگەڵ ئاشووریان هەیە. ئەوان، متمانەی تەواویان بەمنە و تازە بەتازەش، پاشای ئاشووریان، نامەیەکی بەنهێنیی بۆ ناردووم و داوای هاوکاریم لێ دەکات. بۆیە، پێم باشە، من بەسوپاکەمەوەو لەژێر ناوی یارمەتیدا، بچمە ئارابخا".

خۆسارۆس و ڕۆستەم و پەخشانپا، ئەم حیلەیەیان زۆر پێ باش بوو. بۆیە، بڕیاریاندا، بەپلانێکی تۆکمەوە نەخشەکە جێبەجێ بکەن و لەماوەیەکی کورتدا، دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرن کە بەبڕبڕەی پشتی ووڵاتی ئاشوور دادەنرا و گەورەترین و پیرۆزترین پەرستگاش، هەر لەوێندەر بوو.

پەخشانپا، نامەیەکی بۆ شاهەنشا نوسی و لەتەواوی نەخشەی هێرشەکە و حیلە و فێڵە جەنگییەکان، ئاگاداری کردەوە. پاش ئەوەش، ئامیخا، بە دوو هەزار سەربازەوە، ڕووی کردە پارابخا. پاش گەیشتنیشی بۆ ئەوێ، بەتەرێکدا، نامەیەکی نهێنیی بۆ قەڵای چەرموو نارد و کاتی دەستپێکردنی هێرشەکەی تێدا دیاری کردبوو.

ڕۆیشتن و گەیشتن و ئامادەکارییەکان، دووانزە ڕۆژی تەواوی خایاند. هەر دووای ئەوە، ئۆردووی سەربازانی مید، بە سەدان گالیسکەی جەنگی و هەزاران سوواری تیروکەوان لەپشت و هەزاران پیادەی شمشێر و گورز و ڕم بەدەست، بەدووای نیوهەزار سووارەی سپی پۆشانی یەکەکانی تەکمەمکانەوە، بەرەو ئارابخا، کەوتنە ڕێ.

جەنگەکە، هەر وەك پلانی بۆدانرابوو، لەپێشدا، بەهێرشێکی سێ هەزار کەسی دەستیپێکرد و پاشان، هێرشی دووەم و سێیەم. لەناویشەوە، ئامیخا، گەرزی گورچکبڕی تێسرەواندن و لەماوەی دوو ڕۆژ، جەنگی دەستەویەخەی بەردەوامدا، شارەکە، بەتەواوی کەوتە دەست سوپای مید و دوژمن، بەپەلە پروسکێ، هەڵاتن و بۆی دەرچوون و ئەوناوەیان بەجێهێشت. بەمەش، یەکەم گەورەترین سەرکەوتنیان، لەبەرامبەر سوپای بێشوماری ئاشووریاندا، تۆمار کرد.

دەنگی دەهۆڵی سەرکەوتن و ژەنینی دەفی بەزەنگوڵ و گۆرانی و لاوکی سەربازانی سوپا سەرکەوتووەکە، ئەو دەشتە کاکی بەکاکی و پڕ لەداری زەیتون و داری خورمایەیان دەبڕی و ئەوەندەینەبرد، هەواڵەکە، گەیشتە بابل و لەوێوە، چووار هەزار سەربازی پەرداخ و پۆشتە، بە هەزاران حوشتر و هێستر و گای پڕ لەباری خواردەمەنییەوە، بۆ هاوکاریی سوپای مید، گەیشتنە جێ.
نامەکەی پەخشانپا، سەبارەت بە ڕزگارکردنی قەڵای ئارابخا، بەخێرایی گەیشتە دەستی شاهەنشا و ئەویش، کەهەواڵی سەرکەوتنی سوپاکەی خوێندەوە، بزە کەوتە سەرلێوی و لەخۆشیا، دەستەسرە ئاوریشمەکەی گیرفانی دەرهێنا و تاوێکی باش، لەگرمەی هەڵپەرکێی دا. هێندە دڵخۆش بوو، کە نەیدەزانی چی دەکات و چی دەڵێت. تا وای لێهات، شەکەت و ماندوو بوو و وازی لەبەزم و ڕەزمی ئاهەنگە تەنیاییەکەی هێنا.

شاهەنشا، هەر ئەودەم، کەلە کێوی قەندیلەوە بەرەو گۆلی ئورمێ دابەزی و یەکەم قەڵای گرت، کەوتە داوی خۆشەویستیی دولبەرێکی ئەو دەڤەرەوە و پێش ئەوەی سوپاکەی، بەرەو هێرشێکی تر، بجوڵێنێت، زەماوەندی هاوسەرگیری کرد و ئێستا، سێ منداڵی هەبوو. گەورەکەیان، کیژێکی شۆخی تەمەن ١٢ ساڵانی بەناوی ( هیمیتیس) بوو و ئەو، دووەکەی تریشی کوڕ بوون.
بانو خاتوون، شاژنی وڵاتی مید و کچی شوانکارەیەکی هۆرامی بوو. لەجوانیدا، بێنمونە و لەزیرەکیدا، بێوێنە و لەنازیشدا، هیچ یەکێك لەکچە عەیار و نازدارەکانی تەمەنی خۆی، بەتۆزی پێیدا ڕانەدەگەیشتن. دڵێکی گوڵ ئاسا، کەهێندە ناسك بوو، کاتێك گفتوگۆی دەکرد، وات هەست دەکرد، بەدەم قسەکردنەوە هەڵدەوەرێت. کەدەڕۆیشت، بەزەیی بە ( با) دا نەدەهاتەوە. ئەوەندە سپی بوو، خەڵك پێیان دەگوت" بەفر لەچاویدا ڕەشکەیە". هەندێك دەیانگوت" ئەوەندە سەرسوڕهێنەرە، ئەگەر دەستت بەری بکەوێت، دەتوێتەوە". هەندێکیتر، نازنانوی " گوڵی خودا" یان دەدایە پاڵ.
شوانکارە هۆرامییەکان، چیرۆکێکی سەمەرەیان بۆ هەڵبەستبوو، کە هیچ کە خۆشیان باوەڕیان پێی نەبوو، بەڵام، لەتەواوی کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا باسیان دەکرد و خۆیان پێوە بادەدا و لەناو خێڵەکانی تردا، خۆیان پێوە هەڵدەکێشا. ئەوان، دەیانگوت" کاتێك، کەیخەسرەو، لەقەندیلەوە، بەسوپایەکی سەدهەزار کەسییەوە، بەرەو گۆلی ورمێ، دابەزیوە، لەڕێگا، بایەك هەڵیکردووە و تەپوتۆزێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوە. ئیتر، هەر مەپرسە! دنیا، یەکپارچە بووە بە تەپوتۆز و تاریك بووە و چاو چاوی نەبینیوە. لەوکاتەدا، پەردەیەکی سپیی ئاوریشمی، لەئاسمانەوە دێتە خوارەوە و وەك پەردەکولە، دەئاڵێتە کەیخەسرەو و لەو ڕەشەبا و تەپوتۆزە نەگریسە ئەهریمەنییە دەیپارێزێت.، کاتێك، کە چاوی دەکاتەوە، دەبینێت، فریشتەیەك، بەپرچە زێڕینەکانی پەردەیەکی ئاوریشمینی سپیی بە پرچە سیحراوییەکانی خۆی بۆ کردووە. کەلێی دەپرسێت: تۆ کێیت؟ ئەویش دەڵێت: من، کچی بابایەکی هەورامیی شوانکارەم و نێوم، بانووە. ئیتر، عاشقی دەبێت و پاش سەرکەوتنەکەی لە قەڵای گۆلی ورمێ، دەستوور بەسوپاکەی دەدات و کێوماڵی بۆ دەکەن و لەئەنجامدا، لەبن ڕەشماڵێکدا، دەیدۆزنەوە و خوازبێنیی دەکات و دەیکاتە هاوژین و هاوسەری خۆی.

ئەوان، کەئەم سەرگوزشتە خەیاڵییەیان دەگێڕایەوە، دەمیان لەگەڵ بادەدا و دەستیان لەگەڵ هەڵدەسوڕان و دەموچاویان لەگەڵ تێك دەدا. وایان دەگێرایەوە کە بەرامبەریان دەخستە سەر دودڵی و وایان دەکرد، کە باوەڕیان پێ بهێنن.

چیرۆکی دیکەی زۆر سەیروسەمەرە، لەناو خەڵکدا، دەربارەی بانوو خاتوون، دەگێڕدرایەوە. چیرۆکێکی تر لەوانە، سوپاسالارەکان و پاڵەوانەکانی جەنگ، دروستیان کردبوو. ئەوان دەیانگوت" ئەودەمەی شاهەنشا، لەئەشکەوتەکەی قەندیلدا بووە، هەموو شەوێك، مارێکی سپی، کەتاجێکی گۆشتنی بەفرینی لەسەردا دەبێت، بەنهێنی، دەچێتە سەر جێگاکەی و لەخەو هەڵی دەستێنێت و پاش خۆی دەدات و دەیبات بۆ جەنگەڵێکی هەزار بەهەزار و لەوێ فێری تیرئەندازیی دەکات. شەوێکیان، شاهەنشا، داوای لێ دەکات، کەپێی بڵێت، ئەو کێیە؟ مارەکەش، دەڵێت، چاوت بنوقێنە. شاهەنشاش، چاوی دەنوقێنێت. کەدەیکاتەوە، دەبینێت کچێکی جەستە سپیی وەك بەفر، لەبەردەمیدا وەستاوە. خۆی پێ دەناسێنێت و دەڵێت، نێوم بانووە. ئیتر، کە شاهەنشا، هێرشی کردە سەر قەڵای ورمێ، ئەو مارە بەفرینە، نەخشەکەی بۆ کێشابوو، بۆیە سەرکەوتوو بوو. هەر کەلەجەنگەکەش بۆوە، یەکسەر هاوسەرگیریی لەگەڵ کرد".

دەستەی موگەکانیش، لەبەردەم ئاگردانەکانیاندا، بەخۆیان و بەرگە سپییەکانیانەوە، خوێندکارە زەردەشتییەکانیان بە چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانی دەربارەی بانوو خاتوون، گێژ کردبوو.

ئەوان، دەیانگوت" ئەوڕۆژەی کەیخەسرەو، لەدایك بوو، تیشکێك، لەئاسمانەوە و لەنێوان، خۆر و زەوییەوە و لەسەر ئەستێرەیەکی گەورەتر لەمانگ، نەیزەکێکی لێبۆتەوە و ڕاستەوخۆ ڕووی کردۆتە ئەو جێگایەی کە شاهەنشای لێ لەدایك دەبوو. لەکاتی لەدایکبووندا، نەیزەکەکە، کەلەئاسمانێکی دوورەوە هاتبوو، بەردەوام دەسوتا و بچوك دەبووەوە. تا گەیشتە لای ئەو، هێندەی دەنکە گەنمێکی لێهاتبووەوە. داوێتی بەزەویدا و پریشکێکی لێبەرز بووەتەوە و داوێتی لە دارگوڵەباخێك. دارگوڵەباخەکەش، بۆن و بەرامەیەکی زۆری لێ دروست بووە و یەکسەر بووە بە پەرییەك. پەرییەکە، هاتۆتە قسە و گوتویەتی، من، نێوم بانووە. دەچمە ناو هۆرامییە شوانکارەکان و چاوەڕوانی کەیخەسرەو دەبم تا پێدەگات و پاشان، هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکەم. ئیتر، کاتێك کەیخەسرەو، قەڵای گۆلی ورمێی ڕزگار کرد، یەکسەر، بانوو خاتوون، هاتووە بۆلای و بووەتە هاوسەری".

ناوبانگی جوانییەکەی بانوو خاتوون، بەیەك جار وولاتی پڕ کردبوو. لەدیوەخانی سەرەکخێڵ و پاشاکانی دوورە دەستیشدا، باسوخواسی لەسەر بوو. هەندێك لەوان، دەیانگوت" لەڕەچەڵەکی مرۆڤە پێشینەکانە. ئەوانەی، لەئەستێرەیەکی ترەوە هاتوونەتە سەر زەوی و مرۆڤیان فێری کشتوکاڵ و خانوبەرە و کۆشکی زەبەلاح و کەشتی و گالیسکە کردووە". هەندێکیشیان دەیانگوت" لەتۆوی خوداوەندە و لەگەڵ ڕەهێڵەی بەفرێکی زۆردا، ڕژاوەتە سەر زەوی و تاقگەیەك پێوەی دوگیان بووە و لەگەڵ لافاوێکدا، لەدایك بووە و لەلایەن شوانکارەیەکی هەورامییەوە، لەقەراخ چەم و بیشەیەك، لە داوێنی لەوەڕگایەکی کوێستاندا، دۆزراوەتەوە و گەورەکراوە".

ڕاوچێکانی وولات، بەزۆری دەیانگووت" بێچووی ئاسکێکی کێویی تەمەن سێسەد ساڵ بووە و لەلایەن شوانکارەیەکەوە ڕاوکراوە و پاشان فێری قسەکردنیان کردووە و گەورەکراوە".

دەستەی پێشبینیکەران و ئەستێرەناسەکان، چەندین بورجیان بۆ پێکهێنابوو. یەکێك لەبورجەکان، دەیبردەوە سەر مانگ و دەکیکرد بەکچی یەکێك لە ئەشکەوتە گەرم و ڕەقەکانی ئەوێ کە بەهۆی زریانی باوە، لەسەرمانگ هەڵکەندراوە و بەرەو زەویی سەوز، خلۆر بۆتەوە و لەسەر بەرزترین لوتکەی چیا، گیرساوەتەوە".

بورجێکیتر، کەلەلایەن ئەستێرەناسێکی تەمەن سەد ساڵەوە پێکهێنرابوو، دەیگوت" لەپژمینی پڵنگێکی ناوچە گەرمەکاندا، لەدایك بووە. نە کچ بووە و نەکوڕ. نۆسەد ساڵ تەمەنی هەبووە و پاشان، بەزویندوێتی، مۆمیا کراوە و لەناو کەشتییەکی گەورەدا پارێزراوە. لافاوێك، هەڵی کردووە و هەرچی مرۆڤی سەرزەوی هەیە، خنکاندوویەتی. تەنها ئەوانە ماونەتەوە کەلەناو کەشتییەکەدا بوون. تەنانەت، کەشتییەکە، ئەوەندە گەورە بووە، زۆربەی گیاندارە کێوی و ماڵییەکان، ڕویان تێکردووە و لەترسی لافاوەکە خۆیان تێدا شاردۆتەوە. لافاوەکە، پیرەکەشتیی هەڵگرتووە و بردوویەتی لەسەر لوتکەی چیای گوتی و لەتەنیشت قەڵای بەقردە، دایناوە. لەوێ، ئەم، زیندوو بۆتەوە و جارێکیتر، سێسەد ساڵیتر، ژیاوە. دووایە، بووەتە پەپولەیەك و لەناو باخچەیەکی پڕ لەگوڵی هەزار جۆر و ڕەنگاوڕەنگدا، بووە بە کچێکی چووار ساڵە و شوانێك، دۆزیویەتییەوە".

بەخت گرەوەکان، سەیری دەستی هەر کەسێکیان دەکرد، دەیانگوت" تۆ، بەخت یارت بووە. چونکە، دەچیتەوە سەر تارمایی بانوو خاتوون و ئەویش، کچی درەختە. لەناو زەبەن و لەبەردەم ئاگردا لەدایك بووە. هەرچی پشکۆیە، کوڕی ئەوە. ئاو، دایکێتی و خاك باوکێتی.

خۆریش، دەستەخوشکی لەپێشینەکانێتی. هیچ کەسێك ناتوانێت بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ بڕوانێتە چاوی چونکە یەکسەر گڕ دەگرێت و دەسوتێت".

پرد سازەکان، لەگەڵ ڕنین و تاشینی گابەردە زەبەلاح و گرنجاوییەکاندا، کەرەی تووەوەیان لە قوڵینگ و درەوشەکانیان هەڵدەساوی و دەیانگوت" ئەو، ژنە. کەواتە کچی بەردە. بەردیش، زادەی ئەڵماسە. ئەڵماسیش، دەزگیرانی بیابانە و پێشتر، لەناو ئەشکەوتدا، گەورەبووە. هەربۆیە، لەتوانایدایە بەر بەلافاو بگرێت و قوتی بدات".

سەپانەکان، داسەکانیان تیژ دەکرد و باوەشیان بە سواڵەی گەنمی ڕەشگوڵدا دەکرد و بەهۆرەوە دەیانچریکاند و دەیانگوت" کیژە کوردەکەی لەبن بایە، ماوەیەکە دەنگت نایە. تۆ خاتوونی هەموومانی، هێزی داس و بازومانی. گەر تۆ نەبیت باران نابێ، گوند و شار و قەڵا نابێ. خوا دەزانێت تۆ چەند نازداری، ئەم سواڵەیەم ئەکەم بەدیاری".

هەڵبەستخواهانی وولات، جوانترین پیاهەڵدانیان بۆ ڕێك دەخست و لەکۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، سێ هێندەی ڕاوچییەکی ئەوێ ڕۆژێ، دەستکەوتیان دەبوو.

شازادەکانی وولات، شارەوشار و لادێ بەلادێ، بەدووای کیژێکدا دەگەڕان، کە لەبەژن و باڵا و جوانیدا، بچێتەوە سەر ئەو.

چەندین کەس، لەخۆڕا، بەبێ ئەوەی بینیبێتیان، بوونە دێوانەی عاشق و بەرهەڵدای کێو و ناو ئەشکەوت و نزارەکان بوون و وون بوون و کەس نەیزانی چییان بەسەرهات!

بانو خاتوون، کەئەم هەواڵ و چیرۆکانەی دەبیست، بزە دەیگرت و هێندەیتر، خۆی ناسك دەکردەوە و کەمتریش خۆی نیشانی خەڵك دەدا. تەنانەت وایلێهاتبوو، خزمە نزیکەکانیشی، بەچەند ساڵ جارێك دەیانبینی. بەردەوام، خەریکی ڕاوکردن بوو. ڕقی لەدانیشتن و پان بوونەوەی ناو کۆشك بوو. ئەو، کەبە ئازادی و دەرودەشت و کێو و چەم و بیشە و نزار و جەنگەڵ ڕاهاتبوو، کۆشکی لێ ببوو بە زیندان. هەر هەلێکی بۆ ڕێك بکەوتایە، دەڕۆیشتە ڕاو و شکار و بەمانگ نەدەهاتەوە.

نزیکەی دە ساڵی ڕەبەق، تەواوی سوپای میدەکان، وەك بازنەیەکی پتەو، ئابڵوقەی ئاشوریان دابوو. ڕێگای نێوان، ئەربائیلۆ و نەینەوای پایتەخت، ماوەی دوو مانگ بوو گیرابوو. هیچ هاوکاری و یارمەتی و خواردن و هێزی پشتیوانی، نەدەگەیشتە سوپا ئابڵوقەدراوەکەی قەڵای ئەربائیلۆ.

هەرچەندە، خۆسارۆس، چەندین جار، بەووردی وێنەی قەڵای هەولێری بۆ شاهەنشا، کێشابوو، بەڵام، بیری چووبوو کە بڵێت، قەڵاکە، پێنج قاتە. قاتی یەکەم، پەیوەست بوو بە ژێر زەمینی ئاو و بەژێر زەویدا، ئاوەکە دەهات. قاتی دووەم، زیندان بوو و بە ژێرزەمینە ڕەشەکە ناسرابوو. قاتی سێیەم، عەمباری هەڵگرتنی دانەوێڵە بوو. قاتی سێیەم، تەواوی جل و بەرگ و کەرەستەی سەربازیی سوپا و خواردەمەنیی زیادەی تری تێدا هەڵدەگیرا. قاتی چووارەم، خەزێنە و ژووری تایبەتیی سەربازەکان بوو. قاتی پێنجەم، کە ڕوکەشی ناو تەختایی قەڵاکەی دەکرد، هەمووی بەجوانی دیار بوو. هەربۆیە، کاتێك، ئەو زانیارییانە، بەتەواوی پشتڕاست کرانەوە، نەخشەی هێرشکردنەکەی گۆڕی.

ئەوڕۆژە، شاهەنشا، بڕیاری هێرشکردنە سەر قەڵاکەی دەرکرد، نامەیەکیشی بۆ نەبوخەزنەسری پاشای بابل نارد و تێیدا، ئاگاداری کردبۆوە و نوسیبووی" پاش ئەربائیلۆ، نەینەوا دێت. تۆش، بۆ هاوکاریکردنمان، ئامادەبە و دووا جەنگی خۆمان، بۆ لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە دڵڕەش و مرۆڤ کوژانە دەکەین و سوێند دەخۆم، لەسەر زەوی، بۆ تاهەتایە، بیانسڕمەوە".

سوپا، نزیکەی پەنجا هەزار کەس دەبوون. سەدان مەنجەنیقیان پێ بوو. هەزاران سوارە و سەدان گالیسکەی جەنگیی جۆراوجۆر و

هەزاران پیادەی شمشێر بەدەست بوون. گالیسکەی وەها گەورەگەورەیان پێ بوو کە دە ئەسپ ڕایدەکێشا و سی سەرزای لەخۆ دەگرت. هەموو دەوری سەربازەکان، بەتەختەی ئەستوور دەورەدرابوون و تەنها جێگای تیرهاویشتنیان تێدا هێشتبوونەوە. تەواو لەماڵێکی تەختەی سەرگیراو دەچوو. هەر کە مرۆڤ دەیبینین، لەترسا، زەندەقی لێیان دەچوو. زۆربەی پاشاکانی وولات، لەوێ بوون. لەبەرەبەیانێکی زوودا، زوڕنا و دەهۆڵ و دەفی جەنگ لێدرا. کەیخەسرەوە، خۆی سەرکردایەتیی هێرشەکەی دەکرد. سەرەتا، ڕیزێك سەرباز، وەك دەستەی خۆبەختکارانی یەکەم، بازنەیەکیان بەدەوری قەڵادا بەست و قەلغانەکانیان کردە بەربەست، بۆ پارێزگاریکردن لە دەستەی دووەم. پاش ئەوە، هەزاران سەرباز، بەحەوت ڕیز، بەخۆیان و تیروکەوانەکانیانەوە، لەپشت قەلغان بەدەستەکانەوە، ئامادەی تیرهاویشتن بوون. دووای ئەوانیش، مەنجەنیقەکان، نزیك خرانەوە و بەتۆپەڵە سوتەمەنییەکانەوە، ئامادە و ساز کران. سوارەکانیش، لەنزیك ئەوانەوە، پورەی قەڵایان دا. کەیخەسرەویش، لەدووای سوپاکەیەوە، چاودێریی دەکرد و هەزاران سەربازی سوارە و پیادەی تر، لەپاشییەوە و لەو دەشتەدا، ڕیز ببوون و چاوەڕوانی دەستوورێك بوون کە هێرش بەرن.

قەڵا، تیرباران کرا. هەر لەگەڵ ئەوەدا، مەنجەنیقەکان خرانە کار و ناو قەڵا، یەکپارچە بوو بەئاگر و دەسوتا. شاهەنشا، دەستووریدا، هێرش بەرن و دەرگاکە بشکێنن. چونکە پێی وابوو، یەکەی قولاپ بەدەستەکان، ناتوانن گوریسە قولاپدارە ئاسنینەکان هەڵدەنە سەرەوە و زۆر بەرزە. بۆیە، تاکەڕێگای چوونە ژوورەوە، تەنها دەرگاکە بوو.

کۆمەڵێك سەرباز، پیرەدارێکی چەند سەد ساڵەیان لەسەر ڕەوڕەوەیەك دانابوو و پاڵیان دەنا. بردیانە نزیك دەرگاکە و بەهەموو هێزیان، پاڵیان پێوەدەنا و نوکەکەیان لەدەرگاکە دەدا. پاش نزیکەی دوو کاتژمێر جەنگی بەردەوام، دەرگای قەڵا شکێندرا و سەربازەکان، هێرشیان کردە ناوەوە. پاش جەنگێکی سەختی بەردەوام، لافاوی خوێن و ئاگر و دوکەڵ، قەڵای کردە کەلاوە. هەر لەگەڵ دەستبەسەرداگیرتنیشی، شاهەنشا، فەرمانیکرد، لەماوەیەکی کەمدا، قەڵاکە، وەك خۆی چاك بکەنەوە و لەجیاتیی پەرسگای عەشتار، ئاتەشگایەکی تێدا دروست بکەن.

گرتنی ئەربائیلۆ، گورزێکی گورچکبڕ بوو بەر ئاشوور کەوت. ئیتر، سنوری دەسەڵاتەکەیان هێند بچوك ببۆوە، تەنها لە نەینەوا و چەند شارێکیتردا، مابۆوە. سوپای شاهەنشاش، بەپەلە، پێشڕەویی کرد و لەنزیك پایتەختەکەیان، کەدووا جێگای مانەوەیان بوو، بارگەیان خست.

گورگەبۆر، بەخۆی و سوپایەکی تێکەڵ لە ژن و پیاوی پڕ چەکەوە، گەیشتە جێ. هەڵبەتە، کاتێك گورگەبۆر، سوپای تاکمەمکەکانی لە عیلام بینیبوو، هەر کەگەڕابۆوە، خێرا، فەرمانی کردبوو کەهەر کچێك، دەیەوێت ببێتە سەرباز، دەتوانێت بەشداریمان لەگەڵدا بکات و ئەو مافەی پێدەدرێت. نزیکەی هەزار کچی گەنج، پەیوەندییان کردبوو و چووبوونە ڕیزی سوپاکەیەوە. بەمەش، جوانترین و تۆکمەترین سوپای، لەسەردەمی خۆیدا و بۆ شانشینەکەی بەرهەم هانی بوو و لەلایەن دانیشتوانی قەڵەمڕەوەیەکەوە ستایشێکی زۆر کرابوو.

گورگەبۆر، لەبەردەم شاهەنشادا، کڕنۆشی برد و ووتی" سەروەر و قارەمانی ئەم نیشتمانە، شاهەنشای شاکانی هەموو جیهان. فەرمانم پێ بکە، بەخۆم گورگەکانەوە بچم و هێرش بکەمە سەر نەینەوا و وێرانی بکەم".
شاهەنشا، پێکەنی و ووتی" لەوەتەی ژنت لەڕیزی سوپاکەتدا ڕێکخستووە، لەجاران قارەمانتر و ئازاتر دەردەکەویت!".
گورگەبۆر، بەخۆشحاڵییەوە ووتی" شاهەنشا پایەدار بێت. ژنەکان، خێراتر و وریاترن. وێڕای ئەوەی چاپوك و دەستکەرەوەن، نەرم و نیانن. تەنانەت لەجەنگی ئارەبخادا، تەنها یەك دیلیشیان نەکوشت. ئەمەش نیشانەی بەزەیی و ناسکییانە لەبیرکردنەوەدا. تەنانەت، گومان لەهموو شتێك دەکەن. لە بنچکەلاشکەش بەگومانن. ئاوڕ لەسێبەری هاوڕێکانیشیان دەدەنەوە. چاوتیژ و بیرتیژن. ئەزموونی سەرپەرشتیکردنیان زۆرە. دەست بەخواردنەوە دەگرن و دڵسۆزن. لەوەتەی ئەوان، لەسوپاکەمدا، خۆیان ڕێکخستووە، دوو هێندە و نیو، بەهێزتر بووین".
پەخشانپا، هەڵیدایە و ووتی" ژن، ئافرێنەدەری گێتییە. چونکە ئێمە مێین. مێبوون، بۆ ئێمە، سەرفرازییە. هێز، لەمێوە دەستپێدەکات و بەمێش کۆتایی دێت. هەر سوپایەك ژن تێیدا دەستەباڵابێت، ئەوسوپایە، هەمیشە براوەیە. ئەوەتا ئێمە، زۆربەی سەرکەوتنەکانمان، هێزی ژن بەدەستی هێناوە. تەنانەت، دەتوانم سوێند بەئاهورا بخۆم، لەسەر دەستی ژن، شمشێرەکان تیژتر و تیرەکان خێراتر و هەنگاوەکان، توندتر دەبن.". پاشان، ڕووی کردە شاهەنشا و ووتی" دیدی خاوەنشکۆ لەبارەی ژنەوە چییە؟".
کەیخەسرەو، کە بەووردی گوێی لە گفتوگۆکان گرتبوو، وەڵامی دایەوە ووتی" ژن، سەرچاوەی سروشی خودایە. کانیی هێز و ڕەگی عیشق و بەیەکەوە ژیانە. ڕێبەری ناخی پیاوانە. جێگای ستایشکردنی منن. خۆ ئەگەر ئاهورا مەزدا، ڕێگای پێبدام، ئەوا، ژنم وەك خودای خۆم دەناسی".
هەمووان، واقیان وڕما. قسەکانی ئەوەندە کاریگەریی هەبوو، هەموویانی لەرزاند. ئاخر، ئەودەم، کێ دەیتوانی قسە لەڕووی خودادا بکات؟ بەڵام شاهەنشا، بیردۆزی تاکخودایی تێپەڕاند و ژنی وەك خودا پێناسەکرد. ئیدی، لەوڕۆژەوە، ژن، لەناو ئەو وڵاتە گەورەیەدا کە نەسەری هەبوو نە دامان، بووە جێگرەوەی خودا.
لەپاش گفتوگۆکان، شاهەنشا، کۆبوونەوەیەکی بەتەواوی شاکانی بەشداربووی جەنگ و دەستەی پیاوماقوڵان و سەرۆکی ڕایەڵە هەواڵگرییەکان و بەرپرسی تەواوی بەشەکانیتر کرد. پێی گوتن" دەزانم ئێوە، پێتان وایە سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێناوە. بەڵام، من پێم وانییە. چونکە، قوربانیمان داوە و هێشتا، سەری مارەکەمان بەدەستەوە نییە. جاتا پانکردنەوەی سەری مارەکە، نابێت خۆمان بەسەرکەوتوو بزانین".
پاشان ووتی" نەبوخەز نەسر، نامەیەکی بۆ ناردووم و تێیدا دەڵێت، دڵنیامان بکەنەوە کە هێرش ناکەنە سەر ئێمە. بۆیە، منیش بۆ دڵنیایی ئەوان، ( هەمیتیس) شازادەخاتوونی تاقانەی وڵات، بەمەرجێك، خۆی ڕازی بێت، دەبەخشمە نەبوخەز نەسر. بۆیە، بچن شازادەم بۆ بهێنن تاکو پرس و ڕای پێ بکەم و نامەیەکیش بنوسن و بینێرن بۆ بابل و ئەم پرسەیان پێ ڕابگەیەنن".

هیچ کەس، لەبەشداربووانی کۆبوونەوەکە، باوەڕی بەگوێکانی خۆی نەدەکرد کە شاهەنشا، شازادەخاتوونی تاقانەی وولآت، بداتە پاشای بابل. تەنانەت، کەس لەو باوەڕەشدا نەبوو کە شازادە هەمیتیس، بەوە ڕازی بێت. بۆیە، پێشنیاریانکرد، پێشتر بەشازادە بوترێت و ڕای ئەو وەربگیرێت ئینجا، وەڵام بەبابل بدرێت.
شاهەنشا، ناوچاوانی گرژ کردوو تورە بوو. لەچاوانیدا، ئاگری لێ دەبارەی... بەدەنگێکی بەرز پێی ووتن" ئێوە پێتان وایە، شازادە ناتوانێت ببێتە پێغەمبەری وولآتەکەی خۆی؟ ئەی ئێوە نازانن بابلییەکان لە بنەچەی ئێمەن و ئەوێش، نیشتمانی دایکمانە؟. یان ئێوە پێتان وایە، هەرئێستا، کیژێکی ناسك و نازداری وەك شازادە، بۆ مەرامی خۆم دەبەخشمە پاشایەك؟ هیچ کچێکی ئەم نیشتمانە، بۆ من جیاوازیی نییە. بەڵکو، با بێن و هەردوولا، بچنە ڕاوشکار و گەشتێکی یەك مانگی. تا ئەوکات، دەتوانن بڕیاری هاوسەرگیری بەبەڵێ یان بەنەخێر، بۆ هەمووومان بێننەوە. من، ڕێگری لەهیچ ئەگەرێکیان ناکەم و بڕیار لەلای خۆیان دەبێت".
ئەم قسانەی شاهەنشا، خەمی هەموولایەکی ڕەواندەوە. وەڵامیان بۆ هەردوولانارد، کەبەپەلە بگەنە دەشتی ئەربائیلۆ و پاش ماوەیەك هەردوولا گەیشتن و بەیەکەوە چوونە راوشکار و گەشتێکی یەکمانگە. لەهاتنەوەیاندا، وەڵامێکی ئەرێنیی پوختیان دایەوە. تاکە مەرجی شازادەش ئەوەبوو کە باخچەیەکی لەگڵی قەندیل، لەبابل بۆ دروست بکات و لەهەمووجیهاندا، باخچەیەکی ڕەنگین و سەرسوڕهێنەری لەو چەشنە بوونی نەبێت. نەبوخەزنەسری پاشای بابلیش، بەڵێنی پێدا و زەماوەندیان کرد.

ماوەی دوو ساڵ، بەسەر هاوسەرگیرییەکەی شازادە هەمیتیس و نەبوخەزنەسری پاشای بابلدا تێپەڕی بوو، کە باخچەکە، تەواو بوو. بەهێستر و گا و گالیسکەی بارهەڵگر و باری گوێدرێژ و بەپشتی ئەسپ، چیایەك لەخاکی قەندیل، گەیەندرایە بابل و باخچەیەکی نمونەیی پڕ لە هەزاران جۆری گوڵ و جۆگەی ئاو و مەلەوانگە و تاڤگەیەکی بچوك و سەدان جۆری باڵندە و درەختی هەمەجۆر، دروست کرا. کاتێك، کە شازادە، چووە ناوی، هێندەی تر، جوانتر دەینواند. ئەو، نەیدەتوانی لەژێر تیشکی بەتینی هەتاوی گەرمەسێندا خۆی بگرێت، بۆیە، درەختەکان، کەهەر بەزەلامی هەڵکەندرابوون و هێنرابوون و لەوێ ڕوێنرابوون، دەبوونە کەپرێك بۆی و لەو گەرما تیژە دڕکاوییە دەیپاراست. هەر ئەوڕۆژەی باخچەکەش بەفەرمی کرایەوە، شازادە، بووە شاژنی وولآت و تاجی شاهانەی نرایە سەر. بەمەش، بابل، لەگەڵ وولآتی میدیادا، یەکیان گرت و بەیەکجاری بوو بەشێك لەوولآتەکەی کەیخەسرەو و دە هەزار سەربازی پڕچەك و تفاقی جەنگی، هاتنە ڕیزی سوپای کەیخەسرەوە و لای باشوور و ڕۆژئاوای شاری نەینەوایان، تەنی و ئابڵوقەیان دا. ئەم یەکگرتنە، سەرەتای دەستپێکردنی کۆتاییهێنان، بە ئاشوور بوو. ئیتر، هیچ ڕێگایەك نەبوو، کە ئاشوور، بتوانێت خۆی پێ ڕزگار بکات. تەنها ئەوەندەیان پێکرا، شورای قەڵاکانی دەوروبەری شاری نەینەوا، پتەوتر و تۆکمەتر بکەن و سوپاکەیان، لەو ناوچە بچوکەدا، ڕێکبخەن و ئامادەی بەرگریکردن بن.

ئابڵوقەدانەکە، لەشەشەم ساڵیدابوو. هەوڵەکانی ساراك، کوڕی ئاشور پانیباڵ، کە ماوەیەك بوو، باوکی بەنەخۆشییەکی کوتوپڕ

مردبووە و ببووە پاشای ئاشوور، بۆ ڕێککەوتن، هیچ سودێکیان نەبوو. چونکە، شاهەنشا، سوێندی خواردبوو، کەناهێڵێت تۆویان لەسەر زەویدا بمێنێت.

شاهەنشا، دەستووری بە ڕاوێژکارەکانیدا، بۆ حەوتووی ئاینده، گردبوونەوەیەك بە هەموو پادشایان و سەرۆکخێڵ و فەرماندەکان، ڕێکبخەن و پێشی ووتن" بە پەخشانپا بڵێن، نەخشەی جەنگەکە بکێشێت و بۆی بهێنێت".

ئەو ڕۆژەی گردبوونەوەکە بوو، شاهەنشا، یەك بەیەك لە ئامادبووانی ڕوانی و بەدەنگێکی بەرز، خۆشهاتنی هەمووانی کرد. هەمووان، لەبەردەمیدا کڕنۆشیان برد و ستایشیان کرد. پاش ئەوە، نەخشەیەك کەلەسەر پارچە قوماشێك کێشرابوو، بەدەستییەوە گرت و گووتی" پادشایان و سەرلەشکر و چاپوکانی ئەم وولاتە. خۆشهاتنتان دەکەم. ئێوە، کە خاوەنی ئەندێشەی چاك و ڕەوشتی ئاهوراییین، پێویستە، جیهان، لە نەزانی و لەچەوسانەوە ڕزگار بکەن. ئێوە، هێزی ئەم خاکەن. هێزی خودان. دەسەڵاتی ڕوناکین. شکۆی مێژووی هەزاران ساڵەی ئێمەن. بۆیە، جیهان چاوی تێبڕیون و لەچاوەڕوانیی بانگی سەرکەوتنندان. ئەوان، لەم ئەنگوستەچاوەی دێوزمەکانی ئاشووردا، بەحەسرەتەوە، چاوەڕوانی تەرز و سەمای تیشکی خۆرەتاوی ئەنجامی جەنگەکەتانە".

پاشان، ئیستێکی کرد و ووتی" هەرئێستا، سوپا ئامادە بکەن. لە شەش لاوە، پەلاماری تەربیس و شرگات بدەن. هەر پاش ئەوەش، بەبێ پشوودان، شاری کالخ، داگیر بکەن و گەورەقەڵای دووسەد ساڵەی شەلمانسەری سێیەم، لەو شارە، لەدەست ئەم قەرەجانە، وەرگرنەوە و تەواوی ئەو نوسراوانەی لەو خەزێنەیەدا هەیانە، دەستی بەسەردا بگرن و جێپێگەیان، بسڕنەوە".

پاشان ووتی" من، خۆم، ڕابەرایەتیتان دەکەم و لەپێشەوەی هەموو سەربازەکانەوە دەبم". ئیتر، بووە هاتوهاواری هوتاف کێشان و ستایشکردن.

لەدەرەوە، هەرکە سوپا و خەڵکەکە، بەبڕیارەکەیان زانی، کردیانە زرمەزرمی دەهۆڵ کوتان و دەف ژەنین و زوڕنالێدان و هەڵپەڕکێ.

سوپا، لە چووارسەد هەزار سەرباز پێك هاتبوو. بەسەر پێنج قۆڵدا، دابەش بوون. قۆڵی یەکەم، کە ژمارەیان سەد هەزار سەرباز بوو، بەسەرۆکایەتیی شاهەنشا، بەرەو شاری تەربیس، کەدەکەوتە سەر کەنارەکانی ڕوباری دوچڵە، بەڕێ کەوت و قۆڵی دووەم، کە پەخشانپا سەرۆکایەتیی دەکرد، ڕووی کردە شاری شرگات و قۆڵی سێیەم، کە ڕۆستەم، سەرۆکایەتیی دەکرد، بەرەو نێوان کالخ و شرگات جولا و قۆڵی چوارەم، سوپاکەی گورگەبۆر و پاشای ئیلام، لەئارابخاوە بەرەو قولاییی وولاتی ئاشوور، جولا و قۆڵی پێنجەم، کە سوپایەکی پەنجا هەزار کەسی بوو و خۆسارۆس، سەرۆکایەتیی دەکرد، بەرەو باکوری خۆرئاوا کشان و تەتەرێکیشی نارد، بۆلای پاشای بابل، نەبوپۆلاسەر، کە بە نزیکەی چل هەزار سەربازەوە، لەباشوورەوە، بەرەو نەینەوا دەست بکەن بەپێشڕەوی کردن.

شاهەنشا، لەپێش سوپایەکی سەد هەزارکەسییەوە، بەسەر ئەسپەکەیەوە و هەردوو پڵنگەکە، لەڕاست و چەپییەوە پێبەپێی ئەسپەکە دەجولان و شاهۆکەشی، ماوەیەك بەئاسماندا دەفرێ و ماوەیەکیش، لەسەر شانی دەنیشتەوە. وەك پاڵەوانێکی بێوێنە، لەناو زرێ شاهەنشاییە ئاڵتونییەکەیدا، بەرەو جەنگی یەکلایی کەرەوەی تەربیس، دەڕۆیشت.

لەپاش شاهەنشاوە، سەربازانی سوارە، لەسەدان ڕیزدا، بەدووی یەکتریدا، دەڕۆیشتن. شمشێر لەقەد و ڕم و نێزە بەدەست. هەر دەتگوت، زەوی لەژێرپێیاندا، وورد و خاش دەبێت و گڵ و بەردەکانی بەیەکەوە دەهاڕن، هێندەیان تەپ و تۆز، لێ بەرز دەبووە وە کە چاو چاوی نەدەبینی.

لەدووای ئەوانیشەوە، دەستەی کەوان بەدەستە تیرهاوێژەکان و لەدووای ئەوانیشەوە، هەزاران سەربازی پیادە، بەخۆیان و شمشێر و نێزەکانیانەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە، وەك شەپۆلی دەریا، بەرەو پێشەوە دەجولان. لەگەڵ هەر دەستە و تاقمێکدا، کۆمەڵێك دەهۆڵ کوت، دەهۆڵی جەنگ و پەلاماریان لێ دەدا و لەگەڵ ڕیتمی جوڵەی پێی سەربازەکاندا، دەبوونە یەك و لەگەڵ هاوار و نەعرەتەی سەرلەشکرەکاندا، کەبۆ بەرزکردنەوەی توانای جەنگی سەربازەکانیان، دەیانقیڕان، تێکەڵ دەبوون. زوڕنابەدەستەکانیش، ئاوازی جەنگی جوڵەیان، تێکەڵ بە دەنگی دەهۆڵەیان دەکرد و قریوەیان ئەو پێدەشتەیان، پڕ کردبوو. دەف بەدەستەکانیش، بەدەفەکانیان، کەدەوروبەر و قەراغەکانیان بە زەنگوڵ داڕشتبوو، بەکۆمەڵ، لەتەنیش دەهۆڵ کوتەکانەوە، ئاوازی هێرشی لەناکاوویان دەژەنی.

سوپا، دەمەو ئێوارێ، لە نزیك و دەوروبەری شاری تەربیس، مۆڵگەی خست و دەست کرا بە ئاگرکردنەوە و نانخواردن. پاش ئەوە، شاهەنشا، فەرمانیکرد و ووتی" با هەموو سوپا، پشوو بدەن و بنوون. تەنها پێنج هەزار سەربازێك نەبێت، بابچنە نزیك دیوارەکانی قەلای شار و بەردەوام، تیربارانیان بکەن و جار جارەش، مەنجەنیقەکان بخەنە گەڕ و تۆپ بارانیان بکەن. بەشێوەیەك بجەنگن، هەڵیان بخەڵتێنن بەوەی کە وا هەست بکرێت، کەهێرشێکی بەردەوامە و بۆ چوونە ناو شارەکەوەیە. هەزار سەربازیش، لەچواردەورمان، ئێشك بگرن".

ئەوشەوە، بێجگە لەو پێنج هەزار سەربازە، کەتاسبەینانێکی زوو، بەردەوام لەجەنگدابوون و سەدان سەربازی ئاشوریان کوشت و زۆرێك لەدیوارەکانی شورای شارەکەیان وێران کرد و ئاگریان لەزۆربەی ناوچە نزیکەکانی ئەودیو شورای شارەوە بەرداو جار جارەش هێرشیان دەکرد بۆ چوونە ناوەوە، ئەوانیتر، هەموویان تێر و پڕ نوستبوون و پشوویەکی باشیان دابوو. سوپای ئاشوورییەکانیش، تاسبەینانێ، بەبێ پشوودان و لەترسی هێرش و هاتنەناوەوەی سوپای مید، نەنوستبوون و بەبێ حەوانەوە مابوونەوە. هەموویان، ووڕ و گێژ و برسی و ماندوو. توانای بەرگریکردنیان نەمابوو.

شاهەنشا، لەگەڵ شەبەقداندا، فەرمانیکرد، دەهۆڵ و زوڕنای هێرشی سەرتاسەری، لێبدرێت و ئەو سەربازانەی کە شەو، نەنوستبوون، جا چ ئێشکگرەکان و چ ئەوانەی لەجەنگی هەڵخەڵەتاندنی ئاشوورییەکاندا بوون، بگەڕێندرێنەوە بۆ پشوو.

سوپا، دەستیکرد بەجوڵە و مەنجەنیقەکان، بەگالیسکەی زەبەلاح، کە شەش ئەسپ ڕایدەکێشان، کەوتنە پێشەوە. دەوروبەری شورای

شار تەنرا. جەنگ، بەزم و کوتی دەهۆڵ و زوڕنای دەنگ زیقن، دەستیپێکرد،. بەجارێك، هەزاران مەنجەنیق، تۆپەڵی ئاگری بۆ ناو شار هەڵدەدا. تیرهاوێژەکان، تیرەکانیان بەبەرزی و بەکەوانی دەهاویشتە ناو شارەوە. لەماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا، دەرگاکان شکێنران و سەربازەکان، ڕژانە ناو شارەکەوە و ئەوەی بەرگریی کرد، کوشتیان.

جەنگەکە، بەخێرایی کۆتایی پێهات و سەدان زیندانی و هەزاران کۆیلە، لەبندەستی ئاشوورییەکان ڕزگار کران. تاکە یەك سەربازی ئاشووری ڕزگاری نەبوو و هەمووانیان کوژران. پاش کۆتایی هێنان، کەهێشتا چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، شاهەنشا، فەرمانیکرد" پشوونەدەن و بەرەو شرگات، بۆ هاوکاریکردنی پەخشانپا، بکەونە ڕێ".

هێشتا، هیچ هەواڵێکی نەبوپۆڵاسەریان نەگەیشتبووێ کە پەخشانپا، گەیشتبووە شرگات و پەلاماری ئەو قەڵایەی دابوو کە دووەم گەورەشاری ئاشوورییەکان بوو و سەربازگە و گەنجینەی خۆراك و جبەخانەیەکی گەورەی لێ بوو.

پەخشانپا، سوپاکەی بەسەر سێ بەشدا دابەش کردبوو، پێش دەستپێکی پەلامارەکە، لەبەردەم هەموو سوپاکەدا گووتبووی" شمشێرەکانی ئێوە، زمانی ئایندەی مێژووە. چەند تیژتر و بەهێزتربێت، هێندە گرنگتر و بەناوبانگتر دەبێت. بۆیە، دەست لەهیچ مەپارێزن. لەسەر مێژوو، بیانسڕنەوە". پاش ئەوەش فەرمانیدابوو، مەنجەنیقەکان، یەکەم ڕەتڵی هێرشکردن بێت و دووابەدووای ئەوانیش، تیرهاوێژەکان و دەستەیەکی یەك هەزارکەسیشی بۆ شکاندنی دەرگای سەرەکی دانابوو.

دیوارەکان، کە بە خشتی قوڕین دروست کرابوون، هەرزوو تەقین و ڕوخان. تەواوی شار ئاگری تێبەر ببوو. سەربازانی میدی، لەماوەی نیوڕۆژدا، توانییان بچنە ناو شارەکەوە و هەرچی هەبوو کوژرا و تاکە یەك کەس، بەساخی دەربازی نەبوو.

کەهۆخشتەری شاهەنشا، گەیشت، جەنگ، دوو ڕۆژ بوو، تەواو ببوو. بۆیە، هەر پاش پشوویەکی کەم، فەرمانیدا، سوپا، بەرەو نەینەوا بجوڵێت. لەولاشەوە، ڕۆستەم، سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو و پاش بەرگرییەکی کەمی ئاشورییەکان، ئەویش شاری کالخی داگیر کردبوو و سەرجەم کەلوپەلەکانی ناو قەڵاکەی سوتاندبوو و خۆسارۆسیش، تەواوی گوند و ناوچەکانی باکوری خۆرئاوای ڕاماڵی بوو و گورگەبۆر و پاشای ئیلام، هەرچییەکیان هاتبووە بەردەم، دەستیان لێ نەپاراستبوو و هەموو، پاش دوو هەفتە، لەبەرامبەر نەینەوا و لەمبەر روباری دوجڵەوە، بەیەك گەیشتن.

سەرەتای، مانگی ڕەزبەری پایز بوو. سوپاکەی هۆخشتەر، لەدەوروبەری نەینەوای پایتەختی ئاشوور، مۆڵگەی دابوو. تەواوی بیرمەندان و سوپاسالارەکان و شالیاری پیری موغان و ئەوستێرەناسان و بەرپرسەکانی دەستەی هەواڵگری و نەخشەدانان، لەژێر چادرێکی گەورەدا، لەبەردەم شاهەنشادا، دانیشتبوون. شاهەنشا، سەیری هەموویانی کرد و گووتی" ئێمە، نەخشەکەی ( زاڵ) مان پێیە، کە چۆن بتوانین ڕێڕەوی ڕوباری دوجڵە، بەرەو نەینەوا بگۆڕین و پاش ئەوەی ئاوەکەمان ڕووتێکردە شارەکە، لافاو هەڵدەستێت و ئێمەش، هێرشی خۆمان دەست پێ دەکەین". پاش ئەو گوتەیەش، هەزاران سەرباز، بەرەو ڕوبارەکە ڕۆیشتن و پەڕینەوە و دەستیانکرد بەلێدانی چەند چاڵێکی گەورە، وەك ڕێڕە و شیو.. تاکو، ئاراستەی ئاوەکە، بەرەو نەینەوا، بگۆڕن.

شیوەکە، یەك مانگی تەواوی خایاند. ئیتر، هەر ئەوەندە مابوو، کە بەرەکەی دابڕمێنن و ئاو بەرەو ناو شار، بڕوات.

بەپێی نەخشەی جەنگەکە، دەبوو چاوەڕوان بکەن، تاکو بارانی پایز زۆردەبێت و لافاو هەڵدەستێت. ئینجا، بەربەستی بەردەم ئاوەکە، بتەقێنن و بەمەش، ئاوێکی زۆر ڕووی دەکردە نەینەواو و ئەوانیش لەپاش نیشتنەوەی لافاوەکە، هێرش بکەن.

ئەوساڵە، لەسەرەتای پایزدا، بارانێکی کەم باریبوو. کەش و هەوا، هێشتا بەتەواوی ساردی نەکردبوو. سوپا، جارجارە، هێرشێکی چەند هەزارکەسییان دەکردە سەر نەینەوا و پاشان دەگەڕانەوە. تا ڕۆژێك، هەورێکی تەڵخی ڕەش، کەوەك دەموچاوی ( ئەنگرامایناۆ) دەچوو و لەگەڵ خۆیدا، تورەیی هێنابێت، بەری ئاسمانی گرت و کردییە ناڵەناڵ و گرمەگرم و یەکپارچە ئاسمانی کردە چەخماخە. تەنانەت، ئەستێرەناسەکان، پێیان وابوو کە ئاسمان تورە بووە و ئێستا نا ساتێکیتر، تەواوی جیهان دەکاتە کێوی زوخاڵ و زیندەوەر بەساخی دەرناچێت.

شەست و ڕەهێڵەی باران دایکرد و نزیکەی یەك حەوتوو، لەسەر یەك خۆشی نەکردەوە. لافاو هەستا و یەکپارچە ڕوبارەکە قوڕاوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و لەئاستی خۆی، زیاتر بەرز ببووەوە و هەرچییەك دەهاتە پێشدەمی، ڕایدەماڵی. بەمەش، کەلەبەرەکان شکان و لافاو، ڕوویکردە نەینەوا.

هەر لەچاوتروکانێکدا، شار وەك بەربەستێك، بە شوورا قوڕینەکانی دەوروبەرییەوە، پێدەشتی ئەوناوەی کردە بەنداوێکی قوڕاو. بەڵام، زۆری نەبرد و شوورای خشتەسوور، ڕوخاو ئاو بەنێو شارێ وەربوو.

هەرچەندە، بناغەی دیوارەکانی شوورای شار، بە گابەردی گەورەی تاشراو و قسڵ دروست کرابوون و دەرگای ئاسنینی گەورە و زەبەلاحی هەبوو و لەسەر ئەو گابەرد و قسڵەشەوە، خشتی قوڕەسوورەی سورەوەکراو، دیوارەکانی پێهەڵچنرابوو، بەڵام لەژێر پەستانی ئەو ئاوەزۆرەدا، خۆی نەگرت و دیاوارەکان تەقیبوون. پێش ئەوەی لافاوەکەش ڕووبکاتە شارەکە، ساراك، پاشای ئاشوور، تەواوی گەنجینەی وڵاتەکەی و ژن و منداڵەکانی، بردبووە دوواقەڵای شارەکە. هەر لەگەڵ لافاوەکەش بەناو شاردا وەرکەوتبوو، زانیبووی کار لەکار ترازاوە، ڕاستەڕێ، ئاگری لەخۆی و هەموو ئەوانەی لەوێ ببوون و تەواوی گەنجینەکە بەردابوو و هەموویان، پاش چەند کاتژمێرێك، بوونە ڕەژوو و تێکەڵ بەلافاوەکە بوون. ئیدی، هاونیشتمانییەکانی ئەو وڵاتەی ڕۆژگارێك، مەرەزەی بەختیان یەك

و سەد دەیبڕی، هەنوکە، بەبێ پاشا و بەبێ فەرمانڕەوا، چاوەڕوانی ئەوڕۆژە ڕەشانەبوون، کەهەرگیز بیریان لێ نەکردبووەوە.
لافاوەکە، لەپاش چەند ڕۆژێك نیشتەوە. ئینجا، شاهەنشا، کەیخەسرەو، فەرمانیکرد، ئاوەکە بگرنەوە و هێرش بەرن.
گرتنەوەی ئاوەکە، ئەوەندەی نەخایاند. بۆیە، هێرشەکە بەو بەلەمانە دەستیپێکرد کەپێشتر، بۆ ئەومەبەستە دروست کرابوو.
بەلەمەکان، بەباری پڕ لەسەربازی شمشێر بەدەست و کەوان لەملەوە، ڕوویان لەپیرەشار کرد. هەر ئەوەندەی گەیشتنە گوێی ووشکانیی سەر بەرزاییەکانی شار. بەجارێ، هەرچییەکیان دەست کەوت، وەك شۆڕەبی دایان پاچی. ئەوەی بەرگریی کرد کوژراو و ئەوەشی لەترسی لافاوەکە، هەڵهاتبوو، لەدەرەوەی شارەوە، مابۆوە و لەترسی گیانی خۆیان، ڕویانکردە پێدەشتەکانی خۆرئاوا.
پایتەختی هەزاران ساڵی ئاشووری، بۆ یەکەم جار، داگیرکرا و کەوتە بندەستی شاهەنشای وولاتی میدەوە و پاش دوو حەوتوو، شار، خەریك بوو لەئاوەکە خاڵی دەبۆوە. کەچی هێشتا، سەربازانی سوپای بابل نەگەیشتبوون.
وولات، ئەوڕۆژە، لەورچێکی خلیسکاوی ناو تاقگەیەکی هەزار بەهەزار دەچوو کە بەپەنجە چڕنوکاوییەکانی بۆ بنچکێك دەگەڕا تاکو دەستی لێگیر بکات و خۆی پێوە بگرێتەوە.
پشێوی و ترس و تۆقین لەمردن، بەڕەنگی خاکەکەشەوە دیار بوو. هەزاران سەربازی دیلی جەنگ، بەکۆمەڵ و لەسەر چۆك، لەبەردەم شاهەنشادا، سەریان لەزەوی کردبوو و نەیاندەزانی داهاتوویان مەرگ دەبێت یان بەخت یاوەریان دەبێت و ماوەیەکیتر دەژین.

دەستکەوتەکانی جەنگ، لەپاش روخانی ئیمبراتۆریەتێکی هەزار ساڵە، کەتەواوی مێژووەکەی لەسەر داگیرکردن و کوشتن و بڕین هەڵچنرابوو، هەنوکە، کەوتبوونە گیرفانی خاوەنی راستەقینەیانەوە. ڕەوە ئەسپی شاهانە و مێگەلی بێخاوەن و زەوی و زارێکی زۆری کشتوکاڵی و ئاڵتون و زیو و مس و خشڵی خۆڕازاندنەوە و کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگی ئاوریشمین و شمشێر و خەنجەری دەبان و گالیسکەی بەئاڵتون زاخاوکراو و زرێی پۆلاینی بەجێماو، کلاشەی دەکرد.
زریکە و هاواری هەزاران منداڵی بێدایك و باوك، گوێی ئامادەبووانی کەڕ دەکرد. تەنانەت، ئەو دەشتە کاکی بەکاکییە، لێوانلێو ببوو لە ژنانی کۆیلەی پیاوماقوڵان و دەسەڵاتدار و سوپاییەکانی ئاشوور و لەدووای خۆیان، بەجێیان هێشتبوو کەدەبوو، شاهەنشا، بڕیارێك لەبارەیانەوە دەر بکات.
بۆ لێپێچینەوە و ڕێکخستنی کاروبارەکانی دووای جەنگ، خۆسارۆس، لیژنەیەکی لە پسپۆڕان، بەسەرۆکایەتیی شالیاری پیری موغان، دیاریکرد و ئەوانیش، دەستبەجێ دەستیانکرد بە کۆبوونەوە.
کۆبوونەوەکە، دوو ڕۆژی خایاند. لەکۆتاییدا، گفتوگۆکان، کرانە قەواڵەیەك و درانە دەستی خۆسارۆس و ئەویش بردی بۆ شاهەنشا.
لەقەواڵەکەدا، پسپۆڕەکان، سەبارەت بە پرسی ژنە کۆیلەکان، داوایان لەشاهەنشا کردبوو، کەبەهۆی ئەوەی لەئەندێشەکانی ئێمەدا، کۆیلەمان نییە و ژن، وەك دەستکەوت هەژمار ناکرێت، بۆیە، پێویستە ئازاد بکرێن و وەك ژنانی ئازاد، مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.
بۆ شوێن و جێگەی نیشتەجێبوونیشیان، با خۆیان سەرپشك بن لە دەستنیشانکردنیدا و هەریەکە و بڕێك پارە و بەدووکەسیش

پارچەیەك زەویی كشتوكاڵییان پێبدرێت. دەستكەوتەكانیتر، پاش دیاریكردنی بڕەكەی شاهەنشا، هەندێكی بەسەر سوپادا دابەش بكرێت و ئەودووای، بنێردرێت بۆ هەژاران و ئەوانەی پێویستییان بەهاوكارییە.

لەقەواڵەكەدا، داوا لەشاهەنشا كرابوو، لەبەر ڕۆشنایی بنچینەكانی ڕاستی و مرۆڤ دۆستی، كەتێیدا، كوشتن و زیندانیكردنی دیلەكانی جەنگی ڕەت كردۆتەوە، بۆیە، پێویستە، سەربازە دیلەكانی سوپای ئاشوور، بەبێ هیچ مەرجێك، ئازاد بكرێن و مافی هاوڵاتیبوونیان پێڕەوا ببینرێت و بەهەر سێ كەس، پارچەیەك زەوییان پێبدرێت بۆ كشتوكاڵ كردن.

سەبارەت بە منداڵە بێباوك و دایكەكان، داوایان كردبوو، دایانگای تایبەتیان لە پەرستگاكاندا بۆ بكرێتەوە و ئەركی ژیانیان، تاكو تەمەنی شانزە ساڵی، كۆشكی شاهانە، بیگرێتە ئەستۆی خۆی و تەواوی تێچوونەكانیان بدات و فێری خوێندن و نوسین و پسپۆڕی و ئەندێشەی چاك بكرێن.

سەبارەت بەسنووری ووڵاتیش، داوا لە شاهەنشا كرابوو، پێویستە، بابل، ببێتە بەشێك لەووڵاتی مید و پاشاكەیان، بێتە ژێر ڕكێفی شاهەنشاوە و لەبەرامبەریشدا، زەوییەكانی باشووری شاری نەینەوای بدرێتێ. خۆ ئەگەر بەداواكەشیان قایل نەبوو. ئەوا، پێویستە، هێرش بكرێتە سەریان و بەدەردی ئاشووری بەرن.

شاهەنشا، پاش خوێندنەوەی قەواڵەكە، سەرێكی ڕاوەشاند و گوتی" ئێمە، بیركردنەوەمان بەئەندێشەی چاك زاخاو كراوە. بێجگە لە هێرش بۆ سەر بابل، بەهەمووی ڕازیم".

ئەو ڕۆژە، وەك ئەوەی شاهەنشا، سروشی بۆ هاتبێت، بە خۆسارۆسی گوت" بێجگە لەهێرشەكەی سەر بابل، هەمووی هەرئێستا جێبەجێ بكەن. بەپەلەش كۆمەڵێك، بەسەرۆكایەتیی ڕۆستەم و گورگەبۆر، بنێرە بۆ پێشوازیكردن لە پاشای بابل، چونكە دڵنیام ئەو ئێستا بەرەو ئێرە، بەڕێوەیە".

دیلكراوەكان، هەركە فەرمانی ئازادكردنیان خوێندرایەوە، یەكپارچە، لەخۆشیانا، شاگەشكەبوون. ئاخر، ئەوان، لەژیانیاندا، كاتێك هەر سەربازێكی میدییان گرتبێت، ڕاستەوخۆ، یان كوشتویانە، یان كردوویانە بەكۆیلە. تەنانەت، باوەڕیشیان بەگوێی خۆیان نەدەكرد. كە زانییان وەك مرۆڤێكی ئازاد، ڕێگایان پێدراوە، هەرچۆنێك دەیانەوێت بژین، دەتوانن هەڵیبژێرن. یەكپارچە بڕیاریاندا، ببنە سەربازی میدی و تا كۆتایی ژیانیان، جەنگ، لەپێناوی شاهەنشادا بكەن و هەموو، سوێندیان لەسەر ژیانی خۆیان خوارد.

ژنە كۆیلەكانیش، وەك ئەوەی لەسەربانێكەوە بیانخەنە خوارەوە، تاسابوون. لەخۆشیانا، دەگریان. باوەشیان بەیەكتریدا دەكرد و ستایشی پاشایان دەكرد.

لەو دەمەدا، نەبوپۆلاسەر، پاشای بابل، بەڕێنوێنیی ڕۆستەمی پاڵەوان و گورگەبۆر، بەخۆی و پەنجا هەزار سەربازەوە، گەیشتە بەردەم خێوەتگەكەی هۆخشتەر.

ئێوارێیەكی سارد بوو، هەواڵنێرەكان، نامەیەكی بەپەلەیان گەیاندە دەستی شاهەنشا، تێیدا نوسرابوو" ئاشوور ئۆبلات، سەرلەشكری ئاشوور، پاشایەتیی لە شاری حەڕان، ڕاگەیاندووە و سوپایەكی سەد

هەزارکەسیی لەدژی شاهەنشا کۆکردۆتەوە و خۆی بۆ پەلامارێك، ساز و ئامادە دەکات".

ئەم هەواڵە، جێگای سەرسوڕمان بوو. چونکە، هەمووان پێیان وابوو، هیچ کەسێك لەجەنگی نەینەوادا، دەربازی نەبووە. کەچی، وا ئێستاکانێ سوپای ئاشوور لە سەد هەزار سەربازدا، خۆی ڕێکخستۆتەوە و پاشای نوێشیان ڕاگەیاندووە. بۆیە، کەیخەسرەو، بەتەواوی توڕە بوو و فەرمانیکرد، بێجگە لەیەکە پەنجا هەزار کەسییە تایبەتییەکەی خۆم، تەواوی سوپا، لەماوەی یەك حەوتودا، خۆیان بۆ جەنگێکی یەکلاییکەرەوە، بۆ کۆتاییهێنانی یەکجارەکی ساز و ئامادە بکەن و بەسەرۆکایەتیی ڕۆستەم و بەهاوەڵێتیی نەبوپۆلاسەری پاشای بابل، بەرەو حەڕان بکەونە ڕێ و ئاشوور ئۆبلاّت، یان بەزیندوێتی یان بەمردوویی، بۆ بهێنن. پاش ئەوەش، بەپەخشانپای گوت" تۆ، بەخۆت و سووارە تایبەتییەکانی وورچەسپییەکانەوە، لەگەڵ من وەرە و دەگەڕێینەوە بۆ هەگبەتانەی پایتەخت".

هێشتا، شاهەنشا، دوو ڕۆژەڕێی مابوو تاکو بگاتەوە هەگبەتانە، تەتەرێك، گەیشت و نامەی سەرکەوتنی سوپاکەی لە حەڕان و کوشتنی ئاشوور ئۆبلاّتی تازەپاشای ئاشووری دایە دەستی کەیخەسرەو. ئەویش، نامەکەی کردەوە و تێیدا نوسرابوو:

" بەناوی مەزداوە

لەژێر ئەندێشەکانی بیری چاك و ڕەوشتی چاکدا، کۆتاییمان بە ڕەنج بردن و چەوسانەوە و ئازاری دوواسەرباز و هێزی ئاشووری هێنا.

ئێمە، لەدەوروبەری شاری حەڕان، سوپاکەمان کرد بە سێ بەشەوە. بەشێکیان بەسەرۆکایەتیی گورگەبۆر، ڕاستەوخۆ، لەلای باکوورەوە، پەلاماری شارەکەیداو، بەشێکی تریش، بەسەرۆکایەتیی پاشای بابل، نەبوپۆلاسەر، پەلاماری باشووریداو بەشەکەی تریش، بەسەرۆکایەتیی خۆم( ڕۆستەمی زاڵ) خزمەتکاری وولاّتی مید، پەلاماری دەروازەی ڕۆژهەلاّت و چەقی قورسایی سوپاکەی ئاشوورمدا.

هەرچەندە، ئاشوور ئۆبلاّت، دەیویست، بەفێڵێك، ئاشتیمان لەگەڵ بکات و هێرشەکەمان پێڕابگرێت، کەدەمانزانی بۆ ئەوەیە کە ماوەیەك بۆخۆی دەستەبەر بکات و لەپڕێکدا پەلامارمان بدات، بەلاّم، فەرمانمدا، گوێ بۆ داواکارییەکەی نەگرین و بەردەوام بن لەپەلاماردا و ئەوەبوو، لەماوەی دوو ڕۆژدا، شارەکەمان داگیر کرد و سەری ئاشوور ئۆبلاّتم بەدەستی خۆم پەڕاند.

سەرجەم ژنە کۆیلەکان و دیلەکانمان ئازاد کرد و ئێستاش، شار خامۆش و سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی وولاّتین. بەم زووانەش، پاشایەکی بۆ دیاری دەکەین و بە خاوەنشکۆی پێشکەش دەکەین.

ستایش بۆ ئاهورا

تەمەندرێژی و تەندروستی باش بۆ خاوەنشکۆ دەخوازین

ڕۆستەمی زاڵ"

ووڵات، سنوورەکانی زیاتر ببوون. جەنگ کۆتایی پێهاتبوو. خەڵك، بەبێ کێشە، لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا دەژیان. زەویوزاری کشتوکاڵی، فراوان و زۆرتر ببوون. خەڵك، بەسەر هەرزانیدا کەوتبوون. ژیان، ئاسان ببوو. نەخۆشییە درمەکان کەم ببوونەوە. سەرماوسۆڵەی زستانێ، خەریك دەبوو ئاوا دەبوو و نەورۆزی گڕ و ئاگر، نزیك ببووەوە. سوپا، پشوویەکی دوور و درێژی وەرگرتبوو و چووبوونە قۆناغی مەشقی بەردەوامەوە. کارگە و کورەی ئاسنگەران، لەبەر کڕیارانی چەك و تفاقی جەنگی و ڕاوشکار و کەرەستەکانی کشتوکاڵ، جمەی دەهات. کەس ئاگای لەکەس نەمابوو. لەبەر سەرقاڵیی زۆریان بەکارکردن و خۆدەوڵەمەندکردنەوە، نەدەپرژانە سەر هیچ شتێك. مەڕگەلی ئەو ساڵ، زۆربەی دووانەی ببوو. شیر وماست و پەنیر و ژاژك و کەرەو ڕۆن، بازاڕەکانی تەنی بوو. گۆشت، لە نان هەرزانتر ببوو. جل و بەرگی ئاوریشمین، ببووە کاڵای هەرە هەژارترین دانیشتوانی ووڵات. هەمووان، دڵخۆش و دەم بەپێکەنین بوون. شەوانە، لەهەموو گوند و کۆڵانەکانی شار و ناو قەڵاو بازاڕەکاندا، شایی و دەف ژەنین و هەڵپەڕکێ بوو. ئیتر، هەر مەپرسە برالە، ووڵات، ببووە بەهەشتی خوداوەند و هەمووان ببوونە پەرییەکانی ئەو سەرزەمینە ئەفسوناوییە.

پەخشانپا، کەتازە لەکۆشك هاتبووە دەرێ، لەنزیك شوورای کۆتایی شاری هەگبەتانە، لەسەر بەردێك دانیشت. پرچە درێژ و قاوەییە پڕەکەی، بەسەر شانی ڕاستیدا بەردابوونەوە و کراسێکی ئاودامانی سپیی لەبەربوو. بشتوێنێکی سپیی بەکەمەریدا و بەسێ گرێ، بەستبوو. ڕۆستەمیش، کەدەمێك بوو، تیری عیشق و خۆشەویستیی پەخشانپا، جەرگ و هەناوی بریندار کردبوو، بەهێواشی چووە لای و ڕێز و ستایشی، وەك پاڵەوانێکی جەنگ، پێشکەش کرد. ئەویش، بەلاچاوێك تەماشایەکی پڕ پرسیاری کرد و ووتی" سەیر ئەوەیە پاڵەوانەکان، بێجگە لەشمشێرەکانی دەستیان، دۆستێکی تری ڕۆحییان نییە!".

ڕۆستەم، کە ناخی دەکوڵا و پێی وابوو، ئێستا نا تاوێکیتر، گڕی تێبەر دەبێت، وەڵامی دایەوە و ووتی" پاڵەوان، دوو جەستەی هەیە. یەکێیان جەستەیەکی ماددی و ئەوی تریش جەستەیەکی هەستپێنەکراوە. یەکیان، لەبەرەکانی جەنگدایە و ئەوی تریشیان، لەقەفەسی عیشقدا، لەسزای چاوەڕوانیدایە".

پەخشانپا، کەدەمێ بوو دەیزانی ڕۆستەم، خۆشی دەوێت، ووتی" تۆ، پاڵەوانێکی دڵڕەقیت. بەنوکی شمشێرەکەتەوە، هەزاران کەللەسەری پێوەیە. ئەوەی منیش، هەزاران مولولەی خوێن. چۆن دەکرێت، عیشق لە خوێنەوە بزێ؟".

ڕۆستەم، کەئیتر حەوسەڵە و تاقەتی چاوەڕوانیی نەمابوو وەڵامی دایەوە و ووتی" ئەگەر خوێن بەعەشق و خۆشەویستی بگۆڕینەوە، ئەوا منداڵێکی لەخوداوەندی لێبووردن دەبێت. ئێمەش، دەتوانین بەخۆشەویستی و عەشق، قەرەبووی خوێن و ئازار بکەینەوە".

پەخشانپا ووتی" ئێمە، توندترین و دڕندەترین مرۆڤی ئەم زەوییەین. کە گیانی هەزاران کەسمان بە شمشێرەکانی دەستمان دەرهێناوە. چۆن دەتوانین عەشق و خۆشەویستی بەرهەم بهێنین؟ بۆچی تۆش پێت وایە، ئاشتی و بەیەکەوە ژیانێکی بێچەوسانەوە، بەنوکی شمشێرەوەیە؟".

ڕۆستەم دەستی بۆ مسکی شمشێرەکەی قەدی برد و ووتی" ئەوە هاوکێشەیەکی بێچارەسەرە. بیردۆزێکی نەگۆڕە. تا گەردوون

لەبۆشاییدا، بچەرخێت، هەر شمشێر دایکی ئاشتی دەبێت. ئەگەر نا، کە هێز بوونی نەبێت، ئەوا لاوازیش نییە. هەرچۆن ئەگەر جەنگ نەبێت، ئاشتیش نیە. بۆیە، تا ڕق و کینە و چەوسانەوە و ئازاردان، گەشەنەکەن، خۆشەویستی و عیشق و ئاشتی و خۆشگوزەرانی، نایەتە بوون".

پەخشانپا، لەسەر بەردەکە هەستا و ڕووی کردە ڕۆستەم و ووتی" دەزانم کە پاڵەوانەکانی ئەم سەردەمە، گرێدراوی ئەوانەی پێشوون و ئەوانەی ئایندەش، زادەی ئێمە دەبن. بەڵام، بۆچی ناکرێت ئیتر ئەو چەرخە بگۆڕێت؟".

ڕۆستەم، لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە و ووتی" هەر کاتێك خۆر، لەخۆرئاواوە هەڵبێت و لەڕۆژهەڵاتیشەوە ئاوابێت، ئەوا هاوکێشەکە دەگۆڕێت".

پەخشانپا پێکەنی و ووتی" پێم بڵێ، بۆچی هاتی بۆلام؟".

ڕۆستەم، هەندێك وەستا و پاشان ووتی" تۆ دەزانیت کە من تۆم خۆش دەوێت و عیشقێکی جاویدانیم بۆ ژیانێکی پێکەوەیی لەگەڵ تۆدا، لەناخمدا هەڵگرتووە. بۆیە هاتووم بۆلات، تاکو داوات لێ بکەم، هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت".

پەخشانپا، کەئیتر دەیزانی ڕۆستەم هاوشانییەتی و هاوسەرێکی باش دەبێت و بەدڵیش خۆشی دەوێت، وەڵامی دایەوە و ووتی" باشە ڕازیم. بەڵام بەومەرجەی لەمەیدانی جەنگێکدا، لێم بەریەوە".

ڕۆستەمیش، دەستبەجێ ڕازی بوو.

دوو ڕۆژ دووای ئەو بڕیارە، بەئامادەبوونی شاهەنشا و زیاتر لەسەدان پاڵەوان و پادشایان و ئەندامانی ئەنجومەنی موگان و نێردراوی ووڵاتانی دیکە، پاڵەوانبازیی نێوان ڕۆستەم و پەخشانپا، بە گورزوەشاندن دەستیپێکرد.

لەدەستپێکدا، هەردوولا، نەیاندەویست ئازار بەیەك بگەیەنن. تا ئەوکاتەی ڕۆستەم، دەیویست، بەهەر شێوەیەك بووبێت، دەبێت یارییەکە بەرێتەوە. بەڵام، پەخشانپا، بۆ ئەوەی لەشان و شەوکەت و توانای خۆی کەم نەبێتەوە، بەتوندی بەرەنگاری ڕۆستەم بووەوە.

پاڵەوانبازییەکە، نیوڕۆژی ڕێك بەردەوام بوو و هێشتا هەردوولا، لەوپەڕی توانا و تاقەتی خۆیاندا بوون.

لەنیوەی دووەمی ڕۆژی یەکەمدا، گورز، بۆ شمشێر گۆڕا. تا ئێوارێ درەنگ، هیچیان نەیانتوانی، لەوی تریان بەرێتەوە. بۆیە، پاڵەوانبازییەکە، بۆ ڕۆژی دوواتر دوواخرا.

ئەو پاڵەوانبازییە، وەك ئەوەی بەدەم باوە ڕۆیشتبێت، تەواوی ووڵاتی پڕ کرد. هەموو، باسی پاڵەوانێتییەکەیان دەکرد. هەندێك لایەنگری ڕۆستەم بوون و زۆرینەش، لایەنگری پەخشانپا بوون.

ڕۆژی دووەم، پاڵەوانبازی، بە ڕم، دەستیپێکرد. لەیەکەم، تاودا، ڕۆستەم، بەهەڵمەتێکی ڕمەکەی پەخشانپا پێکرا و قاچی، بەسەختی بریندار بوو. تەنانت، نوکی ڕمەکە، لەقولەپێی دا و دیوەودەر بوو. بەمەش، ئازارێکی زۆری پێگەیاند و ناو پێڵاوە چەرمینەکەی پڕ بوو لەخوێن. بەڵام، هێشتا، وەك ئەوە وابوو، کە هیچی لێ نەهاتبێت.

ڕۆستەم، کەزانیی پەخشانپا، ئامادەنییە خۆی بدات بەدەستەوە و لێبردنەوەشی، لەڕووی عیشق و خۆشەویستییەوە، ناتوانێت ڕازیی بکات. بۆیە، دەستیکرد بەهەڵمەتی کۆتایی.

لەنیوەی ڕۆژی دووەمدا، کەئەودەم، شمشێر لە پاڵەوانبازییەکەدا بەکار هات، ڕۆستەم، شمشێرێکی لەڕانی ڕاستی پەخشانپا چەقاند و

بەتەواوی لەکاری خست. بەڵام پەخشانپا، هەر بەردەوام بوو. پاش نیو کاتژمێر، پەخشانپا، بەحیلەیەکی سەربازی، شمشێرەکەی لەگەردنی ڕۆستەم گیرکرد و وەك براوەی ئەو پاڵەوانبازییە، بەهەموو هێزی لەهاواری سەرکەوتنیدا.
پاڵەوانبازییەکە تەواو بوو و هەردووکیان، لەژوورێکدا، تیمار کران و هەرلەوێش، بۆ پشوو، مانەوە. دووای سێ حەوتوو، کەتەندروستییان باشتر بوو، هەردوولا، بڕیاریاندا، هاوسەرگیری بکەن.
حەوت شەو و حەوت ڕۆژ، لەتەقەی دەهۆڵ و زوڕنایان داو ئاهەنگێکی بێوینەیان بۆ ئەو دووپاڵەوانە گێڕا. شاهەنشاش، دیارییەکەی گرنگی پێشکەش کردن و هەر یەکە و شمشێرێکی ئاڵتونی پێبەخشین و کۆشکێکیان لە بەردی مەڕمەڕ، لەناو قەڵای هەگبەتانە بۆ دروست کردن. تەواوی پێداویستییەکانی ژیانیان و دوو ئەسپی شاهانەیان، پێشکەش کردن.
سێ مانگ، بەسەر هاوسەرگیریی پەخشانپا و ڕۆستەمی زاڵدا تێپەڕی. شاهەنشا، ناردی بەدوویاندا و پێی گوتن، تەدارەکی ڕاوشکار، ئامادە بکەن و دەچینە ڕاو.
کەیخەسرەو، هەردوو شازادەی وولاتی ناردبووە لای سیسیانییەکان. بۆ ئەوەی فێری تیرهاویشتن و شمشێربازی و سوارچاکییان بکەن. ئەوان، سیسیانییەکان، باشترین سوارچاك و شمشێرباز و تیرهاوێژ بوون. هەربۆیە، دەبوو بۆ پەروەردەکردنیان، ئەوکارە بەوان بسپێرێت. ئەوانیش، تەواوی ئەزمونی خۆیان، خستبوە خزمەتیانەوە و بەچاکی فێریان دەکردن. سکاکییەکان، بەو هۆیەوە، کە تیربازێکی باش بوون، ڕاوچییەکی باشیش بوون و هەرگیز، لەهیچ ڕاوێکدا، بەبێ نێچیر نەگەڕابوونەوە. بۆیە، لەپەنای سەردانی شازادەکانەوە، شاهەنشا، دەیویست، میوانداریيەکی ئەم دوو پاڵەوانە تازە بوك و زاوایە بکات و لەناوچەی سیسیانییەکان، سەیرانێکی خۆشیان بۆ ڕێك بخات.
یەك حەوتوو، بەڕێگاوە بوون تاکو گەیشتنە ئەوێندەر. شازادەکان، بەگەیشتنی باوکیان، زۆر خۆشحاڵ بوون. ئاستیاگ، کەبراگەورە و کۆستیاگ، برابچوك بوو، تیرهاوێژی باش و سوارچاکی بێنمونە و خاوەن ئەزمونیان لێ دەرچووبوو. پێش ئەوەی کە بگەنە جێش، شاهەنشا، بەتەرێکدا، نامەی بۆ سیسیانییەکان ناربوو، تاکو نێچیرێکی باش، بۆ ئەم داوەتەی ڕاوبکەن. بەڵام، تەتەرەکە، لەڕێگا، مار پێوەی دابوو و نەگەیشتبوو. بۆیە، شاهەنشا، توڕەبوو و زۆری پێناخۆش بوو. ئەوانیش، سەریان داخست و کەوتنە خۆیان، تاکو بەزووترین کات، نێچیرێك بکوژن و بیهێنن بۆ شاهەنشا و میوانەکانی و شازادە کۆستیاگیش، دەگەڵیان کەوت. لەڕێگا، یەکێك لە ئامادەبووان کە ئامۆزای مەدیوسی سکتی بوو، کەهەر لەنەتەوەی سیسیانی بوو، لەگەڵیاندا بوو. بەهەلی زانی و دەستیکرد بە توڕەکردنی هاورێکانی و هانیدان کە تۆڵە لە کەیخەسرەو بکەنەوە.
ئەوان، دەترسان و نەیاندەوێرا گوێڕایەڵیی بکەن. بەڵام، ئەم، فرتوفێڵی زۆری بەکار هێنا و گۆمەکەی ناخیانی بە کوشتنی بەکۆمەڵی نەتەوە و قارەمانەکانی وولاتەکان، بەدەستی کەیخەسرە و هەڵیخەڵەتاندن و ئەوانیش، بڕیاریاندا، تۆڵە بکەنەوە.
ئامۆزاکەی مەدیوس، پێی ووتن، با ئەم کەیخەسرەوە نابووت بکەین و هەتکی بکەین. بەشێوەیەك، نەوە بۆ نەوەکەی خۆی بگێڕیتەوە.
ئەوانیش، ووتیان چۆن؟

ئەویش ووتی، کوڕەکەی ئەومان لەگەڵدایە. بابیکوژین و گۆشتەکەی وورد بکەین و بیبەینەوە و خوانێکی بەگۆشتی کوڕەکەی بۆ دروست بکەین. دووایەش، هەڵدێین و خۆمان دەشارینەوە.

هەموو، بەم پێشنیارە ڕازی بوون و کۆستیاگی لاویان گرت و سەریانبڕی و گۆشتەکەیان وورد کرد و لەگەڵ خۆیاندا بردیانەوە و بەبێ ئەوەی بهێڵن هیچ کەسێك هەست بکات، کردیانە خوانێك و پێشکەش بە شاهەنشا و میوانەکانیان کرد.

پاش نانخواردن، شاهەنشا، بە ئاستیاگی کوڕەگەورەی گووت: کۆستیاگ نابینم! لەکوێیە؟

ئاستیاگ و پاسەوانەکان و پاشان، هەمووان، دەستیانکرد بە گەڕان بەدووای کۆستیاگدا، بەڵام پەیدا نەبوو. تەنانەت، یەك کەسیش لە سیسیانییەکان، دیار نەبوون.

سێ ڕۆژ دووای ئەوە، نامەیەك بەشوانێکدا، گەیشتە دەستی شاهەنشا و ڕووداوی سەربڕینی کوڕەکەی و خواردنی گۆشتەکەیان تێدا نوسیبوو. ئیتر، شاهەنشا و هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، شێتگیر بوون. هەموو دەگریان و هاواریان دەکرد. لەخۆیان دەدا و خۆیان دەڕنی. سوپا، لەووڵاتێ وەر بوو و بەدووای تاوانبارەکاندا دەگەڕان. خەڵك، هەموو توڕەبوون و داوای تۆڵەسەندنەوەیان دەکرد. پاش شەش مانگی تەواویش، بۆیان دەرکەوت، کە هەموویان هەڵهاتوون و خۆیان گەیاندۆتە لای ئەلیاتس ی پاشای لیدی و لەوێ خۆیان قایم کردووە. بۆیە، کەیخەسرەو بەپەلە، نامەیەکی بۆ ئەلیاتس نوسی و ڕووداوەکەی تێدا باس کرد و داواشی لێکرد، کە ئەو تاوانبارانەی ڕادەست بکات.

وەڵامی نامەکە، پاش یەك مانگ و نیوی تەواو هاتەوە و پاشای لیدی، نوسیبووی کە ئەوانە، پەنایان بۆ ئەو هێناوە و ئامادە نییە، مل بەم داواکارییەی کەیخەسرەو بدات. بۆیە، شاهەنشا، فەرمانیکرد، تەواوی سوپا، بۆ جەنگی دژ بە ووڵاتی لیدی و پاشاکەیان، ئامادەبکەن.

دەبوو، بۆ گەیشت بەووڵاتی لیدی، بەسەر چەندین ووڵات و شانشینی گەورە و بچوکدا، بەتایبەت ووڵاتی ئورارتوودا، بڕۆن، بۆیە، کەیخەسرەو، نامەی ئاراستەی هەموو ئەو شانشینانە کرد، کە ڕێگای پێبدەن بۆ ئەو جەنگە و هاوکاریی ماڵی و سەربازیشی بکەن. بەڵام، ئەوان، هەموویان کە هاوپەیمانی پاشای لیدی بوون، ڕەتیانکردەوە. بۆیە، بەناچاری، شاهەنشا، بڕیاریدا، هەموو ئەو ووڵاتانە داگیر بکات و دووای ئەوەش ڕووبکاتە جێگای مەبەست.

سوپایەکی دووسەد هەزار کەسی، بەتەواوی پێداویستیەکانی جەنگەوە، کە شاهەنشا، خۆی سەرۆکایەتیی دەکرد، ڕوویکردە ووڵاتی لیدی. بەدرێژایی ئەو ماوە فراوانەی نێوان ووڵاتی مید و لیدی، سوپاکەی کەیخەسرەو هەرچییەکیان هاتە پێشدەم، ڕاپیانماڵی. ووڵاتی ئورارتوو و چەندین ووڵاتی تر و سەدان قەڵا و دەیان شار و هەزاران لادێیان داگیرکرد.

لەجەنگی ئورارتوودا، دەهەزار جەنگاوەری سوپاکەی کەیخەسرەو، کوژران و سەدانیتر، بریندار بوون. بەوەی کە قەڵاکان، لەسەر لوتکەی کێوەکان و بەجێگای عاسییەوە دروست کرابوون، گرتنیان زۆر زەحمەت بوو. بۆیە، کەیخەسرەو بیری لە شاخەوان و دارەوانە بەناوبانگەکان کردەوە و تیمێکی یەك هەزار کەسیی شاخەوانی بەخۆی و گوریس و تیروکەوانەکانیانەوە، پێکهێنا و ئەوانیش

بەلاپاڵی چیا و گابەرد و جێگا سەختەکاندا، سەردەکەوتن و دەچوونە ناو قەڵاکانەوە. بەمەش، توانیی جەنگەکە بەرێتەوە و ئەو وڵاتە، بەتەواوی داگیر بکات.
جەنگ، سێ ساڵی خایاندبوو، پاش داگیرکردنی چووار شاری گەورە و دەیان قەڵای پتەو و بەناوبانگی لیدی، ئنجا توانییان، بگەنە سەر ڕووباری هالیس کە نزیك لە پایتەختەکەیان بوو. لەوێ، بۆ یەکەم جار، سوپایەکی بێشوماری لیدی، لەقەڵای بەردین و قایمی بەحبوحە، بەرەنگاریان بوونەوە.
جەنگ، لەنێوان هەردوو سوپادا، دەستیپێکرد. هەزاران سەرباز، لەمەیدانی جەنگ و لەدەم ئەو ڕوبارە بەخوڕەدا، جێمابوو و بۆگەنی کردبوو. ڕەوەی باڵندە گۆشتخۆرەکان، دەشت و دەر و مەیدانی جەنگیان ڕەشپۆش کردبوو. لیدییەکان، زۆریان لێ کوژرابوو. تەنانەت، نیوەی نیشتمانەکەشیان لەدەست دابوو. بەڵام، هەر بەردەوام بوون لەبەرگیریکردن.
شەوێکیان، گورگەبۆر، چووە ناو ڕەشماڵەکەی پاشاوە و پاش کڕنۆش بردن و ستایش کردنی، گوتی" ئەگەر فەرمانم پێ بکەین، من و ڕۆستەمی پاڵەوان، بەسوپایەکی بیست هەزارکەسییەوە، بەنهێنی و بەچاوساخیی تیمە هەواڵگرییەکان، بەرەو قوڵایی ناوخاکی لیدی بڕۆین و لەپشتەوە، لەگەڵ هێرشێکی کتوپڕی سوپای سەرەکیدا و لەیەك کاتدا، هێرش بکەینە سەر سوپای دوژمن و تێکیان بشکێنین".
کەیخەسرەو ئەم تەگبیرەی زۆر پێ باش بوو و گوتی، کەواتە، با بیست هەزار کەسیتر، بەسەرۆکایەتیی پەخشانپا و خۆسارۆس، ئەوانیش، لە باشوورەوە، بەنهێنی بچن و لەو قۆڵەوە، پەلاماریان بدەن. بەڵام، پێویستە لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەکەدا، لەهەر لایەکەوە، چەند هەزار سەبازێك، پەلاماریان بدەن و وا تێبگەن کەهەر ئەوەندن. تاکو بەبێ کێشە، هەمووتان بگەنە جێگای مەبەست بەمەش، ئێمە، لەسێ قۆڵی جیاوازەوە پەلاماریان دەدەین".
پاشان ووتی" پێویستە، سوارەکانمان، هێرشی یەکەم بکەن و لەپێشیانەوە، تیرهاوێژ و تۆپەکان، بخەینە گەڕ و دووایەش، هێزی پیادە، هێرش بکات. لەودەمەدا، ئێوەش، دەست بەهێرش بکەن و سەریان لێبشێوێنن و هەموویان، بەیەك جار لەناوبەرن".
شەوی دوواتر، لەهەردوولای باکوور و باشوورەوە، سوپا، بەدووبەشی جیاواز، بەرەو قوڵایی خاکی دوژمن، دەستیکرد بەجوڵە و لەهەردوو لاکەشەوە، چەندین هەزار سەرباز، هێرشیان بۆ کردن.
لیدییەکان، کەپێیان وابوو، تەنها هەر ئەوەندەن، بەرەنگاریان بوونەوە و جەنگێکی خوێناوی، لەو شەوە تاریکەدا، ڕوویدا و سەدان سەرباز لەهەردوولا کوژران. ئەو جەنگە تاسبەینانێکی زوو، درێژەی کێشا. پاشان، سەربازانی مید، کەزانییان، فێڵەکەیان سەریگرتووە. دەستیان لەجەنگ هەڵگرت و کشانەوە.
ئەوڕۆژە، کەیخەسرەو، هەموو سەربازەکانی کۆکردەوە و بڕیاریدا، سەرەتای هاتنی شەو، هێرش دەستپێبکات. بۆیە، فەرمانیدا، بێجگە لەهەندێك سەربازی کەم، بۆ پاسەوانی و ئاگاداری و سێ هەزار سەربازیش، بەهێرشی تیر و تۆپ، دوژمن سەرقاڵ بکەن، ئەوانیتر، هەموویان پشوو بدەن و بنوون. تەتەر و هەواڵگرەکانیش، بەردەوام، زانیاریی هەرسێلاکەیان بەیەکتری دەگەیاند.
شەو داهات و لەسێ لاوە، هێرشکردن، بۆسەر سوپای لیدی، دەستیپێکرد. ئەوان، ماندوو و هیلاك بوون. هەرگیزیش لەوبڕوایەدا نەبوون، سوپای میدەکان، بتوانن دزەبکەنە ناو خاکەکەیانەوە و

لەدوواوەڕا، هێرشیان بکەنە سەر. بەتەواوی سەریان لێ شێوابوو. نەیاندەزانی بەرگری لەکام لا بکەن. هەرئەوەندەیان پێکرا، تاچەند بتوانن، سەربازەکانیان لەمەرگ ڕزگار بکەن و بەرەو قوڵایی وولاتەکەیان و بەرەو پایتەخت، هەڵبێن و پاشەکشە بکەن و قەڵای سەخت و بێوێنەی بەحبوحە، کەوتە دەست، سەربازانی میدی.

ئەم سەرکەوتنە مەزنە، بۆ کەیخەسرەو و سوپاکەی، زۆر گرنگ بوو. وورەی سوپا بەرز بۆوە و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای سەرکەوتن، لەهەموو لایەکەوە دەبیسترا.

ئەوڕۆژە، سوپا تێکشکاوەکەی لیدی، کەکوژراوێکی بێشوومار و دیلێکی زۆریان هەبوو. پەشۆکاو و داڕماو، لەناو دۆڵێکدا، بەسەرلێشێواوی، چاوەڕوانی ئەوە بوون، ئێستا نا ساتێکیتر، سوپای کەیخەسرەو دەگاتە سەریان و تاقیان بە سەلامەتی دەرناچن. لەپڕێکدا، ڕۆشنایی خۆر، هێواش هێواش، نەما و دنیا، بووە تاریکستان.

ئای ئەو ڕۆژە، چ کارەساتێك ڕوویدا! لەناو سەربازانی لیدیدا، هەندێك دەگریان. هەندێك، دەبوورانەوە و لەهۆشی خۆیان دەچوون. هەندێك، ئاویان دەکرد بەسەر گڵدا و دەیانکرد بەقوڕاو و دەیانگرتە سەری خۆیان. هەندێك، یەخەی خۆیان دادەڕی و لەشین و شەپۆڕی گریانێیان دەدا. هەندێك، دەستبەجێ خۆیان کوشت و هەمووشیان، شمشێر و تیروکەوانەکانیان فڕێدا و چاوەڕوانی مەرگی خۆیان بوون.

سوپاکەی کەیخەسرەویش، هەموو دەمیان داپچڕاندبوو و سەیری ئاسمانیان دەکرد. واق و وڕ وەستابوون و جوڵەیان نەدەکرد. مەشخەڵەکانیان پێکرد و دەستیانکرد بەپاڕانەوە و لالانەوە. شمشێرەکانیان فڕێداو داوای لێخۆشبوونیان لە خودا کرد.

هەر ئەوڕۆژە، پاش خۆرگیرانەکە، ئالیاتیس، تەتەرێکی نارده لای کەیخەسرەو و پێی ڕاگەیاند" خواندەکان، دژی ئەم جەنگەی من و تۆن. بۆیە، ڕۆشنایی لێبڕیین و ئامادەم، داواکارییەکەتان جێبەجێ بکەم. بەومەرجەی جەنگ ڕابگریت و کۆتایی بەم کوشتارە بهێنین".

کەیخەسرەو کەسەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنابوو، وەڵامی بۆ ناردەوە و پێی ووت" بێجگە لەوەی کە هەموو ئەو تاوانبارانەم ڕادەست دەکەیت. تاکو ئەم جێگایەی خۆمی لێدا وەستاوم، لەبەرامبەر ئەو خوێنەی کەلەبەر سەربازەکانم ڕۆیشتووە و لەبەرامبەر مەرگی ئەو هەزاران سەربازەی بەهۆی هەڵەی تۆوە گیان کردە قوربانی، دەبێتە وولاتی من. ئەگەرنا، لەسەر ئەم زەویی سەوزە، بۆ تاهەتایە، وەك ئاشوور، دەتسڕمەوە".

ئالیاتیس، کەدەیزانی کەیخەسرەو، لەوپەڕی بەهێزیدایە و ئەمیش چییتر ناتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە و خەڵك و نیشتمانەکەی لەدەست دەدات. بەدڵنیاییەوە ئەوەی کەدەیشیلێت، بەووردی ئەنجامی دەدات، ترسی لەبەر نیشت و بەبێ هیچ وەستانێك، بەداواکارییەکەی ڕازی بوو.

هەرچەندە، هێشتا، سوپا، بەخۆرگیرانەکە تاسابوو. بەڵام، ئەم ئاشتیکردنە، گوڕی پێدانە بەرخۆ و لەتەقەی دەهۆڵ و زوڕنایان دا و سەرکەوتنی ئێجگارییان بەسەر وولاتێکی زەبەلاحی وەکو لیدیدا، ڕاگەیاند. ئیتر، هیچ وولات و پاشانشینێك، بێجگە لە فیرعەونەکانی میسر، نەمابوو کە سەر بۆ کەیخەسرەو دانەنوێنێت. بۆ ئەوەش، نامەیەکی نارد بۆ میسر و داوای باج و خەراج و سەرانەی لێکردن.

کەیخەسرەو، فەرمانیکرد، قەڵای بەحبوحە، لەسەر ڕووباری هالیس، دەبێتە سنووری هەردوولا، بۆیە، قەڵاکە چاك بکەنەوە و

سەرکردەیەکی سەربازیی بە سوپایەکی تۆکمەوە لێ دابنێن و ئەودوواتان، بەرەو هەگبەتانە، دەست بکەن بەجوڵە.

ئاشتیکردنەکە، بە نێوانگیریی نەبوپۆلاسەری پاشای بابل و سیدنسی پاشای وولاتی کلیکییەوە، بەردەوامیی پێدرا و هەردوولا، لەسەر دەستی ئەو دووپاشایە، رێککەوتنێکیان ئیمزاکرد، کە تێیدا، سنووری وولاتی میدی تا رووباری هالیس، درێژ بووەوە و کچە شازادەی وولاتی لیدیش، کەناوی ئاریانیس بوو، درایە ئاستیاگی کوڕە تاقانەی کەیخەسرەو. تاوانبارە ڕادەستکراوەکانیش، لەڕۆژی زەماوەندی ئاستیاگ و ئاریانیسدا، لەبەردەم دەروازەی سەرەکیی هەگباتانەدا، بەدارێدا هەڵواسران و لەسێدارەدران.

کەیخەسرەو، شاهەنشای هەموو شاکانی جیهان، پاش یەك حەوتوو، لەزەماوەندی کوڕە تاقانەکەی، لەکاتێکدا، وەڵامی نامەکەی فیرعەونی دەخوێندەوە کەتێیدا، بەمەرجێك، هێرشی نەکرێتە سەر و وولاتەکەی داگیر نەکەن، ڕەزامەندیی دەربڕی بوو، بەپێدانی سەرانەی ساڵانە، بە شانشینی میدی، لەخەمی وولات و بیرکردنەوەی زۆر لەو هەموو قوربانییە زۆرەی سوپاکەی و خواردنی گۆشتی کوڕەکەی، لەپڕێکدا، لەژوورەکەی خۆیدا، دڵی وەستا و بۆ تاهەتایە، سەرزەمینی سەوزی بەجێهێشت.

کۆتایی....